هاوکاری
التعاون
رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یەلە (دار الجماهیر)ەوە دەرئەچێ
نرخی ۲۰ فلسە　　تلفون : ـ۶۹۷۲۱　　ژمارە : ۲۸　　سالی دووەم　　١٤ی ئابی ١٩٧١

سەرەك بەكر : عـــیراق پشتگیری شۆڕشی فەلەســتین ئەکات

رۆژی ٥ شەممەی رابردووسەرۆك كۆمار احمد حسن بكرلەكۆشكی كۆماردا پێشـوازی‌وەفدێـــكی رێكخـــراوی رزگاری خوازی فەلەستینی كردوەبە سەروکایەتی احمد مرعشل ئەندامی لیژنــــەی تەنفیزی‌رێكخـــراوی رزگاریخـــوازی فەلەستین ٠

لەکاتی چاوپێ‌کەوتنەکەشداسەرۆك بەكر بەوەفدەكـەی‌راگەیاندوە كەعیراق بەتەواوی‌لایەنگیری شۆڕشی فەلەستین ئەكات لەبەرەنگاری كـــردنی‌هـــەمو ئەو نەخشەو چارە سەركردنە خۆ بەدەستەوە دانانـەكە ئەیانــەوێ بزوتنــەوەی فیداكاران لەناوبەرن ٠ ئەمەش‌كاك مرعشل بە ئاژانســـی‌دەنگوباسی عیراقی راگەیاندوەدوای چاوپێ‌كەوتنی سـەرەك كومارو وتوشیەتی گفتوگۆكانمان‌سەركەوتو بووە دەربارەی ئەومەســەلانەی باسمان لێوە كرد٠ئەوەی شایانی باسیشــە لـە ٨ـ٨ـ١٩٧١ وەفـــدێـــكی‌رێكخراوی رزگاریخـــوازی‌فەلەستین بەسەردانێ هـــات‌بۆبەغدا بۆ تەواوكردنی ئــەو گفتو گۆیانەی كە لەمانـــگی‌رابردودا لەگەل حزبی بەعســی‌عەرەبی ســــوشیالیــــست‌كردبوویان ٠

ئا٠د٠ع

ماموستا یوسفی : قسەکانی جعفر نمیری زۆر لە راستیەوە دورن

سازمانی ئینقلابی حزبی تودە داوای بەردەوامی خەباتی چەکدارانە لەدژی رژیم دەکا

حکومەتی سوریا خەریکی بەربەست کردنی جوست و چالاکی فیداکارانی عەرەبە

ماموستا صالح یوســـفی وەزیری دەولەتو ئەنــدامی مەكتەبی ســیاسی پارتـــی دیموكراتی كوردســـتان لـە چاوپێكەوتنێكدا لەگــــەل نوێنەری رۆژنامەی ـ الثورە ـ وتویە قسەكانی جعفر نمیری دوای گەڕانەوەی بۆ ســـەر حوكم لە سودان ســـەبارەت عیراق دوورە لە راستیەوە

ئەوەی شایانی باسیشــــە ماوەیەك لەمەوبەر ماموســـتا یوسفی دەنوێنەری عـــیراق نامەیەكی سەرەك كـــوماری دابوو بـــە جعفر نمـــیری دەربارەی مەسەلەی فەلەستین‌و باری كەناری عەرەب ٠

جعفر نمیری دوای گەڕانەوەی بۆ سەر حوكم وتبوی گوایــە لەكاتـــی چاوپێ‌كەوتنـــی وەفدەكەی عیراقدا هێرشـــی كردۆتە ســـەر عـــیراق‌و بەگۆشەگیری داناوەو وتویــە كەس بڕوای پێ ئەماوە ٠

ماموستا یوسفی وتویە نمیری لەكاتی چاوپێكەوتنماندا وتی : حەق ئەبوو عیراق بەتەنهـــا وسیاسـەتی فردی خـــۆی جەبی دەربارەی مەســـەلەی فەلەستین‌و بەشدار نەبـــێ لەكۆنگرەی كۆبونەوەكـــانی وولاتانی عەرەبدا جونـــكە ئەمە ئەبێتە هۆی گوشەگیری‌و دووره پەرێـــز وەستانی‌و لەدوائیشـــدا ستایشـــی هەڵوێستەكەی عـــیراقی كردوە ٠

وەزیر ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكـــراتی كوردستان بەنمیری وتوە :

عیراق هەڵوێستێکی ئاشکراو پەوانی هەیـــە دەربـــارەی مەســــەلەی فەلەســـتین‌و بزوتنەوەی فیداكاران پێش‌و دوای بلاوكردنـــەوەی پرۆژەی روجرز ٠

ئەومش پێ راگەیاندرە كە لەكاتی كۆبونەوەیدا لەگـــەل سەرۆك سادات وتویەتی : گەلی كورد بەشێكە لەگـــەلی عیراقو هاوبەش چارەنوسی گەلی عەرەبـــی برایەتـــی‌و

هەموكاتێ بەشداری خۆشـــی‌و ناخۆشی ئەكات پێخۆشحالە لەیەكگرتنی هەردوو وڵاتاندا ٠ لەسەرێكی كەوە ماموســـتا یوسفی بەنمیری وتوە : عیراق ئاكە ولاتی عەرەبە كە بریارەكانی كۆنگرەی طرابلس رەچاو ئەكاتو سیاسـەتێكی ئاشكرای هەیەو ئەفەلاكـەی ئەم دوایشی بەشێكە لــەو سیاسەتە دروستو رەوایـــەی



سەرەك بەكر لــە كاتی پێشوازی كردنی وەفدی فەلەستیندا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش چەند بریارێکی گرنگ ئەدات

ئەنجومەنی ســەركردایەتی شۆڕش بریاری داوە كە اجازە بۆ ماوەی دوو سال بدات بـەو فەرمانبەرانەی كە خزمەتیان لە سێ سال كەمترنیەو لەخوێندنی بالای دانشـــگای بەغـــدا وەرئەگیرێـــن ٠ ئەمـــەش بریارەكەیە :

بریاری ژمارە (١٠٦٠)

ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش لە كۆبونەوەی بەرواری ٧ـ٨ـ١٩٧١ بریاری دا كە :

اجازە بۆ ماوەی دوو ســال بدرێ بەو فەرمانبەرانـــــەی لەخوێندنی بالای دانشـــگای بەغدا وەرئەگیرێن بەمەرجێ خزمەتیان لـە دایرەكـــانی دەولەتدا لە سێ سال كـەمتر نەبێ ٠

احمد حسن بكر
سەرۆكی
ئەنجومەنی سەركردایە شۆڕش

بریاری ژمارە (١٠٦٢)

ئەنجومەنی سەركردایەتـی شۆڕش لە كۆبونەوەی بەرواری ٧ـ٨ـ١٩٧١ بریاری‌دا بە :

١ ـ بەخشینی بالیۆراوانی رێكخراوە میللی‌و پیشەیەكـان لەمەرجی وەرگرتن (قبـول) لەو جێگایانەی كە لە دانشگای مستنصریە تەرخان‌كراوەو بەم جۆرە :

آ ـ یەكێتـــی ئشـــتمانی قوتابیانی عیراق ١٠٠ جێـــگا
ب ـ نەقابەی ماموستایان ٥٠ جێگا
ج ـ نەقابەی كشتوكالیــە تەكنیكیەكان ١٠ جێگا ٠
د ـ یەكێتی گشتی نەقابەی كریكاران ١٠ جێگا
هـ ـ یەكێتی گشـــتی كۆمەلەی جوتیاران ١٠ جێگا
و ـ یەكێتـــی گشـــتی ئافرەتانی عیراق ٥ جێگا
ز ـ نەقابەی فەرمانبەرانـی تەندروستی ٥ جێگا
ح ـ نەقابەی پیشەسازیە تەكنیكیەكان ١٠ جێگا

٢ ـ وەزیری فێركردنـــی بالاو لێكولینەوەی زانســـتی ئەركی جێ‌بەجێ كردنی ئـــەم بریارانەی پێ سپێرراوە ٠

احمد حسن بكر
سەرۆكی
ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش

شۆرشگیرانی ئەنگولا

شۆرشگێرەكانی ئەنـــگولا لەماوەی سێ مانگی لەمســـالدا توانیویانە ٣٣٥ سـەربـــازو ئەفسەری ئیمپریالیـــزمی پرتوگال بكوژن ٠ لە بەیاننامە ـ یەكدا كە بەرەی رزگاری خوازی ئەنگولا بێتری بلاوی كردۆتەوە ٠ ئەلێ : نزیكەی ٢٤٣ بەكری

گیراوی پورتگال برینـــدار كـــراونو شۆرشگیران ٣هەزارو

٣٠٠ پارچە چەكیان دەسكەوت بووە لەگەل ٣٥٠ كیلو مەوادی تەقەمەنی ٠

لەسەرێكی كەوە بەیاننامەكەی ئەنگولا ئەلێ : شۆرشگێران دلێرانە پەلامـــاری چەنـــد سەربازگەیەكی ئیمپریالیـزمی پرتوگالیان داوە لەناوچـــەی لوئەداو مالانگی‌و كوانـــدو كوێتی زیانێكی گەورەیـان لێ‌داوە ٠

زیاد بوونی ژمارەی راکردوان لــەریزی سوپای ئەمریکادا

لەم دواییانەدا راپورتێكی سوپایی لە واشنتون بـــلاو كرادەتەوەو ئەلێ : ژمـــارەی ئەو ســەربازانەی لەریـــزی سوپای ئەمریكا رائەكەن لەوە زیاترە كە لە جەنگی جیهـــانی دوەمدا رایان‌كردوە ٠

راپۆرتەكە نوسیویەتی : لە ١٠ی مانگی ئەمووزی ســـالی ١٩٧٠وە تاكو یەكی مایـــسی سالی ١٩٧١ نزیـــكەی ٦٨ هەزارو ٤٤٩ سەرباز لەریزی سوپای ئەمریكا رایان‌كردوە ٠

وەرادەی راكردوان لەخزمەتی سەربازی لەســـالی ١٩٦٨دا لەجەنگی كوریا هەر لەهـــەزار سەرباز ٥ر٢٢ سـەرباز بووەو لەئیســـتای رابردوەدا رادەی راكردووان لە سوپای ئەمریكا لە هەزار سەربازی ئەمریـــكا ٦١ر٦ سەربازبووە ٠

محاکمە کردنی عەلی صبری و تاقمەکەی

بێتری رۆژنامەی ـ ئەهرام ـی‌قاهرەی نوسیویەتی ئەلێ : لە ٢٥ی ئــەم مانگەدا محاكمەی‌ئەو سەد كەسە دەســـت پێ‌ئەكات كە تاوانبار كرابوون‌بەوەی گوایە ویستویانە رژێمی فەرمـــانرەوای مـــسر هەڵگێرنەوەو لەمانەش علی صبری‌و شعراوی جمعەو سامی‌شریف‌و لبیب شقیرو عبدالمحسن ابو النورو ضیاء الدین داودومحمد فائق‌و سـعد زایـد رۆژنامەكە وتویەتی : دكـتورمصطفی ابو زید ٠ داواكاری گشتی لە ٣١ی ئەم مانگـەدابریاری تاوانبار كردن ئاشكرا ئەكاو تاوانبارانیش كەئێستـا گوێزراونەتەوە بەندیخانـەی جەنگی ئاگادار ئەكـرێن ٠

ئەوەی شایانی باسیشـــە مەحكەمە،كە بە سەرۆكایـەتی حافظ بدوی‌و ئەندامێتی بدوی‌حمودەی سەرۆكی دادگـــای بالاو محمد حسن التهـــامی‌راوێژكاری سەرەك كـــۆمار ئەبێت ٠

بریـنی بانقێك لە ئەلمانیای فیدرالی دا

چەند كەسێكی چەكـــدار لەشاری هانوفەری ئەلمانیـــای فیدرالی دەستیان بەســــەر بانقێكدا گرتومو ئەوپارەیەی كەتێیدا بووەو نزیكـەی ١٨٠ هەزار فرەنك بووە بردوویانە ٠

ئەمەش شەشەم بانق برینە لەماوەی شەش رۆژاو رۆژنامەی فرانكفورت روندشاو لـــەم رووەوە نوسیویەتی ئـــەلێ :ـ تاوانو كوشتن‌و بـــرین‌و دزی لەئەلمانیای فیدرالی‌دا رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایـــە لەسەر شیوەی ئەمریكـــاو رەوشت‌و كرداری پالەوانـــی فیلمە پولیسیەكانی ئەمریـــكا كە لە جوری ژیانی ئەمریكاوە وەرگیراوە بەتەواوی لەئەلمانیادا رەچاو ئەكرێ ٠

یون : ئەدن ٠ ئا٠د٠ع

پرۆژەیەکی ئیسرائیلی بۆکردنەوەی نوکەندی سویس

رۆژنامەی ـ مەعاریف ـ ی سەهیۆنی نوسیویەتی كـــە ئیسرائیل پرۆژەیەكی لـــۆی پێشكەش بە جۆزیف سیسكوی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریكا كـــردوە لەكـــاتی سەردانەكەی ئەم دواییـەی ئیسرائیل‌دا بۆ كردنـــەوەی نوكەندی سویس ٠

رۆژنامەكـــە لەجەنـــد سەرچاوەیەكی دیپلۆماسیەوە زانیویەتی كە پرۆژەكە بریتیە لە دوو قۆناغ ٠ لە قۆناغـــی یەكەمدا ئیسرائیل هێزەكـانی لەبەرەی رۆژهەلاتی نوكـەندا ئەكێشێتەوە بـــۆ لـــەوەی رێـــگای میسر بـــدات نوكەند پاك بكاتـــەوەو ژیانی ئاسایی بگەڕێنەوە ناوچەكـەو قۆناغی دوەمیش چەند كیلۆ مەترێك هێزەكانی ئیسرائیل ئەكشێتەوە ـ مەعـــارف ـ وتویەتی : بەلام : رێگای ئاكە سەربازێكی میسر نادرێت كـــە لەنوكەند پەڕێتەوە ٠

لایەكی كەوە گۆڤار پارنـــك راوێژكاری دەولەتان لەدوائیكدا كەداویە بە نوێنەری رۆژنامەی ـ ها ئارتـــس‌ی سەهیونی وتویە : هیچ جیاوازیەك نیـــە لەنێـــوان ئەوەی ئەمریـــكا ناوبژی‌كار بێت یان نەتـــەوە یەكگرتوەكان‌و هیواشمان هەر ماوە كە مەسەلەكە چارەســـر بكرێ‌و میسریش بەراســـتی ئاشتی ئەوێ لەگەل ئیسرائیل‌دا بەمەرجێ خاكەكەی دەســـت كەوێتەوەو مەسەلەی فەلەستین مەسەلەیەكی گرنگ نیـە بەلای قاهرەوە ٠

ئا٠ز٠ف ٠ ئا٠د٠ع

بزووتنـــەوەیەکی شۆڕشگێرانە لـــە ئێــــران داوای بەردەوامی خـــەباتی چەکدارانە لەدژی شا ئەکات

رێكخراوی ستارەی سوورخ بە بۆنەی لەسێدارەدانی ژمارەیەك لە خەباتكێرانی ئـــیران بەیاننامەیەكی بلاوكردوتـــەوەتێیدا ئەلێ :

ستارەی سوورخ

قوتابیان ٠ روشـــنفكرانی خەباتكێر :

ماوەیەك لەمـــەوبەر ١٣ ئەندامی خەباتكێر لە سیاهكل‌و بلاهیجان‌و تاران لەســیدارە دران ٠٠ داموو دەزگای شـە باش دەزانێ كەمردنی ئەم رۆلانــــە ـ هەروەكو ژیانیان ـ هەرەشە لەچارەنوسی ئەكات ٠ ئەومش ئەزانێ كە خەباتی چەكدارانـــە دانەمركاوەتەوەو خەباتكێران بەبروایەكی پتەوترەوە دێنـــە كۆری تێكۆشانو دلێرانەتر روو بەرووی دەسەلاتداریتی شـــا دەوەستن كە ئەلقەلە گـــوێی ئیمپریالیـــزم ئەمریـــكاو بریتانیایە ٠

بزوتنەوەی سیاهـــــكل خۆشكەری خەباتی سەختـــی درێژخایەنمانە ، ئەو خەباتەی كە لەرێگای چەكەوە ئــــەبێ ناگاتە ئامانـــــج ٠ ئیمرۆش بەسەدان بازوو ئامادەیە كـــە لەگەلماندا دەست بداتە چەكو بێتە كۆری تێكۆشانەوە ٠٠

سەرنەكەوتنی بزوتنەوەی سیاهكل سەركەوتنی شا نـا بەخشێ بەلكو قۆناغو خالێكی گرنگە لە خەباتی گەلەكەماندا٠ هەروەكو ســـەرنەكەوتنـــی گیڤارای مەزن بالاترین قۆناغی خەباتی چەكدارانەی ئەمریكای لاتین بوو سەرنەكەوتنی فیدل لە مونیكا سەركەوتنی كوبـای لەدواوە بوو ئەوا سیاهـــكل مونیـــكای ئیرانــە لەگـەل جیاوازیەكدا ئەویش ئەوەیە كە خەباتـــی چەكـــدارانە لەئەمریكای لاتین‌دا گەرمـترو شارەزاو بەهێز ترە ٠

لافو گەزافو هەرەشەكانی شاو دەست‌و پێوەندەكـــانی تۆزقالێك لەبروای پۆلاینمـان كەم ناكاتەوە ٠ شۆرشگێرانی گەلەكانمان كاتێ كە پەلاماری مەلبەندێـــكی پولیسیان دا لەناوچەی قلهك‌و دەســـتیان گرت بەسەر چەك‌و ئازوقـــە كەیداو كوشتنی فارســـوی خوێنڕێژ سەرۆكی دادگـــای سوپا بەتەواوی ســــەلماندی كەتەنها خەباتی ســــەختی درێژخایەن ٠خەباتی چەكدارانە ناقە رێگایە زامنی سـەركەوتن ئەكات ٠

مردن بۆ ئەمریكاو بریتانیاو دەســـەلاتداریتی ئیـــرانی نۆكەریان ٠ سەركەوتوو بێ بزوتنـــەوەی شـــۆرشگێرانەی گەلانی ئیران ٠

وەفـــدێکی جەزائـیر سەر لەمۆسکۆ ئەدات

دوێنی شەو لە جەزائـــر بلاوكراوەتەوە كە وەفدێك بـە سەرۆكایەتی مولود قاسـم وەزیری دەولەت‌و راوێژكاری هەواری بومیدێنی سەرۆكـی جەزائر بەسـەردانێكی رەسمی رۆژی ٥ شەممە سەرلە یەكێتی سۆفیەت ئەدات ٠ بەلام باسی ناوەرۆكی ئەو گفتوگۆیــە نەكراوە كەوەفدی ناوبـراو لەگەل بەرپرسیارانی یەكێتی سوفیەتدا ئەیكات ٠

چوار هەواڵ

بۆتەفلیقە لەگەل سیهانوك كۆئەبێتەوە

● بێرێ ئەمیـــر نوردوم سیهانوك سەرۆكی دەولەتـــی كەمبۆدیاو عەبدولعـــەزیز بۆتەفلیقە لەپێونگ پایـــتەخت كوبونەتەوە ٠ ئاژانـــسی دەنگوباسی كوریای دیموكراتی كەئەم هەوالەی راگـــەیاندوە باسی ناوەرۆكی كۆبونەوەكەیانی نەكردوە ٠ ئەوەی شـــایانی باسیشە ئیستا بۆتەفلیقـــە ، وەزیری دەرەوەی جەزائـــر بەسەردانێك لەكۆریـــای دیموكراتیە ٠

گرتنی ٢٠٠ ئیرانی كە ویستویانە بەدزی بچن بۆ كوێت

بێرێ رۆژنامەی سرای العامـ ی كوێت نوسیویەتی كـە دوو دەستەی تر كەژمـــارەیان ٢٠٠ كەسە لەئیرانیەكان گیــراوە كاتی ویستویانە بەدزی بچـــە كوێتەوە ٠ وەماوەیەكیـــش لەمەوبەر ٤٠٠ كەسی تـــری ئیرانی ویستیویان بچنە خاكی كوێتەوە بەكەشتی‌و لەناوی نوكەندا ٣٠٠ كەســـیان خنكابوون‌و ١٠٠ كەســـیان رزگاریان ببوو لێ‌پرسراوانی كوێت توانیبویان بیانگـرن ٠

محاكمەكردنی ٨٣ كەس لەتوركیا

لەم رۆژانەدا لە ئەستەمبولدا دەست‌كراوە بە محاكمەكردنی ٨٣ كەس كە ژمارەیەكیان چەند ئەفسەرێكی لاون ، بەتۆمەتـی ئەوەی گوایە ویستویانە رژێمی فەرمـــانرەوای توركیـــا هەلگێرنەوەو داواكاری گشتی داوای كردوە كە ٤١ كەسیان لەسێدارە بدرێ ٠

بریجنێف سەر لە یۆگوسلافیا ئەدات

چەند سەرچاوەیەكی ئاگادار لەمۆسكو رایانگەیاندوە كـــە مســـتر لیونیـــد بریجنێف سكرتێری گشتی كومیتـــەی ناوەندی حزبی كۆمونیستـــی سوفیەت لە مانگی داهاتوودا لەسەر داخوازی جۆزیف تیتـو سەر لەكۆماری یۆگوسلافیـــای فیدرالی ئەدات ٠

شەڕی نهێنی سیاو ئەنتلیجنت سێرڤس لە تاران

C.I.A X B.I.S

نووسینی : موکری

ئەمەی لەم لاپەرانەدا بلاوی دەکەینەوە وتارێکە ، جینایەتەکانی حوکمی شا بە دەردەخاو بە سەنەدو بەڵگە نوکەرایەتی تاقمی حاکمەی ئێران پیشان دەداتو ئەو نەخشەو دەورە روون دەکاتەوە ، کە دەزگای جاسوسی (سیاو ئەنتلجنت سێرڤس) بۆ روخاندنی حکومەتی نیشتمانی مصدقو لە سیاسەتی خیانەتکاری طبقەی حاکمەی ئێراندا گێراویانەو دەی گێرنەو سیاسەتی فاشستی ئێستاش ، درێژە پێدانی ئەو سیاسەتە بۆگەنەی جارانە .

چەندان هونەسەو ئیدارە هەن لە ئێران کە دائیرەی جاسوسی ئەمریکا (سیا) هەم لە کاروباری جاسوسی دا لە دژی جۆلانەوەکانی رزگاری خوازی ولاتەکەمان وە بۆ بەرەنگاری ئەنتلجنت سێرڤسو دائیرە جاسوسیەکانی ولاتە ئیمپریالیستەکانی دیکە لە ئێراندا - لەوان کەلک وەردەگرێ .

ئێمە لە مەربەك بە یەکی ئەم دائیرانە لەم وتارانەدا بە درێژی دەدوێین ، وە نوکەرە ئێرانیەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکاش بەناو وئیشانو بە سەنەدو بەڵگەی پتەوو قایمەوە دەناسێنین .

بەڵام لە پێشدا بە پێویست دەزانین ، چەند نموونەیەك لە شێوەی کاری (سیا) لە ئێراندا بۆ خوێنەوارانی بەرێز باس بکەین ، ئەم بابەتەوە نموونەی زۆر ئەتوانین نیشان بدەین ، بەڵام تەنیا بەسێ رووداوی گرنگ کە لەم سالانەی داویدا روویاندا وە ملیونەها کەسی ئێرانی ئاگایان لەوانە هەیە - بەس دەکەین ، ئەم سێ رووداوە بریتین لە :

١ - رووداوە بەناوبانگەکەی ٣٠ - پوشپەری - ١٣٣١

٢ - کودەتاکەی ٢٨ - گەلاوێژی - ١٣٣٢

٣ - چەشنی هێنانە سەرکاری کابینەی دوکتور (عەلی ئەمین) .

لە رووداوەکەی ٣٠ - پوشپەرەوە دەست پێ دەکەین ، رۆژی ٣٠ - پوشپەری - ١٣٣١ رۆژێکی مێژوییە . وە لە رووداوە بە نرخەکانو هەر لەو کاتەشدا تراژیکە لە مێژوی جولانەوەی رزگاری خوازی ئێراندا ئەوەی لەم رۆژە خوێناوییەدا رووی دا ، نموونەیێکی ئاشکرایە لە شێوەی پیلانگێری دائیرە جاسوسیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی بۆ پێشگیری لە بەرەگرتنی جولانەوە .

رووداوە خوێناوی یەکەی رۆژی ٣٠ - پوشپەری - سالی ١٣٣١ هەوڵێن وە خۆکەوتنی دایرە جاسوسیەکانی ئیمپریالیستی بوو لە ئێراندا بۆ روخاندنی حکومەتی قانونی دکتور مصدق وە دانەوەی نەوتی ملی کراو بە کومپانی نەوتی ئێرانو ئنگلیزو نەوت خۆرەکانی ئەمریکایی .

رۆژی ٢٣ پوشپەری ١٣٣٠ (ئاوریل هاریمان ئێرداوی تایبەتی (ئایزنهاوەر) سەرکوماری ئەوسای ئەمریکا هاتە ئێران ،(هاریمان) بۆچی هاتە ئێران ؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە سەرنجی لاپەرەکانی چاپەمەنی ئینگلیز ئەدەین .

رۆژنامەی (تایمز) لە سەروتاری یەکەمی پوشپەری ١٣٣٠دا لە بارەی سیاسەتی دەولەتی ئنگلیز لەسەر میلل کرانی نەوتی ئێران نووسی :

(... دەولەتی ئێستا لە مەسەلەی نەوتدا تووشی گەلێ هەلە هاتووە کە گرنگترینی ئەوانە نەبوونی عاقیبەت بینی یە ، وە لەم هەلەیە کومپانیش (مەبەست کومپانی نەوتی پێشووە) هاوبەش بووە ، دەولەت هەمیشە دوودل بووە کە داخۆ لەگەل دەولەتی مصدق ووتووێژ بکات یا صەبر بکا تا دەولەتێکی باشتر لە ئێران دێتە سەرکار وە لەگەل ئەو ووتووێژ بکات) .

گوڤاری (پترولیوم پرێس سێرڤس) ئورگانی ئیحتیکارەکانی نەوت کە لە بەریتانیا بلاودەبێتەوە لە ژمارەی ژوئیەی سالی ١٩٥١دا نووسی :

(ئەو رۆژی کومپانی نەوتی ئێرانو ئنگلیز لە ئێران دەردەکەوێ ، صنووری نەوت لەو ولاتە دەوەستێ ، وە ئەو صنعەتی کە لە ئابوری ئێراندا نەخشێکی گرنگی هەیە پەکی دەکەوێ .. ئەگەر ئە داهاتوی نزیکدا ئالوگۆڕێك لە وەزعی سیاسی ئێراندا رووبدات ، هیواداری بۆ چارەکردنی ئەم مەسەلەیە زیاتر دەبێ ، ژمارەی ئەو پیاوە سیاسییە موعتەدیلانەی کە ئامادەبن بەرووبووی کردەوەی دوکتور مصدق لە میرات بگرن وە هەر بەو چەشنە کاربکەن - کەمە - رەنگە ماوەیەك وەخت لازم بێ تا وێستانی کوتو پری داهاتی نەوتو تاثیری ئەوە لە ژیانی ئابوری ولاتدا دیاری بدات ، کاتی ئەم حقیقەتە تالە ئاشکرا بوو هیواداری بەو ئالوگورە زیاتر دەبێت) .

ئێستا سەرنجی گوڤاری (نیوستیتسمان) ئورگانی حزبی گویا (کرێکاری) ئنگلستان بدەن کە لە ١٥ - پوشپەری - ١٣٣٠دا دەنووسێ :

(لە قسە توندەکانی مستەر (موریسن) وەزیری کاروباری دەرەوە دەردەکەوێ کە ئەو ئیتر هیوای بە دکتور مصدق نەماوە وە خەریکە لەگەل کەسێکی دیکە کە کەمتر غەیرە مەنطقی بێ ووتووێژ بکات !!)

ئەم سێ مەبەستەی کە لە سێ نەشریەی ئنگلیز گێرامانەوە وەزعی سەردەمی پێش رووداوەکەی ٣٠ - پوشپەری - ١٣٣١ بە ووردی روون دەکاتەوە . ئەم سێ نەشریەیەی کە بەتێکرا بیروڕای تاقمی حاکمەی ئیمپراطوری بەریتانیا دەنوێنن ، هەر لەو کاتەدا سیاسەتی ئیمپریالیستی جیهانیشیان لە بەرامبەر جولانەوەی دژی ئیمپریالیستیو دژی ئیستعماری گەلەکانی ئێراندا بە ئاشکرا راگەیاند ، ئەم سیاسەتە لەسەر ئەم بنچینانەی خوارەوە دامەزرابوو

١ - هەولدان بۆ روخاندنی رژێم وە دۆزینەوەی خائینێك کە لە جێی مصدق دای بنێن ، ماوەی سالێك لە ٣٠-پوشپەری ١٣٣٠ - ٣٠ پوشپەری -١٣٣١ ئیمپریالیزمی ئنگلیزیو ئەمریکا وە دائیرە جاسوسیەکانی ئەوان لە ئێران ، بۆ رێکەوتنی دوو ئیمپریالیزمی نەوتخۆر وە بەش کردنی کانگاکانی نەوتی ئێران هەولیان دەدا وە خەریکی رێکخستنی پیلان بوون بۆ فەوتاندنی جولانەوەی دژی ئیمپریالیستی خەلکی ئێران .

١٣ ژانویەی ١٩٥٢ رۆژنامەی (باختر امروز) بە ئاشکرا نووسی :

(دوای گەرانەوەی (شپیرد) لە لندن هەلسوڕانی نۆکەری (ئەنتلجنت سێرڤس) لە ئێران توندو تیژ بووە ، جاسوسەکانی ئنگلیز ئیتر بە ئازادی خەریکی هەلسوڕانن وە ئاژاوەی خوێناوی کودەتا رێك دەخەن) .

(ئەنتلجنت سێرڤس) کە لە کێشەی کومپەنیەکانی نەوتی ئنگلیزو ئەمریکا لەسەر بەشکردنی کانگا نەوتەکانی ئێران ئاگادار بوو ئەرکی سەرشانی بوو ئەگەر بۆی بکرێ خۆی کودەتایەك رێك خات ، یەکێ لە نۆکەرەکانی ئیستعماری ئنگلیز بهێنێتە سەرکار ، وە ئەو پارووە چەورە لە دەست نەوت خۆرەکانی ئەمریکا دەربهێنێ .

(سیا)ش ئەگای لەمەبوو وە دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتبوو ئەم دوو دایرەی جاسوسیەت کە هەردووکیان یەك ئامانجیان بوو وە ئەویش برێتی بوو لە سەرکوت کردنی جولانەوەی رزگاری خوازی خەلك ، وە هەر لەو کاتەدا بە نهێنی خەریکی شەری ناوخۆشیان بوون ، (سیا)شو (ئەنتلجنت سێرڤس)یش دەیانەویست نۆکەری خۆیان بکەنە حوکمڕەوای ئێران .

(ئاوریل هاریمان) بۆ ئەستاندنی بەشی زۆرتر بۆ ئیحتکارەکانی نەوتی ئەمریکا وە هەروەها بۆ سەرنجدانی وەزع لە نزیکەوە - هاتبووە تاران .

لە بەر ئەمە بوو کە لە رۆژی هاتنی (هاریمان) حزبی تودەی ئێران کە مودافعی شیلگیری مصلحەتی زەحمەتکێشانە - خۆپیشاندانێکی گەورەی لە تاران لە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا رێکخست - مەبەست لەم خۆپیشاندانە ، نیشاندانی هێزی کۆمەلانی خەلك بوو بە نیرراوی تایبەتی نەوت خۆرەکانی ئەمریکا ، بەلام بەداخەوە دەبێ بلێین کە هێزی ئینتظامی لەو سەردەمەشدا پشتیوانی کۆمەلانی خەلکی لەسیاسەتی دەولەت لەسەر میلل کردنی نەوت - بە گوللە وەلامداوە .

بە هۆی ئەم جینایەتەی پولیسەوە پتر لە بیست کەس کوژرانو پتر لە دووسەد کەسیش بریندار بوون .

نووسەری کتێبی (٥٠ سال نەوت لە ئێران) لەسەر ئەم خۆپیشاندانە دەنووسێ :

(لە مینینگێکی گەورەدا کە حزبی تودەی ئێران لە مەیدانی بهارستان دای دروشمێکی زۆر لە دژی ئەمریکاو ئنگلیزدرا ، حزبی توده پشتیوانی لە مصدق دەکرد ، مخالفی ئەوە بوو کە هەر جۆرە دەرفەتێك بە ئیمپریالیستەکان بدرێ) .

بەم جۆرە هەردوو دایرەی جاسوسی ئیمپریالیستی بۆ روخاندنی دەولەتی قانونی لەو وەختە هاوکاریان دەکرد وە لەناو خۆشیاندا بۆ ئەوە کە هەرکامێکیان بەتەنیا کاروباری ولات بگرنە دەست خۆی کێشەیان بوو .

رۆژی ٧- بانەمەری -١٣٣١ هەفدە هەمین دەورەی مەجلسی نوێنەران کرایەوە ، رۆژی ١٤ - پوشپەر مەجلسی نوێنەران ئامادەیی خۆی بەکار راگەیاند . وە وەکوو رەسمو باوە ، دەولەتی مصدق ئیستعفای دا . رۆژی ١٥ - پوشپەر مەجلسی نوێنەران بۆ سەرۆك وەزیرایەتی مصدق دەنگی دا . لە ٦٥ حازر ٥٢ کەس بۆ مصدق دەنگیاندا ،وە دوو دەنگ بۆ ئەحمەدی قوام درا . لە مجلسی سەنا لە ٣٦ کەس حازر لە کۆبونەوەی تایبەتی دا ١٤ کەس بۆ سەرۆك وەزیرایەتی مصدقو ئاقە کەسێك بۆ سەر لەشکر زاهدی دەنگیان دا .

وەکوو رەوتی رووداوەکان لە پاشان نیشانی دا ، ئەحمەدی قوام کە دوو دەنگی لە مەجلسی نوێنەراندا بۆدرا ، وە زاهیدی کە ئاقە دەنگێکی لە مەجلسی سەنادا بۆ درا ، دووکەسی بوون کە ئیمپریالیستەکان بۆ رووداوەکانی دوواییی بە دەستیانەوە بوو .

رۆژی ١٩ - پوشپەر فەرمانی سەرۆك وەزیرایەتی مصدق راگەیەنرا ، دوکتور مصدق دەبوو کابینەی تازە دامەزرێنێ لەو کە دەیویست دەستی شاو دەربار لە باشمەلەی دەولەتی قانوونی خەریکی کەبێن بەپێ بوون لەگەل ئیمپریالیزم ، لە کاروباری دەولەتی کوتا بکا ، ویستی فەرماندەرێتی گشتی قشون لە دەست شا دەربهێنێ ، رۆژی ٢٥-پوشپەر دکتور مصدق نزیکەی سێ سەعات لەگەل شا ووتو وێژی کردو بیروڕای خۆی دەربری . شا کە لەلایەن کونەپەرستی رەشو ئیمپریالیزمی ئەمریکاو ئیستعمارگەرانی ئنگلیزەوە پشتیوانی لێ دەکرا ، وەلامی دوکتور مصدقی نەداوە دکتور مصدق ئیستعفای خۆی بەم جۆرەی خوارەوە راگەیاند :

(لەبەر ئەوە کە لە نتیجەی ئەو تەجروبەیەی کە لە دەولەتی پێشوودا دەست کەوتووە ، وە پێش چوونی کار لەم وەختە ناسکەدا پێویست دەکات کە من خۆم وەزیری جەنگ بم وە شا ئەم کارەی پەسند نەکرد ، ئەلبەتە وا باشترە کە دەولەتی داهاتوو کەسێك دای بمەزرێنێ کە بە تەواوەتی جێگای ئیعتماد بێ وە بتوانێ نیازی شا بەجێ بگەیەنێ . بەم وەزعەی ئێستا وە ممکن نیە ئەو خەباتە کە میللەتی ئێران دەستی پێ کردووە بە سەرکەوتوویی یەوە کۆتایی پێ بدرێ .)

بلاوبوونەوەی خەبەری ئیستعفای دکتور مصدق وەکو بۆمبا لە دنیادا تەقیەوە .

ماویەتی

بەرەو تێگەیشتنی دیموکراتی سەربازی بە شێوەیەکی چاکتر

شارهێزێکی ناشۆڕشگێرە ، تاشۆڕش لە شاخ دانەمەزرێ

لە گۆڤاری (الهدف)ەوە ژمارە (٩٥)ی رۆژی ١٠-٤-٩٧١ وەرگیراوە نووسەر :پێشمەرگەی ج.ش.ت ف (أبو همام)

وەرگێڕ : شالاو

●

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

براتیکە وەستان ، لەترسی جەماوەرو باوەڕ نەبوونیان بە ووزەی گەورە وقولی گەل .

رەگی مەسەلەکە :

مەسەلەی دیموکراتی سەربازی تەنها مەسەلەی شێوەلیە بەلکو برێتی یە لە وێستاوێکی بنچینەیی بازی سەرنجی سەرەتایی بەلکە یەکی ئەگورەیشە لەسەر رێزگرتنو بروابوون بە جەماوەر . هەندێ کەس وا ئەزانێ کە ئالۆزی ناوخۆی هێزە چەکدارەکانو نێوان ئەوانو گەل لە ئەنجامی گرتنی شێوەی هەلە پەیدابووە ، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە هیچ راستییەکی بۆنیە چونکە مەسەلەی رێزگرتنی سەربازەکان و گەل برێتی یە لە وێستاوێکی سەرەتاییو هەموو سیاسەتو دەستاوێز (وسیلە)ەکانیش لەو سەرچاوەیەوە هەلئەقولێن . هەرلادانێك لەوێستاوی سەرەتایی لەبێتە هۆی نوالدنەوەی سیاسەتو دەستاوێزەکان .

ماوتسی تونگ لەم بیرەی دوویات کردۆتەوە کاتی کە باسی پێنج شایستەگییە پێویستەکانی شۆڕشی پرۆلیتاری ئەکات ، سورە لە سەرئەوەی هەرکەسێ باوەری بە جەماوەر نەبێتو بەشێوەیەکی دیموکراتی راستکار نەکات شایانی ناوبانگی شۆڕشگێری نیە ، ئەوەی راست بێت سنورێك هەیە لە نێوان شۆڕشگێری بورژوازی ئەویش توانای یەکەمە لە رێزگرتنو باوەربون بە جەماوەرو تێ گەیشتنی رۆلی مێژووی راست ، سەرەرای ئەوەش کە باورێکی تەواوی هەیە بەو سەرەتاییەی ئەڵ « ئازادکردنی چینی کرێکار ئەرمانی سەر شانی چینی کرێکاران خۆیەتی »(٣) .

وانە « جەنگی شۆڕشگێرانە جەنگی جەماوەرە ناتواندرێت هەل بگیرسێت بەهوشیار کردنەوەو ئامادەکردنو پشتیوانی جەماوەر خۆی نەبێت »(٤) ونەخرێتە ناو کۆڕی خەباتەوە لە رێگەی هێزە چەکدارە شۆڕشگێرەکانەوە .

هەموو ئاقی کردنەوە شۆڕشگێرەکان ئەوە ئەگەیێنن کە ئەم هێزانەهەموو ووزەیەکیان لەتوانای جەماوەرەوە وەرگرتوەو چالاکیان تا ئەندازەیەکی زۆر بەستراوە بەئامادەبوونی خۆ بەخت کردنی جەماوەرەوە . لە هەندێ کاتدا سەرکردەکان لەبنکەکانیان دوور ئەکەونەوەو بەجاوێکی سووك سەیری یان ئەکەنو خۆیان لەوان بەگەورەتر ئەزانن وە وارەفتاریان لەگەل ئەکەن کە کۆمەلی گێلن ، بۆیە لەئەنجامدا ئەم سەرکردانەیەتاقی تەنیا خۆیان ئەمێنیتەوەو دوور لەکەونەوە لە جەماوەرو ناتوانن رەفتاری یەکسانیان لەگەل بکەن چونکە ئەترسن لەبراتیکی دیموکراتی بە هەموو شێوەکانیەوە .

مەسەلەیەکی تریش لەمەسەلە سەرەتاییە بنچینەییەکانە ئەویش مەسەلەی ، فێربون لەجەماوەرەوەیە ، خستنەپشت گوێی ئەبێ بەهۆی ئەتوانینی وەرگرتنی کەمترین تێ گەیشتن . ئەم فێربوونە بنکەیەکی پانو بەرینە بۆ هەموو سەربازو سەرکردەی کەرتە بچوکەکان کە لە هەموو پلەو کاتێکدا راستەو خۆبەشداری شەرئەبنو لەگەل راستییەکانی شەرو وورد ئەبن وێستاوی هەست پێکراودا رۆژانەلێك لەدرین . ئەمەوایان لێ ئەکات کەبتوانن بەتەواوی رەنیو ئاقی کردنەوەکان رێك بخەنو بەو پێیەکاربکەنو بلاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی بەرهەلستی گیروگرفتەکانی بەشێوەیەکی (عضوی ، بی بکرێتو شێوەکانی کارکردنی گونجاو لەگەل وێستاوی گۆڕاودا دابهێندرێت . ئا ئەمەیە ، هێلی جەماوەری ، راستە کەئەتوانێ یارییەی چاك کردنی کار بداتو تێکەلاوی جەنگ بێت سەرکەوتوانە مەهز کەسێ ئەم نوختەیە هەست پێ نەکاتو باوەری بەدانایو ووزەی جەماوەر نەبێتو ، خۆی بەدەسەلاتداری یەکەم بزانێت لەجیهاندا ، بێچارەیە لەتوانا کردن بەشێوەیەکی دیموکراتی راست »(٥) .

هێلی جەماوەری براتیك ناکرێت هەتاهەستی جینایەتی بەرەنەسێتی لەناو کادرو پێشمەرگەکاندا . کەی کادرەکان بەپێشمەرگەو جەماوەرەوە لکان ئەتوانن بەئاسانی لیان بکەنو خۆشیان بوێن ، چونکە لەبەلاێ سەرچاوەی جینایەتی بیر لەکەنەوە . ئەم تێ گەیشتنە کە درێژی پێ ئەدرێت ئەگاتە سەربازە دیلەکانی دوژمنیش ، بەمەرجێك بنچی جینایەتیو دلسۆزی جینایەتیان ببزوێنرێت ، بۆیە ئەمە تاکە رێگایە بۆ براتیکی سیاسەتێکی راست بەرامبەر بەدیلەکان تاوەکو تێ بگەیەندرێنو هوشیار بکرێنەوە و رابکێشرێنو سود لەم نوختەیەوە وەربگیردرێت بۆ پەرت کردنی هێزە چەکدارەکانی دوژمن :

مەیدانی دیموکراتی سەربازی :

بەرێتی شۆڕشگێرانە پێویستی ئەکات کەبراتیکی سەربازی لەم سێ مەیدانە سەرەکیانەدا بکرێت : مەیدانی سیاسی ، مەیدانی ئابووری ، مەیدانی شەر .. ئامانجی کارکردن لەم مەیدانانەدا جێبەجێ کردنی بزوتنەوەی دیموکراتییە لەژێر سێبەری سەرکردایەتی ئاوەندێتیدا بۆ هێنانەدی سێ ئامانجی سەرەکی « پلەیەکی بەرز لەیەکێتی سیاسیو چاك کردنی چۆنایەتی ژیانو بەوزکردنەوەی ئاستی تەکنیکیو تاکتیکی سەربازی»(٦)

أ - مەیدانی سیاسی : ئامانجی دیموکراتی سەربازی لەم مەیدانەدا بەدەست هێنانی یەکیەتی بیرو باوەری سیاسییە لەناو هێزەچەکدارەکان لەلایەکو لە نێوان گەلو سوپادا لەلایەکی تر .

سوپای گەلی چینی گەیشتە ئەو یەکیەتی یە تاوەکو بە لەرێگەی بەکار هێنانی « سێ تۆژانەوە (تحقیق) » لەناو پارتیدا : بنج (انتماء)ی جینایەتی ئایدیولوجی ، شێوەی کارکردن ، لەناو سوپادا : بنجی جینایەتی ، بەجێ هێنانی فرمان، وێستی شەرکردن) و « سێ چالاکردن » کەش (پتەو کردنی رێکخستن ، پەروەردە کردنی ئایدیولوجی ، راست کردنەوەی شێوەی کار) بەلام یەکیەتی سوپاو گەل پێك ئەهات لەرێگەی « سێ بنکەی دیسبلین » و « هەشت نوختەی گرنك » بریتین لە کۆمەلێك ئاموژگاری کە پەیوەندی سەربازەکانو جەماوەر دیاری لەکاتو شێوەی گفتوگۆکردنو رەفتاری رۆژانەیان دەرئەخات ، دووایی شۆڕشەکانی ڤێتنامو کوریاش هەر لەسەر هەمان شێوە ئاموژگاریان دەرکرد ئامانجی ئەم ئاموژگاریانە کەم کردنەوەی لێك کەوتنی پێشمەرگەکانو کۆمەلانی خەلك بوو ، لەبەر ئەوە رەنی گەل بەتەواوی لەبنەرەتەوە گۆرا بەرامبەر بەسوپا ، کورە جوتیارو دانیشتوانی هەژاری خەلکی شارەکان بالەپەستۆیان بوو لەسەر هاتنە ناو ریزی سوپا شۆڕشگێرە نوێیەکانەوە ، هوشیاری سیاسی گەیشتە باشترین ئەنجام چونکەهەمویان تۆژیانەوە لە دەوری یەکیەتی جینایەتی ، پێشمەرگەو سەرکردەکان پێکەوە خەریکی کار کردن بوون نەك هەر بۆ پەیوەندی گەل هەموی بگرە بۆ هەموو ئازادی خوازی جهانیش ، بەپێچەوانەی جارانەوە کە هەربوونیشی بەوەستێنەرەوەی خوێن مژبوو ، چارە کردنی گیروگرفتەکانی رۆژانە بوبە شتێکی ئاسای وەکو هەموو ئەو مەسەلانەی تر کە پەیوەندییان بەسەرەتای سیاسیەوە هەبوو ، ئەمە وێنەیەکی تازەی پەکگرتو ئەدات بە مەسەلەکەو بەشێوەی کۆمەلی یارمەی چارەکردنیان ئەدات .

ب : مەیدانی ئابووری : دیموکراتی ئابووری برێتی یە لەگرنگی پێدانی چاك کردنی گوزەرانی پێشمەرگەکان ، بەشدار بونی پێشمەرگەو لیبرسراو لەدەس کەوتو زیانو خۆشیو ناخۆشیدا ، وە سەرەتایەکی بنچینەییە بۆ

ماوێتی

فەرهەنگی سیاسی

ئنترناسیونالی یەکەم

کۆمەلەی کارگەرانی جیهان: یەکەم کۆمەلەی شۆڕشگێری چینی کرێکارانی جیهانەو لە سالی ١٨٦٤دا بەرابەرایەتی کارل مارکس دامەزراوە . مارکسو ئینگلز خەباتێکی سەختی درێژخایەنیان کرد لە پێناو دامەزراندنی حزبێکی شۆڕشگێر بۆ چینی کرێکارانو ئومەمیەی یەکەم بەروو بوومی ئەم خەباتە بوو .

دوای گوزاندنەوەی رایەرینەکەی پۆلۆنیاییەکان لە سالی ١٨٦٣ کرێکارانی فەرەنساو ئینگلترە لە ٢٨ی ئەیلولی ١٨٦٤دا لەلەندەن کۆبولەوەو لەئەنجامدا ئومەمیەی یەکەمیان دامەزراند (ئەنجومەنی گشتی کۆمەلەی کارگەرانی جیهان)یان هەلبژاردو کارل مارکس یەکێك بوو لە ئەندامانی بەیاننامەی کۆمەلەش کە مارکس دایناو بوو بەگرنگترین بەرنامەی کار لەمێژوی دوای مینافێستی حزبی کومونیست کە مارکسو ئینگلز لە برۆکسێل لە سالی ١٨٤٨ دایان نا .

مارکسی مەزن لەدەستوری ئومەمیەدا نووسیویەتی ئەلێ : ئامانجی بزوتنەوەی کرێکاران هەلوەشاندنی شیرازەی فەرمان رەوای سەرمایەدارەکانەو دامەزراندنی حوکمی کرێکارانە بەهۆی خەباتی سیاسیەوە .

ئومەمیە چالاکیەکی تەواوی نواند لە هەموو رووییەکەوەو لە دوەم سالیدا توانی ٣٥ لق لە وولاتانی ئەوروپا بکاتەوە .

مێژووی ئومەمیەی یەکەم مێژووی خەباتو تێکوشانی مارکسو ئینگلزو لایەنگرە کانیانە لە پاراستنی بیروباوەری سوشیالستی زانستو بەرەنگاربوونی بیرو ئایدیۆلۆژی وردە بورژوازیەکان وەکو : برۆدونو لاسالو باکونین ... کارل مارکس لەو باوەرەدایە کە مەرجی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کارگەران پالاکردنەوەی ریزە کانیەتی لەوردە بورژوازیەکان .

ئومەمیەی یەکەم چەند کونگرەیەکی بەست لە جنێف سالی ١٨٦٦و لوزان سالی ١٨٦٧ بۆ لەناوبردنی باوەرە پووچو گەندەلەکانی برۆدونیز کە بەرهەلستی خەباتی سیاسی کارگەرانی ئەکرد . دەرکەوتنی گەردەلولی سەدەی نۆزدەهەم (کتێبی سەرمایە)ی مارکس بەیەکجاری جەبەرەشرەی بیروڕا پووچەلەکانی برۆدونی رامالی و کۆنگرەی برۆکسێل سالی ١٨٦٨ز بریاری دا کە ئەو کتێبە بەووردی بخوێنرێ . لە کاتی کۆنگرەی بازل سالی ١٨٦٩ باکونین دایەری ئاژاوەخوازان خۆی کێشایە ناو ئومەمیەوە بەنیازی تێکدانی لەناوەوەدا بەلام مارکس دائیرانە بەرەنگاری بوو لە کۆنگرە بازل باکونینو تاقمەکەی رسوا کرانو لەسالی ١٨٧٢ لە ئومەمیە دەرکران . لەسەردەمی کۆمۆنی پاریسدا مارکس لەسەر داواکاری ئەنجومەنی گشتی ئومەمیە کتێبی (جەنگی میللی فەرەنسا)ی داناو تیایا بەووردی باسی کومونە ئەکات کەیەکەم حکومەتی کرێکارانە لە مێژوودا بەتوندیش رەخنە لە هەلەکانی ئەگرێت . دوای زال بوونی بورژوازیەکانی فەرەنساو لە ناوچوونی کومونی پاریس پروپاگندەو هێرش کردنە سەر ئومەمیە دەستی پێ کرد ئارادەیەك وای لێهات چونەناو ئومەمیەوە بەتاوان دابنرێت . ئومەمیەش لەگەل پارتی نوێدا ناچار بوو کە لە زوو ولاتدا بەنهێنی کار بکاتو زۆریش لە هەل پەرستو خۆپەرستان لەریزی ئومەمیەی یەکەم دوور کەوتنەوە .

لەبەر درندایەتی هێرشەکانی بورژوازییەکانی ئەوروپا ئومەمیە ناچار بوو دوای کۆنگرەی لاهای سالی ١٨٧٢ کەمەکتەبی ئەنجومەنی گشتی لە لەندەنەوە بگوێزێتەوە بۆ نیویۆرکو دوای کۆنگرەی فیلادیلفیای سالی ١٨٦٧ ز ئەنجومەن بەرەسمی هەلوەشاو بلاوەی لێکرا ١٠٠!

وەرگێر : ح. ع.

⊙

ژماره : ۲۹
۱٤ی ئابی ۱۹۷۱

ئەدەب و ژیان

ئەی مانگ لێڵ نەبی بەو میوانانە

ابراهیم احمد

لە ۲۰ تەمووزی ۱۹٦۹ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئادەمیزاد دا،مرۆڤ‌ئاواتێکی دێرینی وەدی‌هێناو پێی نایە سەر روی مانگ‌و سەلماندی کە مرۆڤ ،ئــەم بەنرخترین سەرمایەیە ئــەتوانێ هەموو کوســپو ئەگەرەیێك لەرێی بەرەوپێشەوە چوونی رابمالێت ...

بەو بوونەیەوە ، مامۆستای‌بەرێز (ئیبراهیم ئەحمەد) ئەم داستانە شیعری‌یەی هۆنی‌یەوە·

(هاوکاری)

ئەی مانگ ! کەلالا ، دۆستی دێرینم !
رۆشنکەرەوەی شــەوگاری ژینم
رازنێنــــەرەوەی بــەزمی دلــداران
جێ رازی دڵو ســکالای یـــاران
هاودەم ، هاودەردی لـەخــەو بێزاران
وا تێ‌نەگەی کــە (دەستی بەدکاران)
کـــــەم ئەکاتەوە ئەشقەکەی جـــاران
تو ئێستەش هەر ئــەودۆستەی جارانی
هــاوڕێو هــاودەمی دەستەی یارانی

⊙ ⊙ ⊙

خوێنمژی گــــەورەی ســەرمایەداری
لای وایە ئەبێــــە قــەلای رزگــاری
شـــــایی‌و بــەزمێتی ئەترەقێنــــەوە
هەنگی لــــە داراـ دۆزیوەتــــەوە
برسی‌و بەشبخوراو ، پالــەو کرێکار
بالــەم زەمینە پێشــی بکــــەم بار
دنیایــــەکی تر ، بۆ هەزاران ســـال
بۆ چەوسانەوەو شــەڕ ئەکـــا بە مال
(والستریت)(۱) و (ستی)(۲) شلەژاو
کومپانیای نەوت لــە دەست دەرهێنراو
بانقی کەســـاسی مال تالان کـــراو !!
ســـەرمایەداری رەنـــج بــە با دراو !!
ئاغای هـــــەزاری زەوی‌لێ‌ســـەنراو !!
سەرلەنوێ لە مانگ ، لە ئەستێرەکان
دای ئـــەنێنــــەوە بازاڕو دوکـــان !؟

⊙ ⊙ ⊙

هــــەموو زانینو بەرهەمو کـەلکی
بەکـــــار ئەهێنن بۆ تەفرەی خەلــکی
نایــەلن ناوی (شۆڕش) و (خەبات)
بە بیری کەسا هــەر گوزەر بکـــات
ســــەرمایــەداری (کارخانــە) براو
زۆرداری بەشـــــــق (لیرە) دەرکراو
بێ‌ترسی گەلو پروخی‌وبژی
بێ ئەوەی کـــەسێ خەباتـــکا دژی
هێنـــــدە پارەو پول کۆ ئەکــــاتەوە
داخی (ئــەرزە بۆر) بیر ئـــەباتەوە
خۆی ئەکـــــاتەوە بــە خانی خـــانان
ئەگـــــــەڕێتەوە دۆخیـــانی جاران
جارانی دونیـــــا وەك ماستی مەیبوو
جارانی (گــــەلان) کالو ئەگـــەیبوو
ئەو سایەی (زەمین) مولکی زورداربوو
(دونیـــــا) بەهەشتی سەرمایەدار بوو
ئەمـــــانە هـــەموی خـــەیال پـــلاوون !
کۆشکی سەد لەن ، بلقی ســـەر ئاوون
خەوێ بوو دیترا ، دەوری بەسەرچوو
ناگەرێتەوە پاشـــەو پاش مێـــژوو !!
ئەی مانگ ··· لێل نەبی بەو مێوانانە
هاتنە لات ئاســــــەی کۆنی نیشانە
ئەوەئەی بەشــــــەر رووخساری دیویت
هاورێی شـــەوەتی تریفــەی ژیویت
ئاواتــــــەخوازە رۆژی بێت بگـــــا
باشتر بتناسێ ، چاکتر تێت بگا
(ئارمسترونگ) و (ئەلدرین) ، هاورێکەی
سێ یەکی ئاشــــتێ ئازاریان نــەدەی
ئازان ، چـــالاکن ، بەســـــــەزمانن
لە فاکو فیــکی (نیکســــون) ئازانن
بــــە دلی خۆشو پــر لـــــە هیواوە
نامەی (دایکیان)(۳) بۆ(کوڕ) هێناوە

⊙ ⊙ ⊙

(نیکسون) و (شەر) و(وال ستریتی)
(بنتاگون)(٤) ، (سیا)(٥)و پیلانو فیتی
رەنجی گـــــەلان دژ ، سەرمایەداری
ئیمپریالیزمو زولـــــمو زۆرداری
زۆر زووتر لـــــەوەی بکەن بە ئاوات
تیری خەباتکەر لــــە بالیــــان ئەدات
بازووی جەماوەر گیـــانیان دەردێنێ
نایـــــە لێ رەگو توێیان بمێنێ
ئــــەو هـــازو هوزە گیـانە لاویانــە
زەلکاوی مێژو جێگەی ناویانــــە

بروانە : ل ۷

شاری مردووان

ئەحمەد سالار

چیرۆکی شانۆیی :
نووسینی : ئەحمەد سالار
گێرەرەوە :کۆتایی شانۆیەکە بەوە هات ·

(پەردە ئەکرێتەوە، دیوارێکی رەش دیارە ، کۆمەلێـــــك گوڕبستێکیان لەخۆیانەوە پێچاوە پالە پەستۆیانە · تەنیا یەکێـك ئەبێت کە لەوان جیا بۆتەوە) ·

کوڕ : باوکە وا رۆژ ئەبوەوە من لەم شارە بەجێ ئەهێلم · وا دیارە رۆژ لە ئاسمانی شـارا مردووە ·· هەتا لەژێر سێبەری نێتۆکی دڕندانـــــەی خێــوی رەشابێ · ئەویش بەنجەی هەر جەقیوی چاوی رووناکی ئەبێت·

باوك : ئەوەی تۆ ئەیلێێت من گوێی لێ‌ناگرم چونکە بەر لە تۆ لە باوو باپیرم ئەبیستوە·

کوڕ : ئەت زانیوە لەگەرووی بورکانی شەوەندا پــەوەکانی ئەرهەمەکەی ئەوانم هــەلپرو- کاندوە ··

باوك : من ئەمەش ·· نازانم ئەبێت چۆن دروست بووین وا بژین · لەبەر ئەوەش ، ئەبێت بەم ژیانە رازی بیت ·· بەم شارو بە جۆری گوزەرانی‌یەوە ·· ئەبێ ئامادەی بێ سێبەری بێت ·

کوڕ : ئەگەر تۆ ئەمە بەژیان دانـــەنێیت ، من بــــەمردنی دائەنێم ····!

باوك : مانای چێ ··؟·

کوڕ : مانای ئەوەیە لە دایك نەبووین ·· ئەمەوێ بلێم لـــــە ئێستاوە کوڕی تۆ نیم ·· نات ناسم ، چونکە هەست پـــەوە ئەکەم لە دایك بووم ، بـــــەلام خەلکی ئەم شارە هەست بەوە ناکەن ·· بۆیە ناوم ناوە شاری مردووان ·

باوك : چیت بەدەستـــــەوەیە بیکەیت ؟

کوڕ : (بێ‌ئەکەنێ) پێکەنین بە ئێوەو بە تارمایی ·· بــــە ئاسمان ، بەشەوگار ·· بــە کۆڕی مردووەکان ·· بـــــەو گوڕبســــــەی خۆتان پێشەئەك داوە ··

باوك : لە بەرچی ؟··

کوڕ : لەبەر ئەوەی هەموو لە درۆ دروست بوونو خێوی هیچو پووچیش لە پێشتانەوەیە

باوك: جا چۆن ئەوێری کفری وا بکەیت ·· هــــەی ئەزان ، گوایە نازانی هەموو وەرزەکانی ســـــال لە هەنگاوی ئـــەوا کۆبۆتەوە ··

کوڕ : ســــالی چی ··! وەرزی چی ··؟· کــوا کات ؟ تا هەنگــــاو هەبێت · هەموو شتێك لە باوەشی شــــــووڕەی تاریکی شارا وەستاوە ·· لـە کاتێکەوە کە پێکەنین تێکــەلی گریان کرا ·· لە پێشـــــاوی بەردەوامی هەناسەدانا ·

گێرەرەوە : لێرەوە داستانی بەسەر چووی شـاری مردووان دەست پێ‌ئەکات ·· کـــــاتێ گێژاوی رەشی‌گەرووی نائومێدی لێشاوی هێنا ·· رەشەبا بە لوتکە بلندەکانی ناو شـــــارا لوول دا ·· ئەوسا خەلکی شار پەنایان بردە بەر لێواری‌تارمایی بۆ وتنەوەی سروودی مەرگ ··

(کوڕمایەوە ·· باوك هاواری کرد)

باوك : وەرە تەنها مەمێنەرەوە فریاکەوە کاتی سروودەکـــــە هاتوە ···

کوڕ : من خۆم ·· بە زیندو دائەنێم ·· من خۆم بە زیندو دائەنێم ··

(هەموو خەلکەکە ·· لـــــە شـــــێوەی گرنووشی بردندان رووبەرووی دیوار) ·

باوك : درەنگە فریاکەوە ··

کوڕ : من کێلی گۆڕەکـــــەم لەشکێنم ·· رەشەبا ئاهێلم ، ئەچمە گەروویەوە ·· زەنگەکەی بەر ئەدەمەوە بەر پێم ، دەست ئەئاخنمە ناو دلی‌یەوەو دەمارە- کانی ئەقرتێنم ·· جـــــاوی شەوگار کوێر ئەکـــــەم ·· بەرەنگـــــاری هەموو روویەکی مردوو ئەبمەوە ··

(باوکیش لەگەل خەلکەکەدا خۆی دا بە زەویدا ·· کوڕ بە پەتێکا هەل‌گەڕا · ــ پــــەردە دادرایەوە)

گێرەرەوە : کوڕ چوو بەگژ دەستی خێودا · داوای تۆلـــەی شاری مردوەکانی لێو ئەکرد ·· هەزار بابە گوڕگوڕی رقی لــە ناو جەوانیا دابەستبوو ··

(شـــانۆ رووناك بوەوە بۆ جارێکی تر)

باوك : من رێگا ون ناکەم چونکە من وەکوو ئەو پاپۆرەـ والانە نیم کە قیبلەنماشـــیان پێ‌یە ، بەلام بە تەمو تاریکی‌ی درۆ هەل‌ئەخەلەتێن ··من رێگا ئەزانم ·· ئەرۆم ، ئەبێ شـار بچینە جیهانێ رووناکی‌یەوە ·· ئەوسا ئەوانەی بە خـــــەیالی شەوەوە ئەمێننەوە ئەیانکەم بە ژێر گوڕو خۆلی خەیالـــــە مردوەکانیانەوە

باوك : وا من ئەرۆش ئەبەم·

کوڕ : منیش ملی رێگــــا ئەگرم ·

(شانۆ تاریك ئەبێت)

گێرەرەوە : رەشــــەبا هەلی کرد ·· بروسکەیەك لــــە ناو ئاسمانەوە فرکەی‌کرد بە سەر سنگی زەویدا ·· ئەوســـــاکە تاریکی‌ی بەپشتاکەوت ··

(دوو کەس لە هۆلەکــەوە سەر ئەکەونە سەر شانۆکە) ·

یەکەم : ئەوەی ســـەیر بوو هێشتا دەنگێکی مردوو ئەهاتــە گوێم کە لە گۆڕستانەکــــــەی بەردەمیانەوە دەنگی ئەدایەوە ·

دووەم : گوایە هەروا بەدیار جیهانی‌گوڕستانەوە مابێتەوە ·؟!

یەکــــــەم : نەء ! چونکـــە جیرۆکەکە کۆتایی هات ·

دووەم : ئەی خەلکی شار ·

یەکەم : لــــە دێری کۆتایی جیرۆکەکەدا بوون ·· کــــــە کلاوەکانیان کەوتە خوارەوە زۆر سەیربوو ·

دووەم : چی‌بوو ؟

یەکەم : هەموو بێ‌ســـــــەر بوون ·

(هەر دوکیان بەرەو دەرگای دەرەوە ئەرۆن· دەرگا ئەکەوێتە سەرپشت) ·

گێرەرەوە: لێرەوە شانۆیەکە دەست پێ ئەکات ·

(پەنجـــــە رائەکێشێ بۆ دەرەوە) ·

ــ فەرمون ·· ئەواو ·

بەمزووانە ··

·· ئەکەوێتە بازارەوە

لەئامادەکردنی

کەمیل دزامدار

لویس ئەرەگۆن لەهەمــــوو کەسێك شیاوترە بۆ نازناوی شاعـــیری جەنــگی دووەمی گەردوون ، بە گشت تــــالی وترشی ونوجدان وســــەرکەو- تنێکیەوە ، تاکەشاعیرێکە کـە تۆمارێکی بەنرخی رۆژگارە پــر لەئەشکەنجە و کارەساتەکــانی جەنگی بۆ بەجێ هێشتبین،هەر لە یەکەم رۆژی داگیرکردنـــی فەرەنساوە تاکۆتایی پێ هێنانی حوکمی نازی وســـەرفیرازی پاریسی پایتەخت · وانـــەبێ ئەرەگۆن تەنیا ئەو شاعیرە بێ کە جامەکانی بوو بێ بـــــە کەلەبووری رێگـــەی پــــڕ کــەندوکۆلی تێکۆشـــــەران وبەس ، تا بەلکو لەهەمـــان کاتیشدا بەچیـــرۆك نووس ورۆژنامەگەر ورەخنەگـــــری گەورەی فەرەنسا ناسراوە ·

لە ۲ تشرینی سالی ۱۸۹۷ دا پێ ناوەتە ژیان وهێشتـــا لەژێر باری قورسیا بەردەوام تکەتکیەتی ·· بەیـــــە کێـــك لەنووسەرە هەرەمەزنەکـــانی جیرۆکی ریالیــــزمی نـــاوی دەرکردوە ، لەبەرهەمە شیعری یەکانی (دلـــی رەنجـــاو) (دیمەکانی ئیلزا) (مۆزەخانەی ژریفان) (دیانای فەرەنسی) جگە لەمانەش وبەرای زۆربەی رەخنەگــــرانی هاوچـــــاخ بەپێشرەوێك لەپێشـــــرەوانی رەخنەی ئەدەبی وهونـــــەری ریالیزمی دراوتە دەم قەلـــــەم ، ئەتانەت کتێبەکەی (وتووێژی گۆرانی خۆش) گرنگتـــــرین کتێبە کە تا ئەمرۆ دەربــارەی تیووری شـــیعری هـــــاودەم دانراوێ ·

لەبیستەکانەوە تا ســــــالی ۱۹۳۱ پێش سەرکردایـــــەتی قوتابخانەی سوریالیزمی کردوە بەتایبەتی لەشیعرو ئەدەبیدا · بەپاشە لەسالی ۱۹۳۲ بەدواوە رووی وەرجــــــەرخاندۆتـــــە [illegible] سوسیالیــــزم ئەخوازەلا لەو رۆژەی کـــــــوردا تریقای زیرەکی کــــــردا هاوسەری خۆی · سەرەرای ئەمانەش‌و ئــــــا ئەمرۆش سەرنووســـــەری گۆڤـــاری (ئەدەبیاتی فەرەنســــــاوی) ورێبەری خانووی بلاوکـــــەرە یەکگرتووەکانی فەرەنسا وجێگری سەرۆکی لیژنەی نیشتمانی

نووسەرانی فەرەنگستانە ·

جامەکانی ئەرەگۆن لەئەك ئەوەشدا کە زۆربەیان شیعری راستەوخۆوو رابۆرت‌ئامێزن ، کەچی ساکاری‌یەکـــی زووت وئاشکرای تێدا بەدی ئەکرێت چ لەرووی رێبازی ســـەروای تێکچراو چ لەلایەنی ئابلـــۆی سەختو گەرم وبر لەجادادوو مەتەل · بەلام سۆزو هەســــت وئەستەکەی بەردەوام جۆشدار وسفت وبێ قەتاغەو روونە ·

رۆژەکانی جەنگ بۆ ئـــــەم شاعیرە بوو بوو بە سەرچاوەی زیندووکردنـــــەوەی ووشـــــە وتیپو کرۆك وناواخـــــن وبەخشینی مانایەکی قوولتر بەووشە سروودەکان ·لەشیعرە کانی ئەرەگۆنی شەریـــــــەدادا دوویات کردنەوە وکاوێژکردن بەتەواوی خۆی دەرئەخا ،بەلام ئەمە لەشاعیریەتی ئەم کابرایە کەم ناکاتەوە · بەپێچەوانەوە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کەنایەوێ لاسایی کـــــەس بکاتــــــەوە وکەرەستەی ئەم وتـــەو بەزێ وبیکا بەموڵکی باوکــــــی !! شاعیریەتی ئەم کابرایە لەوەدا دیارە ولەشاعیرانی تری لـــەو سەردەمەی فەرەنســـــای وەك (پۆل‌ئیلوار وژاك دیکۆرو ژان لیسکۆر) جیا ئەکاتـــــەوە ، ئەمیش بەوەی کە لە هەرکات وشوێنێکا ، لەهەر ریجـــــکە وپێچێکا بووبێت شیعری خۆی نووسیوەتەوە ·· لەناو پێخەف لەچێشخانە ولەنێو شەمەندە ـ فەرو رۆخی رووباری دنگـــرك ولەکتێبخانەو دەروودەشتـــــو وشـــەقام ولەناو لەشکرگادا ،

چونکە شیعر لــــەلای ئەمـــــا لەبەهرەیەکی خۆرسکی‌یــــەوە سەری هەلداوە وئەوەنـــــــدە بێوێستی بەپرسێ وورێنـــــــە وبگرەوبەردە وبەژان وهەژالی دوورست‌بوونی ئاقیبانـــــــەی خۆیی‌یەوە نیە ، شتی جـــــۆن بۆ هاتبێ ئاوای هەلڕشـــتوە ، بێ گرێ‌وگۆل ونخەنخو خۆتەنگە ئاوگردن ·خاسیەتی شیعرەکانی جروالەتی داهێنان لەدوورستکردنا [illegible]ودارشتنی سەخت وســـفت [illegible]وتیرو تەمەلی‌یەك لەئیشانەو [illegible]رەمزە مێژوویی‌کان بەبالایـــا [illegible]چورساوە ! لەجامەکانیا داوای [illegible]دوبارە پشکنینەوەی مێـــژووی [illegible]بالەتی فەرەنساوی ئەکا بـــۆ ئەوەی [illegible]و وزە وتوانـــــــستی [illegible]شـــــاردراوەو پەلـــــکاوی [illegible]راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە ،

لەپێناو رزگارکردنی خـــاك‌و ئاسمان وگوڵ وئادەمـیزاد بە چەشنێکی وا کە زۆربــەی‌زۆریان لە رۆژنامەو گۆڤـارە نهێنی‌یەکانی رۆژانی جەنگی‌جلەکان‌دا ئەماتــە بلاوکردن وبوو بوو بەویردی سەرزمانی‌هەموو لێقەوماو ئاوارەیەکی ئەتەوەو وولات :

ئەرەگۆن شاعیری خەبات و خۆشەویستی

لەمۆلگەی خێرو پیاوەتی‌دا ،لەجەرگەی‌گەردەلوولی توڕەبوونا
ساتی کە دلی شـــــەونەپالیوڕێ
(با) ئەبێ بمەی ، بەدبەختی،چاوقایمی
چرارچێوەی پەنجەرە ئەوێت یێك شتارەتێن
هێشتا بەردەوام بریســـــکەبریسکیەتی
لەنێوان دیوارە دارماوەکانەوە شنەی با
گۆرانی‌یەکان بەرزو پەخش ئەکات !!

ئەو شتـــــەی کەهەمیشـــەگوڕانەوەی بۆ نیە
ئەو بروشکە ئەمرەی وولاتمان کــە
دەردەنگــی هەموو جیهانی‌کـاس ولال کرد
لە بوادۆزوارەوە تا بـــرلاشیس
لەمانگی ئابدا جوانتــرین‌گولالەی
رەح‌سووك ســەر دەرئـەکات · ·
ئەم هەموو خەلکوخوایـــەجماوە بوو بوون بـــە خوێنی شاری پاریس ··

لەژێر بالی ئـــــەم تـــــۆزوگەردەدا
هیچ شتێ بەقەد پاریـــس‌ئەوەندە پالو پاراو نیە ··
چ شتێ بەقەد شەپۆلی ناوچەوانە سەرکەشەکەی ئەمیزنیە

بروانـــــە ل ۷

بتەکانی ئەم سەردەمە

پەخشان

ــ کەنعان مەدحەت ــ
کلەری

١ ــ ئەمردووین ··
هەر ماوین‌و ئەمێنین ،
وەکوو ئاوێنەی رۆژگار
ناوەرۆکی چیرۆکە تازەکـان
بە بێ‌باکی ·· ئەخەینــــــە
پێش‌چاو ،
وەکوو شەپۆلی لافاو ··
سام ئەرێژینە ،
دلی گشت کۆسپێکەوە ··
وەکوو پریشکی هەتاو ،
تارمایی‌یەکان ·· ئەخۆینەوە
٢ ــ ئەمردووین ··
هەر ماوین‌و ئەمێنین ،
وەکوو گەردەلـــــوول ··
رەشەبا ··
تەمی چڕی بێ‌کۆتاییمان
لە چوار چێوەی سنووری
ئەشکەوتەکانا ··
ئەچەسپێنین ،
وەکوو لافاوی بێ‌بنی بەتین
پەرستگای بت‌پەرستەکان
ئەرووخێنین ،
تەرمی مردووەکان ··
ئەشۆرین ،
سروشتی چیاو دارو بەردی
ناو لەبی ئەم سەدەیە
ئەگۆڕین ·
٣ ــ ئەمردووین ··
هەر ماوین ، ئەمێنین ،
شێوەی مانگ ·· ئەستێرە
··
ئەگەشێنینەوە ··
ئەبروسکێنینەوە ··
لە سنگی‌تاریکی شەوگارێکا
وەکوو گۆرانی
شادی ئەرێژینە
ئەو دەروونانەوە
کە سالەهای تەمەن
پێکەنین لە گەروویانا
خنکاوە ·
٤ ــ ئەی بتەکانی ئەم سەردەمە
وشەکانمان زۆر سەنگینن
وەکوو ئازادی‌ی لووتکـــــەی
چیاکان ،
وەکوو زەنگی کلێسا وان
بۆیە دەنگ هەل‌ئەبرن
لە گوڕستانەکاندا ،
وشەکانمان
هەتا هەتایە
رەگی ئازار ئەبڕن
لە باوەشی بتەکانا
رزگاری ئەنووسن
لەسەر تابلۆی
شارە بێ‌مێژووەکان ·
٥ ــ ئەمردووین ··
هەر ماوین‌و ئەمێنینەوە
تاکو پەلە هەورەکانی
بەرچاوی ئاسمانی
کوردستانەکەمان
ئەتێنە ناو
تابوتی ئەمانەوە ·

سێ دیمەن

عبدالاله عباس

کچەکە گیان ···
لەقولای چاوەکـانی تۆی‌ئازدارا ··
سێ دیمەنی جیا ئەبینم :

⊙ ⊙

١ ــ (مەنسوری هەلاج) ئەبینم ··
ملی گراوە بەدارا ···
٢ ــ شەیتان ····
مۆری مردن ئەلێ بەرووی···
هەموو ئینسانێکی شـارا··
٣ ــ لاوێ شەڕی ژیان ئەکات
بەرووی گرانی ئازارا ···
ئەجەنگێ بەرووی شـــەیتانا ··
ئاوی ژیان ئەکات بەسەر
مردوەکانا ···
ئەوەی کەوا لای ئامانجە··
زیندوو کردنەوەی هەلاجە ···
بەلێ ئەبێ بژێتەوە ··
پەتی ملی ·· بکرێتــەوە···
سەر لەنوێ تێ هەلچێتەوە ···
ئامۆری مردن‌و ترسان ··
لە رووی خەلکی شاربێتەوە ··
ئەمجار ·· گرەو بەرێتەوە ··
ئەبێ گرەو بەرێتەوە ···

ژمارە : ٢٩
١٤ی ئابی ١٩٧١

چەپکێ گوڵی نوێ لە باخی هونەردا

لــە پێنــاوی هانــدانو پێشخستنی هونــەر لــە کوردستاندا پێویستە پاڵپشتی ئەواوی ئەو هونەرمەندانە بکرێ کە خۆیان تەرخان کردووە بۆخزمەتی ئەو ..... ئەم چەپکە گوڵەش کــە ئەیان ئاسێنین بە خوێنەوارانی هاوکاری ئەو هونەرمەندانەن کە تازەهەڵپشکووتون لــە باخی هونەردا لە شاری سلێمانی ، ئەمانە چەند قوتابیەکی خوێن گەرمو بە توانا و بە بروان کــە هەوڵ ئەدەن خۆیانو هونەرو خەڵکی بگەیێننە ئاستی ئــەرکی چارەســەرکردنی گیرو گرفتو کێشەکۆمەڵایەتیو ئەتەوایەتیەکانی گەلەکەمان بۆیە (هاوکاری) بە پێویستی زانی سەرێکیان لێبدات لــە شوێنی پرۆڤــەکردنیان چەند پرسیارێکیان لێبکات ، ئەوانیش بە سنگێکی‌فراوانەوە وەڵامیان دایەوە .

— (هاوکاری) : کاکە ناوت چیە ؟
— شەماڵ عبداللە .
— (هاوکاری) : تەمەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟؟
— تەمەنم (١٧) حەڤدە ساڵە ، لە پۆلی سێی ئاوەندیم .
— (هاوکاری) : بە کورتی باسێکی تیپەکەتانمان بۆ بکە ؟
— لە ساڵی ١٩٦٧ دا تیپی نواندنی سۆران دامەزرا . لە یەکەم جاردا (٥) پێنج ئەندام بووین پاش ماوەیەک کە ساڵێکی خایاند بووینە (١٥) پانزە ئەندام ، بەم جۆرە مایەوە تا ئەمساڵ لقێکمان کردەوە لــە هەڵەبجە ژمارەی ئەندامەکانی (١٨) هەژدەن ئێستا بــە تێکڕایی تیپەکەمان (٣٥) سی‌و پێنج ئەندامە ، تەنها خوشکێکمان لەگــەڵدایە ! ئــەو تەمسیلانەی کــە تا ئێستــا تیپەکەمان پێی هەســتاوە ئەمانەن :
(کاوەی ئاســنگەر) ، (ئەیادەی دوکتۆر) ، (دڵو غەم) ، (بەرەو ژیانێــکی باشتر) ، (پاتیکەو دوو هەوا) ، (لە پێنــاوی چی‌دا) ، وە بەرهەمی داهــاتومان وابــە دەستەوەیە لە ژێر ناوی (کاتێ خونچە ئەبێ بە گوڵ) وەلــە راستیدا ئــەوی زۆر یارمەتی داوین بۆ سەرخستنی چالاکیەکانمان ، یەکێتی قوتابیــانی کوردستان – لقی سلێمانی وە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی وە چەند کە سانێکی دڵســۆز وەک مامۆستا کەریم زەندی .
— (هاوکاری) : تا ئێستا لە چەند تەمسیلدا بەشداریت کردووە وە لە کامیاندا دەوری خۆت بە لاوە گرنگ بووە ؟
— لە تەمسیلی (دڵو غەم) ، (کــاوەی (ئاســنگەر) ، (هاملێت) بە شداریم کردوە وە لــە هەموویاندا دەوری پاڵەوانی چیرۆکم بینیــوە گرنگترین دەوریش کە بینیومە دەوری هاملێت ، چونکە هاملێت شەخســیەتێکی بەرزە .
— (هاوکاری) : دەربارەی هاملێتو چیرۆکەکانی شکسپیر، تێبینی تایبەتیمــان هەیــە بەرامبەری سەبارەت بەوەی کە ناگونجێت لەگــــەڵ ژیانی کۆمەڵانی خەڵکدا بەڕێزت رات چیە ؟
— راستە کە ئەو چیرۆکانە لەگەڵ باری کۆمــەڵی کوردەواریدا ناگونجێت وە ئەمە کرا جارێکی‌تر دووبارە نابێتەوە .
— (هاوکاری) : خوشکە ناوت چیە ؟
— نەورۆز محمد رضا
— (هاوکاری) : تەمەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟؟
— تەمەنم (١١) یانزە ساڵە وە لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییم .
— (هاوکاری) : لە کەیەوە دەستت کردوە بە نواندن ، وە لە چەند تەمسیلدا بەشداریت کردوە ؟
— لەم ساڵەوە دەستم کردوە بە تەمسیل بۆ یەکەم جار لــە تەمسیل (پاتیکەو دوو هەوا) بەشداریم کرد ، وە لە پاشدا لە تەمسیل (لە پێناوی چی‌دا) دەورم بینی وە لەم تەمسیلەی بەدەستمانەوەیە (کاتێ خونچە ئەبێ بە گوڵ) دەوری کچێکی لادێی ئەبینم .
— (هاوکــاری) : بۆچی حەزت لە نواندنە ؟
— بۆ پێشخستنی هونەر لە کوردستاندا وە بۆ ئــەوەی بتوانین گیروگرفتەکانی کۆمەڵمان لەو رێگایەوە دەربخەین لە پێناوی چارەسەرکردنیاندا ئەمە لەلایــەکەوە وە لەلایەکی‌ترەوە بەرنامــە تەمسیلیەکــانی تەلەفزیۆن کارێکی گــەورەی هەبوو بۆ هاندانم بۆ تەمسیل .
— (هاوکاری) : یەکەم‌جار هیچ هەستت بەگرانی ئەکرد لە کاتی چونە سەر شانۆ ؟
— ئەوی راستی بێت یەکەم جار کاتەزم بەکار ئەهێنا لــە کاتی دەور بینیندا ، لــەم خوێندنەوە تاوەکوو ئێم ئێستــا ئەشێت چونکە خەڵکێکی زۆر تەماشام ئەکات
— (هاوکــاری) : ئاواتت چیە لە ژیان ؟
— ئاواتــە خوازم ببم بە ئەکتەرێکی گەورەو بــە ناوبانگ بۆ خەڵکی کوردستان!
— (هاوکاری) : کاکە ناوت چیە ؟
— فەرەیدون عمل
— (هاوکاری) : تەمەنت چەندە و لە پۆلی چەندی ؟؟
— تەمەنم (١٦) شــانزە ساڵە وە لە پۆلی دووهــەمی ئاوەندیم .
— (هاوکاری) : لەکەیەکەوە بەشداری تەمسیلت کردوە ، تا ئێستا لــە چەند تەمسیلدا بەشداریت کردوە ؟
— لــە ســـاڵی ١٩٦٩ وە بەشداریم کردوە لە تەمسیل وە یەکەم جار لە تەمسیل (دڵو غەم) وە هەروەها لە تەمسیل (پاتیکەو دووهەوا) و (بەرەو ژیانێکی باشتر) وە لــەم تەمسیلەی داهاتووشماندا دەوری ملیۆنێرێک ئەبینم .
— (هاوکاری) : بەڕای تۆ هونەر ئەبێت بۆ کێ بێت ؟ بۆ خۆی بێت یا بۆ دەستەیەک زاناو رۆشنبیر بێت یاوەکــوو بۆ کۆمەڵانی خەڵک بێت ؟
— هیچ گومانی تیادا نیە کە ئەبێت هونەر بۆ کۆمەڵانی خەڵک بێت نەک بۆ دەستــەیەک رۆشنبیر چونکە هونەر ئەبێت

نوێنەری هاوکاری لــە سلێمانیــەوە

ئاوێنەی واقعی کۆمەڵانی خەڵک بێت نەک هی کەمایەتیــەکی خۆش گوزەران بێت .
— (هاوکاری) : کاکە ناوت چیە ؟
— دانا قوربانی .
— (هاوکاری) : تەمــەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟؟
— تەمەنم (١٥) پانزە ساڵە وە لە پۆلی سێی ئاوەندیم .
— (هاوکاری) : تا ئێستا لە چەند تەمسیلدا بە شداریت کردوە ؟
— لە تەمسیلی (ئای گەلەکەم) وە (هاملێت) وە ئەوی شایانی باسی بێ کەلە بەر نەبوونی کچ دەوری ئافرەتم ئەبینی لــە تەمسیلی دووهەمیاندا
— (هاوکــاری) : بۆچی ئافرەت لەگەڵتاندا بەشــداری نەکرد ؟
— ئاشکرایە کە هۆی ئــەوە دواکەوتنی کۆمەڵەکەمانە وە نەبوونی رۆشنبیری وەزاڵ بوونی عەقلیەتی کۆنەپەرستــانە ، وە من هیچ بە شوورەیی لە ئەزانی کە دەوری ئافرەت ببینم چونکە هەرئەمە لە خۆیدا ئاوێنــەی دواکەوتنی کۆمەڵەکەمانە کــە ئافرەت رێگــا نادرێ دەوری خۆی ببینێ .
— (هاوکــاری) : ناوت چیە ؟
— دلێر مستەفا .
— (هاوکاری) : تەمەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟
— تەمەنم (١٦) شــانزە ساڵە وە لــە پۆلی دووهەمی ئاوەندیم .
— (هاوکاری) : لــەو تەمسیلانە چین کە تیایانا بەشداریت کردوە ؟
— بەڕێز ئەم تەمسیلانەیە : (ئەیادەی دوکتۆر) ، (هاملێت)، (بەرەو ژیانێکی باشتر) ، (پاتیکەو دووهەوا) ، (دڵو غەم) ، (لە پێناوی چی‌دا) .
— (هاوکــاری) : گرنگ گرفتەکانی تیپەکەتان چیە ؟
— گرنگ داراییە کــە ئەمە سەرچاوەی گیروگرفتەکانمانە ئەمە یەک ، دووهەم کــەمی جەماوەری هونەر ئەمیش بەهۆی کەم تێگەیشتنەوە ئەوانەی کە خۆیان بەرۆشەنبیر ئەزانن تەنها بۆ تەمسیلی کۆمیدی ئەچن بەڵام ئامادە نین بۆ تەمسیلی تراجیدی بچن کە ئەمە زیاتر لەواقعی گەلەکەمانەوە نزیکترە . سێهەم نەبوونی کادری ئافرەت لە تیپەکەمانـدا بێجگە لە خوشکە نەورۆز کــە بەس‌نیە .
— (هاوکــاری) : ناوت چیە ؟
— نەبەز محمد رضا .
— (هاوکــاری) : تەمەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟
— تەمــەنم (١٤) چواردە ساڵە وە لــە پۆلی یەکــەمی ئاوەندیم .
— (هاوکاری) : لەکەیەوە دەستت داوەتە نواندن ؟
— لەم ساڵەوە بۆ یەکەم جار لە تەمسیل (بەرەو ژیانێکی باشتر دەورم بینی وە لە پاشدا لە تەمسیلی داهاتوومانـدا دەوری خزمەتکار ئەبینم .
— (هاوکــاری) : خۆتو نەورۆزی خوشکت دوو ئەندامی تیپەکەن ، داواکاریتان چیە بە هاوڕێکانتان ؟
— هیوادارین براکانی‌تری تیپەکەمان چاو لە ئێمە بکەن وە تابەتانی خزموو کەسیان بهێنن بۆ تەمسیل .
— (هاوکاری) : کاکە ناوت چیە ؟
— ئومێد عزیز .
— (هاوکاری) : تەمەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟
— تەمەنم (١٤) چواردە ساڵە وە لــە پۆلی دووهەمی ئاوەندی
— (هاوکــاری) : لــەو تەمسیلانە چین کە تیایەبەشداریت کردوە ؟
— بەشداریم کردوە لــەم تەمسیلانە : (دڵو غەم) ، (پاتیکەو دووهەوا) ، (لــە پێناوی چی‌دا) .
— (هاوکاری) : بۆ لــە هەموو بەشەکانی هونەردا تەنها نواندنت هەڵبژاردوە ؟
— لەبەر ئەوەی زیاتر حەز لە نواندن ئەکــەم وە توانام لەومدا زیاترە لەگەڵ ئەوەشدا گۆرانیش ئەڵێــم وە زەوقی مۆسیقاشم هەیە .
— (هاوکاری) : کاکە ناوت چیە ؟
— شێرزاد رەئوف .
— (هاوکاری) : تەمەنت چەندە وە لە پۆلی چەندی ؟
— تەمەنم (١٦) شــانزە ساڵە وە لە پۆلی یەکــەمی ئاوەندیم .
— (هاوکاری) : لەکەیەوە خوت داوەتە نواندن ؟
— لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ چەند برادەرێک لــە گەڕەکەکەماندا تیپمان دامەزراند بەڵام تاکوو ئێستــە یەکجار دەورم بینیوە ئەویش لە تەمسیلی (دڵو غەم)دا چونکە ئیشی من لــە تیپەکەدا رووناک کردنــەوەو دەنگە بۆ هەموو تەمسیلەکان .
(هاوکاری) : سوپاسێکی بێ‌پایانتان ئەکــەین هیوادارین تیپەکەتان سەرکــەوتوو بێت بۆ خزمەتی هونــەری کوردی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .

● نەورۆز : ئاواتە خوازم ببمە ئەکتەرێکی گەورەو بەناوبانگ !

● فەرەیدون : ئەبێت هونەر بۆ کۆمەڵانی خەڵک بێت نەک بۆ دەستەیەکی رۆشنبیر !

باوکان و ناردنی کچ بۆ دانشگا

ئەحمەدی قەرەداغی

بەبۆنەی کردنەوەی دەرگای دانیشگا بۆ قوتابیە دەرچووەکان ئەمەوێت ئەختێک بدوێم لــە بارەی هەڵوێستی هەندێک لــە باوکەکان بەرانبــەر ناردنی کچەکانیان بۆ دانیشگا .

ئاشکرایەکە بیری دواکەوتوو کۆنەپەرست تا ئێستا زاڵــە بەسەر مێشکی زۆربەی ئــەو باوکانەدا لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆریش لە کچان ئەخوێنن هەر وەکوو برا قوتابیەکانیان ، ئەمە شتێکی سەیر نیە ئەگەر زادەی تێگەیشتن بیر کردنەوەیان بزانین کە بە هیچ جۆرێک لــە چوار چێــوەی بیری کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی تێپەڕی نەکردووە .

ئەو باوکانە بە دەســت خۆیان کچەکانیان رەنج بابردوو ئەکەن وەتێکۆشانو شەونخونی و ئازارو ئەشکەنجەو هیــواو ئاواتی چەند ساڵەیان ئەخــەنە بەردەم ئاوێری کۆنەرو بێ‌ئامانی بیری کۆنەپەرستو بەجارێ پاکو پلیشی ئەکەنەوە تاوەکـــوو هەرگیزاو هەرگیز لە ئەڵقــە زنجیری کۆتو بەنــد رزگاریان نەبێت وە هەمیشــە لە ژێر دەستی پیاوی بێباڵی لــە ژێر قامچی چەوساندنەوەدا .

ئەو باوکانە چاک ئەزانن کە دانیشگا ئەو مۆزەیەیە کــە خاوەن تواناو کــادیری عیلمی لێ پەیدا ئەبێ وە دوا رۆژی پرشنگداری ژیانی گەلەکــەمان ئەکەوێتە ئەستۆی .

کەواتە بۆ رێگا لــە ئێوەی قوتابیان ئەگرن کە بچنــە دانیشگا ؟

بۆیە رێگا ئەگرن چونکە کچن وە لە دانیشگاش کــچو کوڕ تێکەڵاون وە ئەمەش جوان نیە !

ئای باوکە بەڕێزەکان ئێمە لە پێشدا ئەمەتان پێ‌ئەڵێم وەکوو زۆر جارێتر وتراوە کە چەپڵە بەیەک دەست لێ نادرێ ، پێشکەوتن و رزگاری میللەتیش ئەمە راستیەکە کەس ناتوانێت تەنها بە بەشێکی ناهێزیەوە ئەی لە ئاستیدا وە لە روانگەی ئاتی کردنەوەی گەلانی پێشکەوتن خوازە خۆی لێ‌گێل بکات . ئەبێت سەرکەوتن و پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامی پیرۆز تەنها ناگەڕێتەوە بۆ پیاوەکانی ئیسلام بەڵکو بۆ ئافرەتەکانیشی ، خەدیجەو عایشەو خەنساو دەیەها ئافرەتی ئازاو دیتر کە لە کۆڕی سیاسی و جەنگیدا بەشداریان کردووە وە بەشداری ئافرەتان لــەو کۆڕانەی کە پیاوەکان تیــا هاتن پیاوەکانیان داوە نموونەی رێکەداتی ئاینی ئیسلامە بە بەشداری ئەکەن .

با ئەگەن پاش بزانن کە تەنها تێکەڵاویە کە کچەکانیان ئەپارێزێ لە فرتو فێڵو تەڵەکەبازی لەودیو پەچەو عەبای دواکەوت ، هەر تێکەڵاویە کە کچو کوڕ هەر یەکە شوێنی سروشتی خۆی ئەگرێ لــە کۆمەڵا وە کێوەت بە بێ پەردە دەرئەکەون بۆ خەڵک وە بــە ئاسانی ئەتوانن چاکو خراپ لە یەک جیــا بکەنەوە ، وە هەروەها هەر تێکەڵاویە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نەوەیەکی دوور لە چەوساندنەوەی یەکتــری دروست بکات،دوور کە ئافرەت وەکوو ئاژەڵ رەفتاری لەگــەڵ بکرێت یا لەو بەری حاڵەتدا

بڕوانە ل ٥

لە کەمپی یەکێتی قوتابیان دا شنگار

ژیانی جوتیــارانی شنگار

لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونمان بە جوتیارەکانی ئەو ناوچەیە بۆمان دەرکەوت کــە ژیانێکی کۆڵەمەرگی دەبەنەسەر ، لــە هەموو بارێکەوە ، بەڵام ئەوەی جێی ســەرنجە لــە رووی ئاینییەوە کە چەند (مراتب) پلەی ئاینی هەن وەک (شێخ – پیر – فەقێ – مرید) ، ئەمانەش هەر بەشە جیاوازێ و سیفاتی تایبەتی لەسەر سینیتراوە کــە جیاوازە لە بەشــەکەی تر ، دیارە ئەمەش کۆتو بەنــدێکی کۆنەپەرستانەیەو دژی بەگــەشی مرۆڤە ، جگە لەوەی هیــچ نرخێــک بە ئافرەت نادەن سەرەڕای ئەوەی کــە هێزی سەرەکی بەرهەم هێنانە .

لــە رووی دابەش بوونی کۆمەڵایەتیانەوە ، ئەکرێن بە چوار بەشی سەرەکیەوە کــە ئەمانەی خوارەوەن :

١ – دەرەبەگو شێخەکان ، ئەوانە هەرچەندە ژمارەیان زۆر کەمە ، بەڵام دەسەڵاتیان زۆرەو خاوەنی هــەموو زەوی‌وزارو هۆیکی بەرهەم هێنانن لــە گوندەکاندا ، ئەتوانین بڵێین ئەمانە سەرمایەداری لادێن . ئەمەو بە ئاشکراش جوتیارەکان ئەچەوسێننەوە .

٢ – جوتیارە دەوڵەمەندەکان ئەمانەش لە هەر گوندێکا بــە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن ، کە خاوەنی پارچە زەویێــکن ، زۆربیان کوتخاو کولکە شێخو لاقی پایــەی ئاینی لێ‌ئەدەن ، ئەمانە لە هەموو ناوتوویێکدا لەگەڵ دەرەبەگەکانن .

٣ – جوتیارە سادەکان : ئەم بەشە ژمارەیان لــە هەردوو بەشەکەی باسمان کرد زیاترە، ئەمانە عەردێکی زۆر کەمیان هەیە ، یا عەردی دەرەبەگو جووتیارە دەوڵەمەندەکان بەکرێ ئەگرن بەرهەمی زەویەکان گەلێ کەمە ، بۆیــەکا ئەم جوتیارانە لە زۆر وەرزدا روئەکــەنە شـــارەکانو بەشوێن ئیش‌ئەگەڕێن .

٤ – جوتیارەهەرە هەژارەکان ئەمانە ئەتوانین‌بڵێین پرۆلیتاری لادێن ، هیچ سەرچاوەیێــکی خۆژیاندیان نیە ، ناچارن بــە رۆژانە لە گوندەکانا کرێکــاری ئەکەن . یا یەکسەر پەنا دەبەنە بەر کۆچ کردن بۆ شارەکان ، ژمارەی ئەم بەشە بەلنگــــازە هەژارە لە (٦٠٪) جوتیارانن لە ناوچەی شنگار .

ئەنجامی ئــەم هێرشــــە رۆشنبیریە

بێ‌گومان ، ئاقی کردنەوەکەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەنگاوێکی پێشکەوتووی سەرکەوتووانە بوو ، هەمیشــە تێکەڵاوبوون لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا ، ئەرکی سەرەکی هەموو رۆشنبیرو جەنگاوەرێکی ئازادی خوازە ، وە سەرەڕای مــاوە کورتەکەی ئەم هێرشە رۆشنبیریە بەڵام کۆمەڵێ ئەنجامی چاکی هەبوو کەوا ئەمەمە بەرچاو خوێنەرانی بەڕێز :

١ – ئەفسانەو چونیــەتی ژیانی بەشێکی زۆری گەلەکەمان ناسی و لە گیروگرفتەکانیــان گەیشتین .

٢ – یارمەتی جوتیاران درا بە پێی توانا و بەپێی ئــەو کاتە کەمەی لە ناویــان بوین .

٣ – دۆستو دوژمنی ســـەرەکی جوتیــارانو گەلەکەمانمان رسواکــردو جوتیارەکانمان تێگەیاند کــە کێن لە کۆنەوە تا ئێستــا دوژمنی راستەقینەیانو کامەن دۆستەکانیان .

٤ – قوتابیان چونیــەتی ژیانو گوزەرانی جوتیــاران فێربــوونو لە تــەریتو خووزمــانو کەڵەبــووری نەتەوایەتیو رەوشــتیان نزیکبوونەو لێیان کۆڵیەوە .

٥ – بە هۆی ئەم هێرشــە ئەو بۆشاییەی کە هــەبوو لە نێوان جوتیارە چەوساوەکانو رۆشنبیرە شۆرشگێرەکــان توانیا سیفەتی جوتیــاران توانیا شیفەتی جوتیــاران وەرگرن ، رێگای هاتووچــۆو دەرگەی لە یەکتر گەیشــتنو گفتوگۆ کردن کرایەوە .

٦ – ئارادەیێک گــیانی بورژوازیانەو خۆپەرســتن مرتندرا لەرێگەی پراکتیــکی تیوری‌و جێبەجێ کردنی بــە کردەوە ، دور لە قسەی زلو ســـینگ دەربەرانــدنو خۆهەڵکێشان .

٧ – ئارادەیێک تــەوژمو تینێکی شۆڕشگێرانە درا بــە بزوتنەوەی پێشکەوتن خوازەکانی جوتیارانو گەلێ راستی بۆیان دوون‌کرایەوە دەربــارەی خەباتو تێکۆشانی نیشتمانیو چینایەتی .

٨ – قوتابیان توانیان گەلێ تیبرەو مەسەلەی دوژمن‌کاری لە نێوان کۆمەڵانــی خەڵــکا ، ئاشتی خوازانە چارەسەربکەنو دوستایەتیو هاوبەیمــانیو برایەتی لە نێوان جوتیاران بە هێزترو قوڵتر بکەن .

٩ – ئەمو ئەمەی قوتابیان ئەبەرو ئەوەی هەر کۆمــەڵی خەڵکی شارو گوندێک بووین زۆرشت لە یەکتر فێربووین ، چ لە رەوشتو زمانو بە هۆی کۆڕی رۆشنبیری ، سوودێکی تەواومان لە یەکتر وەرگرت

هەرەوەزی قوتابیـــانی کوردستان ئاقو کردنەوەیێکی شۆرشگێرانە بوو ، کە ئەبێــ هەر ساڵ بکرێتو زیـــاتر بایەخی پێبدرێتو فــراوان تر بکرێتو سەرانســەری کوردستان بگرێتەوە .

جمیل رنجبر

دیسانەوە شــەقامی مەحوی

هەموو شتێک لــە گۆڕانو گەشەکردنایە ، هیچ شتێک نیە وەکوو خۆی بمێنێتەوە ئەمانەت ئەو جیهانەی ئێمەتی تیاژیەین .

بەڵام چەندین ساڵە شەقامی مەحوی وەکوو خۆی ماوەتــەوە سەرەڕای ئــەو نووسیــنو داوایانەی دانیشتوانی شــارو گەڕەکی خستــوویانەتە روو وەچەندەها جار دووپاتیــان کردوتەوە .. لە ئەوەتا ئەواوی بکەن وە لە ئەوەتا لە ویرانــە پێش رزگاری کــەن ، خۆ شێوەکەی مەیانی ماستەکەش لەولارە بومستی کە لە لایەک بۆنە سەرەنوتلکو هــەرچی هەڵدەستی شتی تێ فرێ ئەدا (سەوزەو میوەی بێ کــەڵکو ئیسقانو تایەی ئوتومبێــلو بووش و پەلاش و وورده شتی تر) ، لەلایەکی تریش بۆنەکەی پیاو کاس ئەکاو کە ئەوبــەدا تێ‌ئەپــەڕی ئەبێ دەس بــە لووتەوە بگری جگە لــەوەی دیمەنی ئەو ناوەش ناشیرین کردوە کە ئاوەندی شارە ... مەگەر هەر خوارەحەمکا ! لــە ئێستاوە خەمی زستــــانی داهاتوومان لێ‌هاتوە .

جا لەبەر ئەوەی ئەم کارە شتێکە ئەکەوێتە ئەستــۆی شارەوانی سلێمانیو پێویستە لەو برێ هەڵسێ ، ئێمە داوالە لێ‌پرسراوانی ئەکەین گــەر هیممەتێک بکەن هیچ نەبێ بۆ پاک کردنەوەو گرتنی ســـەری شیوەکەو رزگارکردنی ماڵەکانی دەوروپشتی لەو بۆنە .

« هاو وولاتیەک »

زمارە : ٢٩
١٤ی ئابی ١٩٧١

بەرپەرێن ژزاراڤێ

ژتورو رەوشتێت کوردی

وەکی هەمی ملەتا ، ملەتێ کورد تور و رەوشتێت خو یێت هەین . هەر وەساهێژو وزمان وجل وبەرگێت خو یێت جودا یێت هەین .

ژینا ملەتێ کورد باهرا پێتر یاسەر رێنج بەر یێ ، ژ بلی وان کەسا ئەوێت ژێن لباژێرا بەلێ ئــەوێت دویری باژێر وڕێکێت ئوتومبیلێ ژیارا وان یا بزەحمەتە ، گەلەک تالی یێ بخو وکەسیا مالا خو قە د بەن .

جهێ کورد لێد ژێن جهەکێ ئاسێ یە ، یێ ب چیا و دار و بەر و ڕێلە ، یێ بجەلاجــــە و لوهال وشکەفتە ، یێ بەول و هەلەمیتە ، باهرا پێتر ڕێکێت وان د تەمکێ و دطەنگ رێنج بەرێ لجهێ کوردا گەلەکـــا بزحمەتە ، لەو خاسمە زڤستانێ چنکو زڤستانا جهێ کوردا یا دزێژە ، یا ب بەفر و بارانە یا ب باو باکوزیرکە .

مرۆڤی رێنج بەر بێ دکەت ژ وان ، بێ مژیلە زڤستانێ ب بان مالێ و کێرانێ ژ بەفر و بارانا .

شەڤێت بەفرێ و تەختە ، ل وێ سرێ و طــــارێ دێ بەفرێ یا خو هەلگریت ودێ چینە سەر بانی ، لبەر سەقا بێ بای وباکوزیرکێ . دێ بانی مالێ باشی دێ کێریت ب باگوژردانێ باشی دێ خود پەیسکا بشتەڤانێ دا هافێت ودێ قەستا ژور کەت دا خلکێت خو یێت (تەڕ وطەلیس) هشک کەت لبەر ئاگرێ کوچکی هندەک دارێت تەڕ دگەل ملەکێ زروکا دێ دانیتە کوچکی ، خانی دێ لێ طاری بیت ژدویکێلێ بەلێ ل گەلەک گوندا مرۆڤێت وێ دهێنە هاری کاریا لێکو دو دیان مالشتێ دا .

لەوێ بەژ وحەیوان هەی دێ بروژێ (پشستی) یێت هەلزێ وجولی وکیای فەکێشیتە (دزینها) ، پاشی دێ چینە دارا بدەرازی ئان ب پشتێ بۆ ئاگرێ شەڤێ . بەلێ ئەوێد مالا خودا دبوش ودتێر مرۆڤ ، پاوێزێ دارا دبڕن و دکەنە گرزە و زڤستانێ دکێشنە مال . ژبەر ئەڤسێ یا زڤستانێ لجهێ کوردا مرۆڤێ کورد بێ ڤێری سەرمایێ یە ، کەسب وکارا خو دکەت هەر وەکو هەیڤێت دی .

هەر وەسا جــل وەرگێت وی ، وی دپارێزن ژ سەرمایێ پێلاڤا وی (کالکە) کەمارە ئان لاستیکە ئان خافەیە . گورا وی هری یە یادوکا ساقەکێ ژی دێ هەلکێشیتە باقا بــێ خو ، ڕونکی ئان شــــەل دێ کەتە یێ خو ، شالەکێ ئان شوینکێ دێ لناف طەنگا خـو شدینیت دایشتا خو یێ گەرم کەت و قائم کەت ، کولافێ وی ژ هری یێ یە ، ســەر و بــێ کوهێت خو دێ پێچیت چاک ب جەمەدانێ . د چوخەکێ دێ د ملێت خو دانیت گێنم ژ وان سەرملا دکەنە بەر خو . ژیارا باهرا پێتر ژ وان یا لـــەر خودان کرنا حەیوانی و ڤەژی و کاروانا ، و ئافەدان کرنا زەڤی و بیستـــان و ڕەزا . ب گەلەک گونـدا مرۆڤ پشەڤێ کوم دبن لمالەکێ (بگوندفە) دێ شەڤا خو ڕابێرن بقەسێت خۆش و مەتەل و چیــــروک وستراناو . ئان دکەهنە ئێکودو لزگەفتا گوندی بەرێ ئـــان پاشی نڤێژێ .

عەلی نەقشبەندی

ئاڤا بوونەک

عبدالرحمن مزوری

هناف سوتن ، ج بێژم ئەز
پەریشانم ، بێ گێژم ئـەز
رۆژەگـــا کوردا ئاڤـــابو
کـــەلا خوش بەندا روخابو

پەریشانم بو « ئالبەندی »
بو دلسوز و گەلەک مەردی
هوزانڤان و چرا و ئـــندی
روناهیـــا وی فـــه مرپابو

فه مرپابو ، لــــه روناهی
مه شیتیه ، ئەما شـــــاهی
مژو ءەورە ، یاجوی ساهی
شەمالکـــا گەش طەمرپا بو

دارا بەلکێت خـــو وەرانـــدن
گولا ســـەرێت خو چەماندن
بلبــــــلا ئاواز قەتانـــدن
دل ژخــــــەما تژی ئابـــو

تژی ئابو ، ئــەف دلێ من
ژکوڤانا چکبو بێهنـــا من
ئاگـــــر بەربویە مالا من
ج ئوف ئالانە پەیـــدا بو

شەهید بو خامـــەکێ کوردا
ئەمێن کەفتینــــە بەر دەردا
ئازێ یە لڤان هەمی عــەردا
هەوارە کیفە هــــــدا بو ؟

ژ هەردو چاڤا دبارن روندک
زەعیفم هـــەر وەکی بەندک
مە لەش حەیا ئەما دندک
وەرپسێ ژینـــــێ فەتیا بو

ئالـــە ئالـــە ڤی « مزوری »
ڤی بەلنگازو خـــەم خوری
خندقی لناف دەحل و بوری
لدل و مێـــلاکا خوین ئابو

بوچی لالی بێـژە : فەلـەک
بێ بەخت!ئەگوشتن چاڤ بەلەک
خالێتی دگەل کوردا گەلـەک
بوەه تێش و کول ، ئە دابو

دلسوزێ کوردا «ئەحمەد» و
بلبلێ شاخا هەر ئـەو بو
پلنگ و ڤێرس و کـەو بو
چەنگ و خورت و ئازا بو

ژ بیرا مـــە ، ناچت ئاڤێ وی
گەلەکە لســـەرمە مافێ وی
کانێ ئەڤروکـــە وەکی وی ؟
شـــــاعرەک بـــەرز و بالا بو

هۆزانڤانێ کوچک و دیوان و شانەشینا حەمکورێ ئەمر

صادق بهاءالدين

ئەڤە ژمێژە من دڤیا لــەزێدەرێژی لــەر ڤی هوزانڤانێ بەرکەتی ، کەنگەلــەو ڤیهرس بنڤیسم پاشی ئەز بەدرێــژی لــەر ئاخفتیم دبروگرامێــت خودا دڕادیـــوا کـــوردی یا جمهوری یەتا عیراقێ لیەغــداو پێترین شوینەوارێت حەمکێ ئەمر من خویندین ، بێ گومان لــەر مرۆڤەکێ هوو پێـــرخ و بەرکەتی نڤیــێن کارەکێ جهێ ئەسەندکرێ یە ، ژبــــدەبار لنک وان کەسێت ترخەکی و بهایەکی ددەنە تۆرێ کـــوردی و فولکلورو کەڤنە شوینەوارێت وەنگینێت ملەتێ کورد . کەسێ یەکێ کورد لدوی زانینا من یێ کو ژزێدە لــەر حەمکورێ ئەمر نڤیـــی ، خـــودێ بەلوقانیا خو جهێ وی خوشکەت مەلا ئەنوەر مایی یە ، بێ کـــو [illegible] جیابی بێ بلنـــدو ئەدارەکا دروژناما ، صدی الرافد ، یاکو [illegible] بلیند ژی ئەعێلا گو بـــەر بزمانێ عەرەبی لوبنــــلێ بەلاڤدبو ، دەزمارا (٧٤)ێ رۆژا (٢٧)ێ کانونیا مەزن ــ دووێ ــ سالا (١٩٥٣)ێ کوتارەکێ ئەنوەر مایێ ئەمر دیـــن ڤێ سەرتایێ دا : تۆرێ کـــوردی ، موسیقێ کورد حەمەکـــور ، پاشی دبێژیت : موســــیقێ ئەزان و هوزانڤانێ رومانتیــکی حەمەکور ژکوندێ ، توفە ، یە ، سالا (١٠٠٥)ێ مشەختـــی کوچی ــ ژدایێ بویە .

ژێ حەمکێ هێژ ئەگەهشتبو شەش هەیڤا خوریکا کـــرتو جاف لێ کورەبون ، حـــــو سیاهیەکا روناهیێ ژی ئەدیت ئەف کوریێ دزیەکێ مـــەزن بو بحەمکێ ئەمر کەتی یە ، هەر وەسا ژی ئەگەرا ناڤو دەنـــگ بەلاڤبونیا وی بویە . حەمکور دژکماکدا ژیرەکو زێهانێ و بەرکەفتی بویە ، هەر ووکـی شروشتی بو بەرقەلینایــــە ، لشونیا ژێرەهری یا بیناهیێ یا جاڤا گوهـــو بهیـــن یێ بهێزکری نە کو هـــەژ حەفت سالێ دەست بستران و لاڤژە گوتنێ کری یە . پاشی دبێژیت چەند ژدەستێ حەمەکـــوری هاتی یە ، خو ژئارســــانا بجاڤاندە هاتی بدویر ئێرخستی یە ئەو بتنێ پسەر جیایێت بلنـــد کەفتی یە ، بێ کو ئێک دەســـتێ هاریکارێ ژبو ســــەرکافتێ ئانکو هەلپاژکیو بێ ، یـــان هاتەڤە خارێ ژبو درێژکەت . هەر وەتوف هەلپاژکی دارێت بلندە دبو ئو دهاتەڤە خارێ بڤی رەنگی و ئاوایی ، ئەسەرەکێ ئەگەفتی . پەژو بزانێ خـــو ئەبری یە بەتەنو رێلو جەلختا لێ ئەنجەراندی . حەمەکـــوری هندە ئاوازێت موسیقی یێت نوی دانان ، هنـــدەک ژبـــو خوژبیرفەکرن بون ، هندەک ژبو راکرنا کەرێ بــەزێ وی وێ کافا دبرە چەروانی ، هنـــدەک ژوان ئاوازان ژبو ئاقدانا بەرێ هـــەر ئاوازەک ژئاوازێت وێ هنــــدە ژبو پێری ــ دوتنێ ــ دانایێ ژێیت دێ جودا بو . پاشی دبێژیت : بەلێ حەمەکوری دیت ئەو ســـتران و لاڤژەیێت ژبەرکــرین و ئاواز بو دانانێ دلگـــرو بدل ڤەئوێی ئینن ژبەر هندێ دەست بقەهانـدنا هوزانێت رومانتیــــکی یێت سیەهرو شەنگ کر ، ئباوا ئو رەنگەکێ ئازک و سازکار ، بلێک ئینانەکا ئازە ئو قەشەنگ کو گوتن و ئاخفتن و قەسێت لــەر ژار و بر رامان و مەعنا ئو هندی بێژێ ژرەنگ ، بسەنگاندنەکا نوی و کێشانەکا نوی یا بڕەنگ ژبو هەر هوزانەکـــا دانایی ئاوازەکی لسەر بێت ، دلێ بێ خوشی و ڤەبیت دانا .

بڤی رەنگی و ئاوایی حـــەمە کورێ موسیقەبێژ هندە ئاوازو رێکێت نوی دقەهاندن و لێکـــ ئینان و سەنگاندن و کێشـــان دتۆرێ کوردی دا دانان .

توفی ــ خەلکێ گـــوندێ توفێ ــ دەربهارقەدا بــــەژو تەرشی و کەوالی خو ئینە سینەی لزۆژ هەلانا لامێــــدیێ ، ج رێجال ، هری ، لقا یا موی هەیا دافروشن حەمەکور دگەل توفی یا دهاتە بەر بهارێ لسپەی ئو گەلەک جارا ژی بتنێ دهاتە ئامێدیێ . جو جارا بێ بلوبل و ئەنبوین [illegible] . بێ گومان بێهن [illegible] بهارێ . ئاوازێت هوزێت حەمکێ رادکرنە لێکاو واژ ئلورا [illegible] ئاشوب و حەبەلوتانێ ، جار [illegible] جار ژی ئەنبوید دژەلێ . پاشی ددویرا ستران و لاڤژە [illegible] دکوتن .

خو بناف کری نە ، ئەوێت مایی بناڤێ بلبل و شاهینێ و گەلـەک دەنگ خوشێت دی . ئـەف هوزانڤانە بکێرهاتی یە ئافێ سەرمک و سەرکێشـــێ تۆرێ رومانتیکی یێ کوردی لســەر پێتە دانان .

دکوڤارا (برایەتی)دا ژمارە (١٣) سیێزدە ، جــافێ من بکوتارێ مەقال بەغداد بالتەی [illegible] ، حەمەکور

بەلێ مخابن دویماهی یا ڤی گوتاری بجاف من نەکەفت ئەگەرجی لبنی نڤیسی بو دویماهی هەیە .

ئەنوەر مایی دبەربەرێ (٢٠٤)ێ هەر وەسا ســـەیدایێ ئەمر و (٢٠٥)ێ دکتێبا خو یاکو بناڤێ کوردێت بەهدینا دانای دبێژیت : ناڤێ وی (محمد)ە ، بناڤێ ، حەمەکور ، ئافدارە ، هەژ بجویکوینیا خو کورە بویە و ئەزان بویە . بەلێ هوزانڤانەکێ رومانتیـــکی ئاشوب ڤرمەه ، ئاخفتن و قەسەخوشی و ساویلکە و دلنازک و بیرتیژو حەنەکـــزەن بویە . هەر کەسێ گـــــول لهوزانەکا وی ، لاڤژەکـــا وی ببیت وەکی ڤێرو بەئیشتی دێ بدل و بدەرونی ڤەنوسیێت میر قوبادێ کورێ سولتان حسینێ وەلی میرێ بەهدینـــا ئـەف هوزانڤـــانە کرپو سترابێژو پێکلێ خو ، پاشی بو ڤـەبۆرێ بنەمالا خوندکاری ، حەمەکوری گەلەک هوزانێت رومانتیـــکی قەهاندی نەو دارێتی نە ، ژهەمیا بترختر : سینەموک ، کو بناڤێ شەعزادا خویشکا میر قوبادی یا ئافێ وێ ، سینەم ، بنـــاف کری نە ، « حەموک » ، کو بناڤێ

کو چ سیناهیەکا ژی ژتشتێ هاتیە بەلاڤکرن و بێ ئەز دزانم تێدا بجاف من نەکەت ، چکو چەند ڕێژێت لـــەر ناڤو ئیشانو دەمێ ژینا وی هـــەمی ژبەربـــەرێ (٢٠٤ ــ ٢٠٥) ژکتێبیــا ئەمر ئەنوەر مایی یا بناڤێ کوردێت بەهدینا سالا (١٩٦٠)ێ ژاینی لموســـل بجابخانا حەسان جابکـــــری وەرگێرایە سەر زمانێ کوردی . ژبلی هندێ ژی وەســـا دیارە هەڤالێ بەغداد گول لبروگرامێت کوردی یێت کو لـــەر زمانو تۆرێ کوردی تێنە بەلاڤکـــرن تینە ، چکو ئەو تشتێ بەدەست وی ئەکەفتی من هـــەمی دبرو ـ گرامێت خـــو یێت رادیوێ و ئێـــک دووەکێت ئەلەفزیونێ بەلاڤکـــری نە . ئەز هەڤال بەغداد یاڵتەی پشتراست دکەم کو پێترین هۆزان و ســــتران و لاڤژێت حەمکێ ئەمر ج بدەنگ و ئاواز ، یان بنڤیسێ هاتینە بەردەستو بەرهەڤکـــــرن بو

هەر ژبەر هندێ ، بێ گومان سەیدایێ مەســـعود مصطفی ئامێدی ژبو سبوری شەعر مژایێت بەرکەتی یە دژین و ژیانا ئــەمر کوری و شـــوینەوارێت وی . سەیدایێ مەســـعود دبێژیت : حەمەکورێ ئەمر ، هنەرمەندێکی هندی بێژی ژێهاتی و بەرکەتی دەستهاتی ، هێـڕا ، ژیرەک و بیرتیژ بویە دهەرێ و دهەر ـ مەندیێ دا . ئەگەر چی ژهەردو چاڤا ژی حوتم بویە . بـــەلێ دیسا ژئافدارێت چاخ و دەمێ خو بویە لدەڤەرا بەهدینـــا . حەمەکور ستوینەکە ژستوینێت خورستی و دارێتی و مـــەزن و زەخم لبەر خانێ ئاواز و سەلیقا ستران و لاڤژا ، بەیتو لێک ئینانا لدەڤەرا بەهدینا ، ئەو ستران و ئەولاڤــــژە ، بوان ئاوازێت سازکار و دلڤەکەر دهاتنە گوتن ، کو هەمی کەسێت گوهـ ـ گرێت فێلک کـــەتین و خرڤەبوین ژبو گوهـ ـ گرتنێ ، داگوهێ خو بدەنـــە ئاوازێت خوشی و دل

بەلاڤکـــرنێ ، ئەوێت ماییژی بزاف یا ئینە کرن کو بێنـــە خرڤەکرن .

سەیدایێ بەرکەتی مەســـعود مصطفی ئامێدی ژ خەمخورێت مەزن و ئەفیندارێت شـــەیدایو مەفتونێت ئاوازێت خوشـــیو سازکار و دل فەکەرێت حـــەمە کوری ستران و لاڤژێت حـــەمە کوری یێت بەرداوەت و گوفەند شەعیـــانەو دیلانا بدەنگێ فەکەرێت حەمکێ بدەنگێ خوێن خوشێ ئە دکـــوت بێ بوێکا ژنایێ یە وەسا ددلو ددەروناڤا دجو ، هەمی زادکرنە ئوفەندێ و سەمایێ بەلکو رادکرنە لیکاو حەبەلوتانێ ژی .

ددەم و چاخێ حەمـــەکوری بەمردا ، جهێ بەهدینــا دبێ خوندکاری و فەرمانداری یا میرو پسمیرێت ، خوکەرێت خوسەردا بو ، حەمەکورێ ئەمر خەلکێ گوندێ توفێ بو . توفی وەکی هـــــەمی دەرامێت[1] دی ، پاییزەکا دەرنگ بەر زڤستانڤە بەرێ خو ددا کۆزێت زڤستانێ دهاتنە ئامێدیێ و گوندێت رەخا ، ژبەدبار لروبـــارێ ئامێدیێ و مزوپرکـــا دمان ، یـــان ژی لسرامێدیێ لخانیێت هافینگەها میرو پسمیرو خوندکارا ڤەدحە ـ وبان ئو سەحیترا وان ئاقاهی یا دکر ، ژبەفرێ دمالشتن و دگێران .

توفی یا لئامێدیێ گارو گێـــو گێزو بزاڤا خو یا رۆژێ هەر دکر ، ژباڵەتێ بکرە هەتا کو دگەهتە بانگێرێ ، دارکەلاشتن و بەرهەڤکرنێ بو سوتنێ ، ژبلی کارێت ژنان ، ج برنج قوتان ، بالاڤکـرن . بڤی رەنگی ئوفی دارۆژێت خو بەئەسەر هەتاکو ئاخرا بهارێ ــ دەربهارفە ــ دەمێ کــــو بەلەکێت بەفرێ دکەفتنە سەرێ گێرێ شربغاو بۆتی یا ، کو ئەف بەلەکـــە نە نیشانەکا توفی یا یا بــــاف و دەنگ بو ، لرێزە چیایێ مەتینا لروژئاڤا باکـــورێ ئامێدیێ . توفی یا بوێ نیشانێ دزانی کو زێکێت سەرێت زۆرێ ژبەرێ زەمێ بوینە ئانکو بـــەفر لێ نەمایە ، کو هەکە دارێ بـــەر دارێت هافینێ فە ئانکو بـــەر زۆزانافـــە ، لجهێ ئەڤرازێ لدەڤەرا هەکاری یا لکوردستانا تورکی .

دویماهی هەیە

---

(١) دەراحی ، ئەو کەسە بێ گو پالەتی دکر دۆژانا وی درامەت ددایێ ، دەخلو دانەک ئانکو درامەتەک .

پاشماوەی : باوکـــانو ئاردنێ ج • •

بگرێتە بوکەشوشەیەک پیاو بە ئارەزوی خۆی یاری پێ بکات .

کەوا بوو ئەی باووکەکـــان لەگەلی شەیتان وەرنە خوارەوە ، کچەکانتان بێ هیوا مەکـــەن بیانێترە دانیشگا ... گەلـە هەژارەکەمان چاوی بڕیوەتە تواناى ئەوان .

---

* برای جوتیار :
ئامانجی سەرژمێری گشتی کشتوکاڵ کۆکردنەوەی زانیاریەکی وردە دەربارەی کشتوکاڵ لە عیراقدا بۆئەوەی بتوانرێ بەهۆیەوە نەخشەیەک دابنرێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و گەشەسەندنی .

لە پێناو سەرکەوتنی سەرژمێری گشتی کشتوکاڵ دا
* برای جوتیار :
هاوکاری کردن لە سەرژمێری گشتی کشتوکاڵ دا خزمەتێکی نیشتمانی سوود بەخشە .

وەرن داهوێ

زمانێ کوردی ببین

دلسوز بەهدینی

ئەف گوژیە ژبـــو وان کەسانە یێت کو دڤێت هـــوی کوردی بنڤیسن عەرەبی ببن ، بەلێ ئەشەعرەزایێت زاراڤێت (اصطلاحات) کوردی نە ، ژبەرهندێ لــــەم دێ ڕێ لبـــەر کورت و سڤک کـــەین ، دێ ژڕێقە بزمانێ عەرەبی بو ئفیسێن هەتاکو بەرە ـ بەرە هـــوی زاراڤێت کوردی بکەین هەکو هوی بون ، دێ ئێکـــەر بــــژبکوردی ئڤیسێن . بڤی رەنگی دێ براێت خو یێت عەرەبیـــ دزانن و دڤێت هـــوی زمانــــێ کوردی ببن ، هوی کـــوردی کەین بساناهی :

الدرس الثالث : (دەرسا سێ) .

استعرضنا في الدرس الثاني (دەرسا دووێ دا) ما قدمناه في الدرس الاول (دەرســـا یەکێ دا) من انواع الحروف في اللغه الكرديه ، الحـــروف في اللغه الكرديه ، الحــروف الصامته أو الساكنه (تیبێت دەنگدار) والحروف الصائته او المتحركه (تیبێت دەنگدێر ، ومن ثم قدمنا أمثله عن الحرف الصائت الاول (ئا) مثل ئاف، ئاش ، ئاخ ، خار ، دار ، کـار زافا ، ئازا ، ئـاوار ، ئـادار، ئافدار ، بادار ، وعن الحرف الصائت الثاني (ئە ـ ە) مثل ئەز ، ئەڤ ، ئەم ، ئەو ، سەر دەر ، دەن ، بەن ، ســەروەر ،سەرەدەر چـەرە ، بەخچــە ، مشە ، بەســته ، بـژارە ، ثم قدمنا الحرف الثالث أو الصوت الثالث من الحروف أو الاصوات الصائته أو المتحركه وهـــو صوت :

(ئێ ، ێـ ، ێ) وقلنا ان هـذا الصوت موجود في اللهجـــه العاميه البغداديه مثل زێن ،وێن خێر ، دێر ، وهو من الاصوات الطويله أو الغليظه والفخمـه ،حيث يتم اخراجه من الفـــم والاوتار الصوتيه عند فتـــح الفم فتحا تاما ويأتي اما فـي بدايه الكلمه (پێژە) وقبـــل الحرف الصامت أو الســـاكن ـ تیپا دەنگدار ـ مثل : ئێک، ئێم ، ئێش ، ئێقار ، ئێکجار ، ئێوە ، ئێمە ، أو يأتي بعـــد الحرف الصامت (تیپا دەنگدار) دێ ، بێ ، خوێ ، ئێ ، کێ أو بعد حرفين صامتيـــن (دو تیپێت دەنگدار ـــ دو دەنگدارا)مثل شێر ، فێر ، کێر ، مێر ، شێف ، خێف ـ خێفە ، سێف، لێف ، دێو ، مێو ، ژێر ، بێر ، أو في نهايه الكلمه وبعد الصامت أيضا مثل : ئێکێ ، زێنێ ، گولێ جارێ ، جارکێ ،بەرێ، جاجمێ دەسمالێ ، سینەمێ .

وفي هذا الدرس نقــــدم الحرفين الصائتين وهمـــا :

١ ـ (ئی ، یـ ، ی) وهـومن الاصوات أو الاحرف الصائته الطويله حيث يفتح الفم نصف فتحه ، وهـــذا الصـــوت أو الحرف الصائت موجـــود فـي اللغه العربيه كما نجده في الكلمات : دين ، خير ، أمير ،وزير . وهذا الحرف اوالصوت قليل الاستعمال في بدايه الكلمه (پێژە) : مثل ئیـــــك ، ئیب (ابراهيـــم) ئیقار ، اذ فـي الغالب يأتي بعدالحرف الصامت او الساكن (تیپا دەنگدار)مثل ژی ، جی ، کی ، وعلى الاكثر يأتي بين حرفين صامتين مثل شعیر ، سعیر ، ئیر ، صیر ، دین ، هاڤین ، زین ، کـین ،بین ، شیف ، خیف ، کـیژ ، کیس ، أو في نهايه الكلمـــه (پێژە) مثل ، پیری ، هیلی خومالی ، بی ،ئیری ، کویفی ،کەهی ، ساهی ، شـــاهی ، ســالاهی ، ئازایی ،سەربەستی بەلنگازی ، ژاری ، زۆرداری ، مالداری .

٢ ـ (ئـ) : ويقابل هـــذاالحرف الصائت او المتحرك (تیپا دەنگدێر) حركه الكسره في اللغه العربيه ، حيث نجد في اللهجه العاميه البغداديه مايقابلها تماما مثل : كتب ، نزل ، شرد ، أو كلمه : من ، ان وهو الحرف الصائت أو المتحرك الوحيد الذي لم يوضع له علامة معينه ، وانما يتعلم المتعلم عن طريق المران والممارسه وهو في الغالب بعد الحرف الصامت او الساكن (تیپادەنگدار) أو بين ساكنين (دو تیپێت دەنگدار) مثل : ژن ، من ، دل ، کر ، برزڤستان ، برن ، کرن ،نڤستن ووینشتن ، ڤەوژاندن ، مالشتن بەستن ، راچاندن ، بژاردن وأخيرا أرجو من الراغبين فـي تعلم اللغه الكرديه وكتابتهـا بالحروف العربيه ان يعيـدوا قراءه الدرسين الاول والثاني ، مع كتابه الامثله بصوره متقنه ،مع محاوله اضافه أمثله جديـده على غرارها والى اللقـــاء فـي الدرس الرابع .

ژمارە : ٢٩
١٤ی ئابی ١٩٧١

ڕوخسارو ناوەڕۆك لە هۆنراوەدا

عەزیز گەردی

سلیمانۆف ئەڵێ :
(لەو باوەڕەدام كە ڕوخسارو ناوەڕۆك بەردەوام پێكەوە بەستراون ، بەڵام ئەوەندەهەیە بەزۆری ناوەڕۆك قالبو ڕوخسارێكی تایبەتی بۆخۆی ئەدۆزێتەوەو تێیدا ئەڕژێ ..)(١) .

هەروەها بەلای ئەوەوە گرنگ نییە ئاخۆ ڕوخسارو ناوەڕۆك كامیان ئای ئەرازووی بەرزترەو كامەیان نزمترە ، ئەوەی لە سەری داوە ئەوەندەیە .. ئایا ئەم شێوەو ڕوخسارەی كە هەیە توانیویەتی بەتەواوی ناوەڕۆكە مەبەستەكە بگەیەنێ ؟ یان نە ؟

بۆیەش گەوهەرو ناوەڕۆك شێوەو ڕوخساری تایبەتی خۆی گەرەكە تا ببێ بە دەنگدانەوەی ئەو سەدایەو زایەڵەی ئەو گرمەیەی كە لە پەردەی دڵی بوێژەوە سەر هەڵئەداو ئەئەنێتەوە ، واتە سۆزە كارێز تەقیوەكە لەگەڵ وشەكان تێكەڵ ئەبێ و نموونەیەكی ڕاستەقینەی بوێژەكە ئەخاتە ڕوو .. ئەگەر سۆزی بزواوو هەڵچووی دەروونی بێژەكە هەستێكی نەرمو ناسكی خۆشەویستی بێت ، هەڵبەتە وشەكانیش قشتو ناسك ئەبن و ئەو دیمەن و وێنەو ئەو دونیایەی كە دێتە پێشەوە گەلێ هێمن و ناسك و ئازدار ئەبێ ، خۆ ئەگەر هەستو جۆشەكە ، هەستێكی گڕگرتووی ئازارداو برینداری و زادەی ڕقو كینەو بوغزو غەرەز بێت ، وشەكان ، یاخود شێوەی گشتی دەربڕینی ئەو گوورە لەخروشە بەرقو قین و یاخی بوون و توورەیی ئەئاخنرێ و بروسكی سووتێنەری لێ ئەبرژێ ، یان ئەگەر سۆزو گودازەكە لە زەمینی ئەبێنی ڕەشبینی و ناومێدی ڕەنگ و ڕیشەی داكوتابێت و ئەجیانی كوڵ چقڵ و ژی دەریكات و هەستو دەروونی خاوەنەكەی بێ ئازار بدات بێ گومان ڕوخساری هۆنراوەكەش كە گوزارشت دانەوەی لەوهەستەیە هەمووی لوقمی كوویە خمی ناومێدی و دەریای شینی شیوەنێكی خەیاڵی ئازوردە ئەبێتو پەردەیەكی ڕەشی سامناكی ترسێنەر باڵی سیخداری خۆی بەسەرا ئەكێشێ ، بەڵام ئەوەندە هەیە لەگەڵ هەر جۆرە هەستو سۆزو (معاناة)ێكدا میزاج و كەسێتی بوێژەكە دەورێكی باڵا ئەگێڕێ لە جۆنیەتی و چەندیەتی دەربڕینی ئەو سۆزەو دراشتنیەوە . چونكە لەو كاتەی هەستێك بە كاریگەری كارەساتێكی بابەتی دونیای دەرەوە لە دڵی بوێژەوە ئەبزوێ ، یا لە ئەنجامی لێكدانەوەو تاقی كردنەوەیەكی دەروونی بێ ئەگات وەكو پلووسكێك بەسەر دڵی نووسەردا ئەرژێ و ڕەنگی كاسەی ئەو دڵە هەڵئەگرێ ، بۆیە لەكاتی دەربڕین و گوزارشت دانەوە ڕەنگ و مۆركی تایبەتی ئەو دڵەی هەڵێنیوەیەكە سەرچاوەی هەموو هەستو سۆزێكی كەسێتی یەو كوێەڵەی كۆكردنەوەو بەڕێ كردنی ئەو خوێنەیەكە لەهەموو دەمارو (ستیل)ـەكانی لەشدا ئەگەڕێ ، بەمەوە مەرجەمی ئەندامانی لەش خۆیان لە ناو ئەو كوویەڵەیە تقوم ئەكەنو ئەگەڕێنەوە .

جالەبەر ئەمە هەر چەندە بزوێنەرو سەرچاوەی باسێك بەلای هەموو بوێژەكانەوە یەك بێت هەرگیزاو هەرگیز هێزی دەربڕین و جۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەو داڕشتنی ڕستەو پلەی ناسكی و تیژی ئەو وشانە ، یاخود شێوەی تێكرایی ڕوخسارەكە یەك شت نابێت ، ئەمجۆرە ڕوخسارو ناوەڕۆك تێكدا ڕژاونو ئاوێتەی یەكترن ، بۆیە بەهیچ كلۆجێك نابێ لەكاتی لێكۆڵینەوەو لێ دوان و هەڵسەنگاندنیشا لەیەك هەڵاوێر بكرێت چونكە (هونەری ڕاستەقینە بریتییە لەو كۆمەڵە خاسە وێژە - خاصیە - ی كە بەوپەڕی ووردی یەوە تێكدا تواونەتەوە ...)(٢) كەوابێ ڕەوا نیە بەرزیو نزمی هۆنراوە یەك یاهەر بەرهەمێكی ئەدەبی یا هونەری تر بدرێتە پاڵی تەنها یەكێ لەو دووانە .. لەبەرئەوە تێكرای شت گرێ بدرێ ، چونكە ئەو ... جیاوازیان ئەخرێنە ... ناوی یەكتری ... ئەوە نابێ ڕەخنەگر بۆ ئەوە ... بەرهەمە (ترخی ...) بەرزە بەڵام لایەنی جوانیو هونەری نزمە ...)(٣) بەڵكو بەبێ ئەم جیاوازی تێ خستنەو دابڕینە ئەبێ ئەوە ئاشكرا بكات كە بەرهەمەكە تێكڕا جوان و پەسندە یا پەستو ناتەواوە ، ئنجا بكەوێتە ڕوون كردنەوەو

بڕوانە ل ٧

چیرۆك

پاریسە بچكۆلە

نووسینی : م. ئارام

پارچەكانی ئەو نامەیەی لەساتێكی ناومێدیدا دڕاندنی ، بە هەواوە بۆڕ بۆڕێنیان بوو لەكەوتنە خوارەوەیاندا بۆ ناو نیمچە لێلەكەی دیجلە ، هەرپارچەیەی بەجۆرێك سەمای ئەكرد بەدەست باڵەپەستۆی هەواوە .. ئەگەر لە جیاتی ئەو پارچە كاغەزانە وردە بەردبوونایە دەمێك بوو بلقەیان لە ڕووی ئاوەكە هەڵساندبوو ، ئەمە یەكێكە لە تیورە زانیاریەكانی گالیلۆ كە لەسەر بورجی بیزا بە تاقی كردنەوە سەلماندی ، بەڵام ئەم لە گالیلۆی زانایەو نەلەسەر بورجی بیزایشە ، بەڵكو ئاوارەیەكی داماوە ، لەسەر پردێكی سەر ڕوباری دیجلە وەستاوەو ناوەكەیشی نازانێتەوە بەدەستی خۆی ئەو دەرگای هیوایەی بەڕووی خۆیدا داخست كە لە سامی بێ ئیشی سووڕانەوە ڕزگاری ئەكرد .

دڕابوو ، و هەموو كەسێك ئەیزانی كە مۆری شەرمەزاری یە لە ڕووی نەئەهات بچێت كابرا بدۆزێتەوەو نامەكەی بۆ ببات .

پشتی چەمام بووی ڕاست كردەوەو هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشاو دەستی ڕاستی هێنا بە سەرە ئارەقاویەكەیا كە هەتاوی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی حوزەیران گاسو وڕی كردبوو . قایەكانی بە درای خۆیا كێشكرد بۆ سەر شەقامە درێژەكەی ڕەشیدو پشتی كردە

- ئەمڕۆ ئەمە دووان ..

پاش ئەوەی ئۆمسێرەكە ناوی خۆیو باوكیو فرمانی هۆی هاتن بۆ بەغدای لێ پرسی ، وە ئەمانەی لای خۆی لەگەڵ چەند شتێكی تردا نووسی ، لە پاڵ ئیمزاكەی خۆیدا ئیمزایەكیشی پێ كرد ، ئینجا ڕووی تێ كردو ووتی :

- ئێمە سوورین لەسەر ئەو ڕایەی بۆمان داناوی ..
- بەخوا بێ ئاوانم ...
- لەبەر ئەوەی خەڵكی ئێرە

دوو خوڵەك ئەو هەموو تووكەی سەری بتەبڕ كرد لە دەرگا ناوەبێیەكە كردی بەو دیوا .

وای هەست ئەكرد ئەو هەوایەی بەر سەرو گوێلاكی ئەكەوێت ، جیاوازە لەوەی ئۆزێك لەوەپێش لە كاتی دابێچ كردنیا بەر ڕەنگو ڕووە زەردەكەی كەوتبوو .. ترس و هەستی شەرمەزاریی وەكوو گاڵتە پێ كراوێك خەریك بوون كاسە سەری گەرمیان ئەبرد بە هەواداو ئە ملە باریكەكەیان

تایۆی ئەڵحی بێ ئیشیی لە هەموو ساتێك زیاتر بەر چاوی گرت .. وا بۆ ساڵێك ئەچێت شان بە شانی بەسەر شەقامەكاندا ئەسووڕێتەوە .. دۆستو ناسیاو ئەما سەر ئەكات بە ماڵیا ، دایەرە ئەما ئەچێت ، ئەو ڕۆژنامانەی تەنها لەبەر ئاگاداریەكان ئەی كڕین و چاوی سەرێ پێ پێیدا ئەخشاندن ، ئاو ئاقو سەر ڕەفەكانو لاپەنجەرە ژوورەكەیانی بێ دابۆشی ، بەڵام ئاگاداری یەك كە بۆلی ئیشی لێ بێتو لەگەڵ شەهادەكەی ئەمدا بگونجێت ، تیایاندا نەبوو .. تا وازی لە كڕینیان

هێنا . خۆ كەلكەڵەی ئاوی زڵ دێی وێرانی شەهادەكەی باخەڵیشی ، خوالەكات بهێڵێت مل بۆ فرمانێك راكێشێت كە شانو قوڵ ڕەتاندنی تێدا بێت .

هەر چەندە بڕیاریشیدابوو كە لەوە زیاتر سەر ئەكات بەماڵو دوكانی كەسدا بۆ ئیش ، بەڵام كەریمە ئەفەندیی كۆنە دراوسێیان خۆی بەخەی بێ گرتو ئەو نامەیەی بۆ نووسی كە بییاتەلای برادەرێكی خاوەن دەسەڵاتی لە بەغداو ئیشێكی لەو ئیشە ماقوولانە بۆ بدۆزێتەوە كە خۆی ئەیویست . بەڵام ئەم بەو مۆرەوە كە لێی

ئەو شوێنەی تیایدا بڕیاری مردنی بەسەر نامەكەدا دا . دەنگی هۆڕنی جۆبەجۆری ئۆتۆمبیلەكان ئاوازێكی تەماوی لەشەقامەكانی پاریسە بچكۆلەكەی مێشكیا ئەخولقاند ، لە پشتەوە قاقای پێكەنینێك وەكوو قامچی درا بەپشتیاو ئازاری درێژی لەسەر ئەخشاند ، هەر لە پێكەنینی كابرای پۆلیس ئەچوو :

- گەورەم ... ئەمەمان هێناوە .
- چی كردوە ؟
- بە دوای خراپەدا ئەگەڕا ، بەڵام زوو گرتمان ..

نیتەو بە دووای ئیشدا هاتوویت تەنها بەسەر تاشین وازت لێ ئەهێنین و نات نێرینە سەر تەلەفزیۆن تا نیشانی خەڵكیت بدەین .

- بەخوا .. گەورەم ..
- ببیەنە ژوورەكەی ئەو دیو .

پۆلیسە چەتەولە دان گرەكە ووتی :

- گەورەم ، بە چ مەكینەیەك سەری بتاشین ؟
- بە مەكینەی نمرە سفر .

ئیتر كابرای پۆلیس پەلی گرتو لە ژوورەكەی ئەو دیو لەگەڵ قاقای پێكەنینی تێكەڵ بە چكەچكی پیرە مەكینە ، جیا ئەكردەوە ..

- ئای چیم كرد بە خۆم .. بە ڕاستی گەلحۆم .

هەروەكوو ئێستای هەنگاوی خێرای ئەناو سەرنجی بێ نیازی ئەدا لە هەموو شتێك تەنها دەمو چاوی مەردمەكە ئەبێت كە بەتەواوی بێزار بووبوو لە بینینی زەردەخەنەی گاڵتەی سەر لێویان . لە سەرنج گێڕانیا پشیلەیەكی بۆری سیسەڵەی بینی كە سەری برسێتیی درێژ كردبووە سەر لێواری تەنەكەیەكی خۆڵ كە

بڕوانە ل - ٧

پێنج سات لەگەڵ « عەبدوڵڵا پەشێو » دا

دەمێكە سەعدای سەردانێكی كوردستان لە مێشكی دوام .. لە كاتگای دڵمەوە بڕیارمدا ئەوسەردانە لە ئەموزدا بەدی بێنم .. لەو كاتەی كە دەرگای هاوینەهەوارانی ... ئاوارەئەكرێن بۆ گەشتەكەرەكان .. تا لەو كاتەدا كەوتمە ڕێ كابۆ ئەوەی بەشنەی شەماڵی لێوارانی كوردستان و سروەی شەماڵی ... گیانی گومبووم لە كوردستان بحەسێتەوە .. بۆ ئەوەی دەمی ووشكم بەگەرماوی بەغدا لە سەرچاوەفێنكەكان تەڕبێتەوە .. بۆ ئەوەی ... بەپێشكەوتنی كوردستان لە ئەمنی ساڵێكدابگەشێتەوە .. سوچێكی كوردستانم دیار كردوو ڕووم تێ كرد ، پاش ماوەیەك گەیشتنە ئەم ... مەبەستی یەكەم و دووەم بەدی كران .. بەڵام بۆ سێیەمەكە هێشتان چاوەكانم هەر خەوالوون ، هاوێنەهەوارەكانم هەر بە هەتیوی ... هەزاران ئاخ و داخم هەڵكێشاو هاتمە سەرشەقام .. سەر چاوەی (جندیا) م جێ هێشت لەسەرشەقام ئەچارەگێك نە دوو ... بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە (ڕواندز) لە پڕێكا پیكاپ ئوتومبێلێك دەركەوت ، نزیكەی دە كەسی تێدا بوو پاش حەسانەوە منیش لە كەلێن گەڕانەوە ، لە ئەنیشت برادەرێكی ئەدیبی و ئەناسی لە پێشەوە دانیشتم .. قسەو گفتوگۆمان ... هەر لە ... بەكتر ناسین .. باسەكانمان لەسەر خۆشی و كەلكی كوردستان بوو بەڵام هەردووكمان ئاخمان بۆ ئەوەئەكێشا كەهێشتان ... ماوەیە ... بۆ ئەوەی كەهێشتان قەڵای محمد پاشای (ڕواندز) كە لە ساڵی (١٨٣٣)دا دروست كراوە ئاتێستا ئەبووە بەمۆزەخانەیەكی مێژوویی و نیشانەی خەباتی مێللەتی كوردی پێوە بێت .. لە پاشان قەتارەی قسە هاتەسەر باسكردنی شیعرو ئەدەبی كوردی ، وە شیعری تازە .. ڕایە جیاوازەكانم خەڵك بوون وردە وردە لێك نزیك ئەبوینەوە .. پاش ئۆزی بێ دەنگی مامۆستا هاتەقسەكردن ووتی : تۆ (برایم حاجۆن)ی بەڵێ : منیش عەبدوڵڵا پەشێوم .. بەكترمان ناسی یەوە ..هەر وەك دووبرا .. بەڵێ دووبرا دووهاوڕێ لەڕێگای نووسین دابەیەك ئەدوێن و سەبارەت پێشكەوتنی كوردی نووسین ئەنووسین .. كاك عەبدوڵڵا بەمەش ئەوەستا .. دەستی بردەوە گیرفانەكوردەواریەكەی دەفتەرە بچكۆلانەكەی خۆی دەرهێنا كەشیعرەكانی تێدا نووسی بوەوە وەبەزەحمەت پارچە شیعرێكی بەناوی (بۆخۆشەویستەكەم)بۆی دەرهێنام - چونكە دەفتەرەكەی كەوتبووە ئاوجۆگەكەی ناو - وپێشكەش كردم منیش بڕیارم دا كە لەڕێگای ڕۆژنامەی (هاوكاری)یەوە بە خوێنەرە خۆشەویستەكانم پێشكەش بكەم .. وە لەدوایدا هیوادارم بەوەی ئەم چەند سانەم لەگەڵ كاك عەبدوڵڵا پەشێودا ببێتە پێنج هەزاران سانی هەتاهەتایی لەپێناوی .. كوردایەتی .. دۆستایەتی .. مرۆڤایەتی .. دا بۆ خۆشەویستم »(١)
ئەمەش هۆنراوەكەی كاكی شاعیر (عەبدوڵلا پەشێو) .

(بۆ خۆشەویستم)

خۆشەویستم
كە ژوورەكەم ، جێ ئەهێلیت
ئیشكی خۆر ، لەژوورەكەما
بوخچەی خۆی ئەپێچێتەوە
میلی سعات ، خولی لەبیادئەچێتەوە !
كە ژوورەكەم ، جێ ئەهێلیت .. لەلام ئەڕۆی ،
دەورو پشتم ، وەك دارەمەیت
هەستی سڕم ، ئەگرێتەخۆی !
لە پەنجەرەو دەرگاكەوە ،
بۆ پێشم ، دەستی ژریان
كتێبخانەی بچكۆلانم ،
دیوارەكان ،
هەموو یەك یەك ، دێنە گریان
لە گەڵ منا دێنە گریان

(٢)

دێناسارده ..
ناو شەختەیە ..
دڵی تەنیام ، هەڵپەیەتی
بۆ لێوێكی ، گەرم ... گەرم ،
گەرم .. وەكو پشكۆیەتی !

(٣)

ج ڕوو نەدا ، باڕووبدا
دڵنیابە جێم مەهێڵە
باوەشی من ، بەهەشتێكە
ئەتپارێزێ ، لە ڕەهێڵە !

(٤)

ڕادیۆ داخە ..
دەنگی ( ) ئەمگرێنێ
لای لایەی فریشتەكانە ،
خەو بەسەرمانە ئەبارێنێ
ڕادیۆ داخە ..
ئەمەوێ بیرم لای تۆ بێ
لە چریەی چاووت بەولاوە ،
دنیا كڕ بێ ، وەك گلكۆبێ !

(١) كۆپلە یەكەمی ئەم هۆنراوەیە ، لە ڕۆژنامەی (ژین) بلاوكراوەتەوە ،لێرەداتەواوەكەی بلاو ئەكەینەوە . (عەبدوڵلا پەشێو) .

برایم حاجۆ

هەواڵەكانی كۆمەڵی هونەرو وێژەی كوردی

١ - كۆمەڵ بەشداری كۆنگرەی یەكێتی نووسەرانی كوردی كرد كە لەشاری هەولێر گیرا بەپێشكەش كردنی شانۆیی (جالی جەرگی پەرێزن) . لەنووسینی كاك حسێن عارف وەدەرهێنانی هونەرمەندكاك (احمد سالار) .

هەروەها جێگری سەرۆك ووتاری كۆمەڵی خوێندەوە كە بریتی بوو لەو گیروگرفتانەی رێگەی (هونەرمەندان و نووسەران)ی گرتووەو نایەڵێ گەشە بكەن .. بەتایبەتی تەلەفزیۆن و ئیستگە ..

٢ - كۆمەڵ بەبۆنەی بیرەوەری جەژنەكانو شۆرشەكانی تەمووزی پیرۆزەوە بەهاوكاری لەگەڵ یەكێتی گشتی نەقابەكانی كرێكارانی سلیمانی ئاهەنگێكی گۆرانیو مۆسیقاو شانۆیی پێشكەشكرد كەماوەی دە ڕۆژی خایاند لەسەرشانۆی هاوینەی نەقابەكان .

٣ - لەبەرواری ٥-٨-١٩٧١ كۆمەڵ چیرۆكی شانۆیی (جەنابی موفەتیش) لەسەر شانۆی ئامادەیی سلیمانی پێش كەش ئەكات .. چیرۆكەكە لەنووسینی چیرۆك نووسی ڕووسی ناودار (نیكولا گوگول) وەكاك (ڕەئوف حسن) كردوویە بە كوردیو مۆركێكی خۆماڵی پێدراوە .. وە هونەرمەند كاك (احمد سالار) دەری هێناوە بۆ سەرشانۆ .. وەكۆمەڵی لەباشترین هونەرمەندان دەوری تیابینێ .

٤ - نیازمانوایە چیرۆكی شانۆیی (جەنابی موفەتیش) لەشاری بەغدا پێش بكەین بەهاوكاری لەگەڵ كۆمەڵی ڕۆشنبیری كوردیدا .. وە لە هەمان كاتدا بۆ تەلەفزیون تۆماربكرێت .

لیژنەی پروپاگاندەی كۆمەڵی
هونەرو وێژەی كوردی

شین

عاسم هاو بیرم كۆچت لێ كردم
بۆلای یەزدان چوی پرست پێ كردم
كە هاتم بۆلات بۆ نەت گۆ دەروم
هەر بە پێكەنین دووی خۆت تێ كردم
بەجێت هێشت لێمان كاروانی ساوا
هەر چەند بە مەردی بۆت بەری كردم
هەرگیز پیرۆزبێ كۆچت بۆ بەهەشت
ڕووت لە باغانی ناو گوڵێ كردم
سامی ئەوداڵ

(١) ئەم چەند دێرە شیعرە،شاعیری میللی سامی عەوداڵ بە بۆنەی كۆچی دوایی تێكۆشەر (عاسم حیدری) بەوە وتوویەتی .

سكاڵا

فرید زامدار

دەبا غەم ریشەی دڵم دەربێنێ
باخۆشیو شادیم لەلا نەمێنێ
دەبا مەینەتو ئازارومانەم
گۆڕی یەكجاری بۆ من هەڵكەنێ
با لە ئارمایی ژینی خوێناوی
بەسەری ببەم ئەمەنی لاوی
گۆشەی تەنهایی پڕخەیالاوی
ببێ بە جێگەم ..
لە جیهانێكی لێڵو تەماوی
با خۆم وون بكەم ..
بزەو ئاوائی زەردەخەنەی لێو
با ووشك ببن و هیچان نەمێنێ
وەك مەل كێوی بۆ ناودەشت و كێو
هەموو باڵ بگرن من بەجێ بێڵن
لە تاریكایی ڕەشی شەوگارا
لە درێژایی سەختی ڕۆژگارا
گیان و جەستەو دڵ دەبابسووتێن
لە ناو ئاگری ئاسەوبادگارا

ڕووداوە گرنگەكانی ئەم مانگە

ئنور محمود

لەم مانگەدا گەلێ ڕووداوی مێژووی و داخ لە دڵانەی گرنگ ڕوویداوە بە تایبەتی بەنیسبەت نەتەوەكەمانەوەو بەگشتی بەنیسبەت جیهانەوە وە گرنگەكانیان ئەمانەن ..

● لە ٢٨ی ئابی ساڵی ١٧٤٦دا ، یادی لە دایك بوونی زانای ئەڵەمانی بەناوبانگ « گۆتە »یە .

● لە ٣ی ئابی ساڵی ١٩١٤ دا بوو كە شەڕی جیهانی یەكەم دەستی پێ كرد لە نێوان دەوڵەتەكاندا . وە زیانێكی زۆری دا لە گیانی مرۆڤو شارستانیەت .

● لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٢٢ دا ڕۆژنامەی « بانگی كوردستان » دەرچوو ،وەكەوتە ئاسمانی ڕۆژنامەگەری كوردی یەوە .

● لە ٢٣ی ئابی ساڵی ١٩٢٢ دا بەرامبەر بە یەكی گەلاوێژی ساڵی ٢٦٢٢ی كوردی شێخ مەحمودی نەمر بۆ یەكەم جار شاری سلیمانی ڕزگار كرد لە دەست ئیستعماری ئینگلیزی . ئەم ساڵە لە مێژووی كورددا ئەستێرەیەكی ڕووناكو گەشدارە چونكە لەو مێژوووەوە حكومەتی كوردستان دامەزرا بۆ ماوەی یەك ساڵ ژیا ، پێشەواكەی شێخ مەحمودی نەمر بوو . وە بۆ یەكەم جار زمانی كوردی بوو بە زمانی ڕەسمی لە نووسین و خوێندندا لە هەموو دائیرەو كاروباری حوكومەتدا ، وە چاپەمەنی وڕۆژنامەگەری كەوتە گەشە سەندن ..

● لە ١١ی ئابی ساڵی ١٩٣٧دا بوو كە (بەكر صدقی) شەهید كرا بە دەستی زۆردارو خوێن مژو بەكرێ گیراوانی نەتەوەكەمان وە جووە ریزی كاروانی شەهیدانی كوردستان

● لە ٢٤ی ئابی ١٩٤٢ دا بوو ، كە شەڕی ستالینگراد بەرپا بوو ..

● لە ٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٥دا بوو ، كە یەكەم بۆمبای ئەتۆم لە (هیرۆشیما) تەقا ، كەدرابە ئاگاداكی لە ژاپۆن لەلایەن ئەمریكاوە ، وە زیانێكی زۆری دا ..

● لە١٦ی ئابی ساڵی١٩٤٦دا بۆ یەكەم جار پارتێكی جەماوەریو دیموكراتی وبەهێز لە كوردستانی عێراقدا دامەزرا بە ناوی (پارتی دیموكراتی كوردستان) هەموو ساڵی هەر جۆنێ بێ یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە كراوەتەوە ، بەڵام ئەم ساڵ لە سایەیی شۆڕشی دە ساڵەی ئەم دواییەوە زۆر بەئاشكراو كارامانەو خۆشییەوە یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزو مەزنە ئەكەینەوە ..

هەر لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ٢٦٤٥ی كوردی‌دا (حزبی دیموكراتی كوردستانی - ئێران) دامەزرا .

● لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٤٥دا ئاگری شۆڕشی بەرزان هەڵگیرسا ، دوایی بە دوای شۆڕش و ڕاپەڕینەكانی نەتەوەكەمان . بۆ هێنانەدی كوردستانێكی سەربەستو میللەتێكی بەختیار ، وە سەدان قوربانی‌درا لە پێناوی هێنانەدی مافە پیرۆزە شێلكراوەكانی

كەلەكەمان و پاراستنی خاكەكە .

● لە ١ی ئابی ساڵی ١٩٤٩دا ، تیشكە زێرینەكەی «گۆڤاری گەلاوێژ» خۆشەویست كون پڕكراو سەری نایەوە بە دەستی زۆردارو دوژمنانی نەتەوەكەمان . گەلاوێژ لە مێژووی ڕۆژنامەگەریدا وەكو ئەستێرەیەكی گەشی پرشنگدار وایەو ئەدرەوشێتەوە . وەكە لێنێكی گەورەی پڕكردۆتەوە لە چاپەمەنی كوردیدا . ماوەی دە ساڵ لە مەیدانی تێكۆشانو خەباتا بووە ، لەوماوەیەدا (١٠٥) ژمارەی پێشكەش بە خوێنەری بەڕێز كردووە .

● لە ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٥٦ دا ، یادی كۆچی دوایی شاعیرو زانایی بەناوبانگی ئاینی (بێخود)ی نەمرە ..

● لە ١٥ی ئابی ساڵی ١٩٥٩ دا كۆنگرەی دووەمی مامۆستایان لە شەقلاوە گیرا ..

● لە ٢٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٠دا بوو ، كە كۆنگرەی پێنجەمی خوێندكارانی كورد لە بەرلین گیراوە دەورێكی باڵاو گرنگی هەبووە .

● لە ٣٠ی ئابی ساڵی ١٩٦٨دا بوو ، كە مامۆستاو مێژوو نووسی بە ناوبانگ « صالح قەفتان » كۆچی دوایی كرد ..

● لە١٤ی ئاب بەرامبەر بە ١٢ی جماد دووەم ساڵی ١٣١٠ی كۆچی شاعیری بەناوبانگو زانا (عەشقی) لە دایك بووە ..

پاشماوەی : ئەی مانگ‌ئیل نەبی

هەتا پێشکەوتی سەرمایەداری
زۆرتر نزیکە لە ڕۆژی تاری
ڕەنجی کرێکار ، زانین پێشکەوتن
بەکار ئەهێنرێن بۆ ژین ـ خۆشکردن
بۆ بنیاتنانی جەشنە دنیایە
هێند خۆش ، بە خەویش بە بیرا نایە
دنیای گەلان تیا بە نیاز گەیشتوو
دنیای بەگەل دووی یەك ئاوات کەوتوو
دنیا پڕ خۆشی ، دنیا پڕ شادی
بێچەوسانەوە پڕ لە ئازادی
وەك برا بژین پێکەوە گەلان
شارستانیەتی بگاتە ئاسمان
ئەوساکە مانگو زۆر ئەستێرەی جوان
ئەکرێنە مۆڵکەو هەوارگەی ئینسان
ئەڕازێنەوە بە دەستی (زانین)
بە ڕاستی ئەبێتە بە هەشتی بەرین
ئەوساکە ... ئەی مانگ! ئەشقی کۆنو نوێ
تێکەڵاو ئەبن هەروەك چەمو زێ
تۆی هەتا ئێستە دۆستی دوورەجێ
بۆ بەزمی یاران ئەبیە خانەخوێ

بەغدا ٢٩-٧-١٩٦٩

١ ـ والستریت : ناوی شەقامێکی تەنگەبەری (نیویورك)ە ، ڕەمزی سەرمایەداریو ئیمپریالیزمی ئەمریکی‌یە .
٢ ـ ستی : شەقامێکی (لەندن)ەو نیشانەی کاروباری دەسکەوتی ماڵ بەریتانیایە .
٣ ـ لەسەر ئەوتیۆرەی کە ئەڵێ مانگ لە ئەرز جیابۆتەوە .
٤ ـ پنتاگون: بینایەکی پێنج‌سووچە لە واشینگتون وەزارەتی دیفاعی ئەمریکی تیایە، ناوەکەی ڕەمزی شەڕو دەست درێژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی‌و کۆلۆنیالیزمی تازەیە .
٥ ـ سیا : دایەرەی‌جاسوسیەتی ئەمریکی‌یە ڕەمزی پیلان گێری‌و ئاژاوەنانەوەو شەڕفرۆشی‌یە .

پاشماوەی : ئەرەگۆن ..

هیچ شتێ‌ـج ئاگر چ هەورەتریشقە ـ لەمانەندی هێزی ئەوا نیە ..
پاریسەکەی من .. مەترسی‌یەکانی بەرەنگاری
جەنگاوەرە دلێرەکان ئەبێت ..
هیچ شتێ وەك پاریسی من شۆخ وشەپال نیە ..
بەر لە ئەمرۆ هیچ شتێ ئاوادڵی دانەچڵەکاندوم
هیچ شتێ ئەم تەبایی‌یەی نێوان فرمێسك‌و
بزەخەنینەم دوروست نەکردوە
وەك ئەم بانگەوازە گەرمەم‌بۆ هاووڵاتیانی سەرکەوتوم
هیچ شتێ بەقەد کفنێکی شیتاڵ‌شیتاڵ‌و
ڕسراو گەورە نیە ..
پاریس .. ئەو پاریسەی کە خۆی لەکۆت وزنجیر ڕاپسکاندوە !!

* * *

(مەرگ لەخۆشەویستی گەلێ ساناترە !!)

ئەمە پارچەیەکە لەنامەی ئەرەگۆنی شەیدا بۆ ئێلزای خێزانی .. لەوانەشە زۆربێ ئەوانەی دەوری ئێلزایان لەژیانی ئەرەگۆن‌دا بەشتێکی بەبایەخی تێ نەگەن ! بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئێلزا ئەتیا خێزان وهاوسەری ئەرەگۆن نەبوەو بەس ، یاهاوڕێ ڕێگەی‌ژیانی ئەرەگۆن ، بەڵکو ئێلزا هەموو شتێ بوو بۆ ئەم ، دڵی‌خڕبەداری ئەرەگۆنی شاعیر بوو ، لە ٥-١١-٩٢٨ داگەرەکی مومبارناژا ، هاوڕێی ولەیەك لەقاوەخانەکانی‌شاعیری ماباکۆفسکی ئەمر ، ئێلزای بەئەرەگۆن ناسانە ،وئەم دیتنەی ئێلزا بوو بەمایەی مەسەلەیەکی زاڵ‌لەسەربردەی ئەم شاعیرە دالگەرمە :

لەکاتی بەخێراو سست‌ڕۆشتوو ئەترسم
لەتۆش ئەترسم
ئەمەوی نهێنی‌یەکی مەزنت‌بۆ بدرکێنم
دەرگاکان خڕ داخە
مەرگ لەخۆشەویستی گەلێ ئاسانترە
بۆیە ، ئەی خۆشەویستم
ئاڵاوی ئەم هەموو ئازارو
هیلاکی‌یە ئەچێژم

ئێلزا لەژیانی ئەرەگۆن‌دابوو بە ئەفسانەیەکی زیندوو لەدڵ ومێشکی ئەرەگۆن‌دا بەیانتکەرا .

لەبارەی ڕۆژەگاروەئەدوێم
هەروەك چۆن پەرەسێلکە هەمیشە
ئەگەڕێتەوە بۆ هێلانەکەی لە بنمیچەکانا !

لەساڵی پارا کە ئێلزا دڵی لەلێدان کەوت ئەو شەشساڵەی کەئەرەگۆن فووی‌بەکونەکانا ئەکرد ، بەو ئەوەی بەدنیای ڕاگەیەنێ کەئەلوێ هەموو کەس وەك ئەو ببێتە خاوەن دڵێکی زیندووو ئەم جۆرە دڵداری‌یە ڕاستەقینەیە بەدی بکات :

دیدە قووڵەکانتم دی ، ئاوێنەبەندی هەموو
خۆرێکە وهەموو ناهومێدەکان ئاگری مەرگ
خۆیان تووڕ ئەدەنە ناویەوە ..
لەکاتی چەمانەوەم بۆنۆشینیان
دیدە قووڵەکانت .. مایەی‌شوون بزرکردنی
یادو هۆشی منن .
ئۆقیانووسی بەژاوەژاو خۆی لەسێبەری
باڵندەکانا مەلاس داوە
کەچی لەهیکرا کەشی زێرین ئەشنێتەوەو
چاوەشیرینەکانی تۆش‌ڕەنگ ئەگۆڕن .
دیدە کانت ، مایەی جارسەختی ئاسمانی پاش بارانە ..
شووشەکانیش ئاوردوخاش ئەکەی
بە (شین) یکی تۆخ‌هەڵئاگەڕێ

سەر لەئێوارەیەکی دلگیر..گەردوونی گەورە لەسەر ئەو ئاوێزە بەردانەی کە جەردەکانی‌دەریا ئاگریان تێ‌بەردا ، بەراش بەراش بوو .

کەچی من دیم لەسەرزەریاکە تەنیا :
دیدەکانی ئێلزا
دیدەکانی ئێلزا
دیدەکانی ئێلزا ، ئەبریسکێنەوە

وا ئەبێ تەنیا ئێلزا هەرئەم ئافرەتە مەردە بوە لەژینی شاعیرێکی وەك ئەرەگۆن ،بەڵکولەتەك ئەمەشا ڕۆژنامەگەرو نووسەرێکی لێهاتووش بووبەتایبەتی لەمەیدانی ڕۆمان نووسینا وەك (دڵدارانی ئەڤینیۆن) (ئیقیت مایتی سبی) ، کەچی لەتەك ئەم ناوبانگی‌یەشی دا لەدنیای ئەدەبیات‌و ووشەدا ، بەڵام‌خەڵك زیاتر بە خۆشەویست دلبەرو مایەی سروشتانی‌ئەرەگۆن ئاسیویانە !!

ئێلزا مردو ئەرەگۆن ما ،کەچی یادو ئەمەك وخۆبەختکردنی ئەم ژنەقارەمانە هێشتا بەردەوام هێزو توانست ئەبەخشێتە هەنگاوەکانی ئەرەگۆنی خەباتکەرو دلدار !!

١ ـ گۆڤاری ـ الاداب ـ ژمارە ـ ٦ ـ ساڵی ١٩٧١ ل٦٦ لەوتاری ـ قضایا الاداب‌والادباء ـ .
٢ ـ گۆڤاری ـ الاداب ـ ژمارە ـ ١ ـ ساڵی ١٩٦١ ل٥٤ ـ الواقعیة الاشتراکیة ـ غالی‌شکری .
٣ ـ هەمان سەرچاوە .
٤ ، ٥ ـ الاشتراکیة والادب‌د· لویس عویض ل ١٢ .
٦ ، ٧ ـ محمد مندور لەگفتوگۆکەیا کە فاروق شوشە لەگەڵی کردوە .
٨ ـ الجمال والفن د· کامل‌ماهر لەباسی (التعبیر)دا .

پاشماوەی :شێوەو ناوەڕۆك

ساغ کردنەوەی سەرچاوەی بەهێزی یا بێ‌هێزی بەرهەمەکە لەگەڵ پیشاندانی ئەو ڕووانەی دروشە گشتی‌یەکەیان بۆ پێکەوەنانەو ئەو کاریگەرە بەکارانەی پایەیەکی دیاریان بۆ داناوە .

هەندێ هەن تەنها لایەنی هونەری‌و داڕشتنی جوانی هۆنراوەکەیان لەبەرچاوە ، وەکو ئوسکار وایلد ئەڵێ : (هیچ نووسراوێك نیە ڕەوشت بەروەر بێت یان دژی ڕەوشت، ئەوەی هەیێ داڕشتنەکەیە یان پەسندە یا پەسند نیە ...)(٤) هەروەها ئەڵێ (هونەر هیچ سوودی تێدا نیە ...)(٥) .
هەندێکی تر هەن هەر ڕوو لە ناوەڕۆك ئەکەن بەو هەنجەتەی کە (ئەدەبەکەیان چۆنیەتی ـ واقعی ـ بەو لەتەنگو چەڵەمەو کێشەی کۆمەڵایەتی ئەدوێ بەبێ ئەوەی ئاگاداری لایەنی هونەری‌و داڕشتنی هونەری‌بەوە بین ...)(٦)
(بەلای منەوە پێوەری پێوان‌و هەڵسەنگاندنی هۆنراوە دوو سەرەیە ، یەکێکیان دروستی ناوەڕۆکو ئەوەی تریش جوانی وێنەی هونەری‌و جوانی دەربڕینە ...)(٧) بۆیە هۆنراوە هەرچەندە خۆی لار بکاتەوە ئاتێکەڵی جەماعیری ڕەنجدەرو چەوساوە بێتو ڕایانپەڕێنێت، نابێ ئەم خزمەت گوزاری‌یە لەسەر حسابی لایەنی هونەری‌بەوە بێت . بەم جەشنە ئەم دوو ڕەگەزە کە هۆنراوەیەك دروست ئەکەن نرخو پایەی هۆنراوەکە هەموو بەسەر ئەواندا کۆئەبێتەوە ، یاخود لەناخی تێکەڵاوی لەم دووەوە سەر هەڵئەدات بەڵام ئەوەندەش هەیە کە هەر قۆناغ‌و سەردەمو دەورێکی مێژوو جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی ڕەپێش ئەکات بۆیە بەپێی گۆڕانی دیالێکتیك ژیان کە لە چاخێکەوە ئەگۆڕێ بۆ چاخێکی‌تر هۆنراوەش بەردە گۆڕانی بەسەردا دێت ، بە ڕوخسارو ناوەڕۆکیەوە ! بەم جۆرە هونەر نواندنو نوێ کردنەوە لەمەیدانی ئەدەب هەردەم لە ئارادایەو هەموو نوێ‌یەکی تازە نوێ‌کۆن‌بووەکەی پێشوو ئەپلیشێنێتەوەو ئەیخاتە بەلاوە بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ جۆرە ئەدەبێکی تر خۆش بکات کە هەڵگری بەیامێکی پیرۆزەو لە قووڵایی ئەو کۆمەڵە هەڵقوڵاوە کەسنوورێکی کاتی شوێنی نیوەچڵی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە قسەکردن لە ڕوخسارو ناوەڕۆك بەشێوەیەکی تێکرایی لەوە زیاتر ناڕوا کەلایەنی بنچینەیی‌و دروشم‌و خاسە‌و‌یژی سەرەکی بخاتە ڕوو چونکە لێ دوانی ووردو قووڵ لەهەر بەرهەمێك بەستراوە بەو سەردەمەی کەتیایا هاتۆتە کایەوە .

بێ‌گومان کە ئێمە چاوەڕوانی جوانی‌و داڕشتنی هونەری ئەکەین لەبەرهەمێکا ئەو جوانی‌یە شتێکی (مادی) ووشك‌و برینك نیەکە هەرتەنها لەئاوازو دەنگ‌و ڕەنگی ووشەکاندا بێت‌و ڕوخسارەکەئارایش ماناو دیمەنەدەروونیەکانیش‌دایە بداتو بەس بەڵکو لەکاتێکای بۆیە ئەو کاتەی کە بۆنێز بەخورتی‌و بەزۆرەملێ شتێ بەسەر خۆیدا ئەسەپێنێ‌و دەمی لێ ئەدا ، لایەنی هونەری‌و جوانی وەك بۆشایی‌یەکی زۆر فراوان دەمێنێتەوە لە ڕوخساریش‌و ناوەڕۆکیشا جوانی ناوەڕۆك هەڵبەت لەو هەستە ناسك‌و خوڕبەداوە دایە کە بە هێمنی بەسەر هەستو ئەستی خوێنەردا ئەڕژێ‌و کەمەندکێشی ئەکات بۆیە (هێزی دەربڕین بریتی‌یە لەو هێزەی کەلە سەر هەندێ وێنەی تر ، هەر وێنەیەکی ئەبینی‌یەوە پەیدا ئەبێت‌و ئەڕژێتە ئەم هێزی دەربڕینەش کەنرخ‌و نموودێکی هونەری‌و جوانی ئەدا بە بەرهەمەکەوە ...)(٨)
بەکورتی بۆنێزی سەرامەدو لێهاتوو ، ئەبێ بەزرنگی‌و هۆشیاری خۆی بە بلیمەتی‌و هێزی داهێنان‌و دۆزینەوەیەوە بتوانێ لەهەستو سۆزو ووشەکانیەوە ڕاستگۆ بێت . وانە بەرهەمەکەی پارچەیەکی‌دا نەبڕاو بێت لە (وجودی) خۆی ... هەرکاتێ بۆنێزەکە ڕاستگۆ بوو وە لە ناخی ئاخی کردنەوەیەکی ڕاستەقینەی بێ‌گەیوی دەربڕی‌و بەزمانێکی پاك ئەزادی مشتو ماڵدراو وە بەداڕشتنێکی هونەری لێوەشاوە خستیە ڕوو ئەتوانێ هێزێك‌بدا بە هۆنراوەکەو پەردەیەکی ئەفسووناوی ڕاکێشەری بەسەردا بکێشێ ، ئەتوانێ شانازی ئەوەشی پێوە بکات کەکۆڕیەی دڵ‌و دەروون‌و هەستو سۆزیەتی .

پاشماوەی : پاریسە بچکۆلە

لە سووچی کۆڵانێکدا ترابوو ، برسێتی‌و لاکەی سەری زیاتر لەشە باریکەکەی ئەگشان تا ملی بکاتە ناو تەنەکەکە ، بەڵام لە ڕاستی بۆ ئەوەی ئاواتەکەی بهاتایەتە دی ئەبوایە بڕبڕەکانی پشتی لێك بترازانایە ، خێرا خێرایش چاوی‌ترس‌و برسێتی‌ی ئەگێرا بە ڕێبوارەکانی شەقامەکەدا ..

ـ ئەبێ ئەم پشیلە بەستەزمانە گوناهی چی‌بێت !· بەو پاشماوە فڕێ دراوە قایلە، ئیتر بۆچی بەردێك بسرەوێنێتە گازەرەی پشتی ! یان بیگرین‌و کوێ‌ی ببڕین !!· ئادەمیزادی ئاوانبار هەموو خراپەیەکی لێ ئەوەشێنێتەوە ..

چووبووە ژێری ، خەریك‌بوو سزای سەختی ئەنجامی کردەوەکەی کە دالغەی فراوانی پاریسە بچکۆلەکەی مێشکی بێ‌کرد ، لەگەڵ ژیانی تەسکی سنووردارێ‌پشیلەکەدا بەراورد ئەکرد ، قاقای پێکەنینی چەند هەرزەکارێك کە بەرەو ڕووی ئەهاتن ڕەتیان لێ تێکدا ، ئەمە یەکەم جارە بێ‌ی بێ‌ئەکەنێ بەڵام دوا جار نیە · پێشخی مووە قژ تاوەکانی سەرە پاك تاشراوەکەی کە ئێستا لەوێ گراونەتە تەنەکەی خۆڵەوەو تێکەڵ بەپارچەکاغەزو پاشماوەی فڕێ‌دراو بوون، وەکوو دەرزی‌ی تیژ ڕەپ‌و ڕاست بوونەوە ..
وا بۆ دووەم جار بێ‌ی بێ‌ئەکەنی‌و مۆری شەرمەزاری‌ی کاری خۆی کرد · تنۆکە ئارەق بە ناوچەوانیا ئەهاتنە خوارەوەو بە لا ملیا شۆڕ ئەبوونەوە ، شەقامە درێژەکەی ڕەشید هەر ئەئەبڕایەوە ، ئەمیش هەر ملی ئەنا بەرەو ئەو شوێنەی کە خۆیشی نەی‌ئەزانی کوێ‌یە ، ئەیویست بڕوات بۆ هەر کوێ بەڵێ بێت بەڵام بۆ ئۆتێلەکە .. نا ، بۆ ئەو گازینۆیەش .. نا کە هاوڕێ قوتابی‌یەکانی شارەکەی‌خۆیانی لێ‌دائەنیشت .

ـ ئای ئەمرە .. ئەگەر وەکوو ئەوان نمرەیەکی باشم ئەهێنا ، ئێستا منیش لەگەڵیاندا لێرە ئەم خوێند ، دنیاش جۆرێکی‌تر ئەبوو .. وا ئاوارەو هۆرکراو نەئەبووم .

بە تەواوی ماندوو بوو .. گەیشتە ئاستی چایخانەیەکی بچکۆلە ، بڕیاری‌دا لێ‌ی دانیشێت · لە پەنجەی ئەمدا تەنها دوو پیاوی پیری دانیشتبوو ، کابرای چایچیش پشتی کردبووە شەقامەکەو خەریکی زیادکردنی دەنگی ڕادیۆکە بوو کە بە هێواشی گۆرانی‌یەکی عەرەبی ئەوت · لەگەڵ دانیشتنا دەستەسڕەکەی لە گیرفانی جاکەتەکەی دەرهێناو پارچە کاغەزێکی قەد کراویشی لەگەڵ هاتە دەرەوە·· شەهادەکەی‌بووە لەگەڵ سڕینی ئارەقەکەی ناوچەوانی‌و لا ملی، کردیەوەو بە پانو بۆڕی لەسەر تەپڵەکەکەی بەردەمیا دانا ، لە دامێنی خوارەوەیدا بە ڕەقی نووسرابوو (المعدل ٥٢) .

بۆ زانین

مونافەسەیەی نهێنی ژمارە«١٠» بۆ دروست کردنی ئوتێلێکی سیاحی لە ئەحمەدئاوا لەناحیەی خورماڵ .

لیژنەی ژمارەیەك لە لیژنەی‌جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەی دروست کردنی ئوتێلەسیاحێکان لە هەیئەی ئاوەدان کردنەوەی باکوردا بڵاوی ئەکاتەوە کە مونافەسەیەکی نهێنی هەیە بۆ دروست‌کردنی بینای گازینۆیەکی سیاحی لە ئەحمەدئاوا بە پێ‌ی ئەم مەرجانەی خوارەوە :ـ
١ ـ مونافەسەکە پاکردنەوەی عەرسەکە ئەگرێتەوە لەگەڵ هەموو کاروبارێکی میعماری‌و ئینشائی‌و کارەبایی‌و میکانیکی‌و سحیدا لەگەڵ هەموو خەدەماتێکی تری عەمەلی‌و مادیدا .
٢ ـ هەموو ئیستیمارەی مونافەسەکەو خەریتەکانی بە لای لیژنەی ناوبراو بە ١٠٠ دینار چنگ ئەکەوێت وەجێگەی لیژنەکەش لە وەزارەتی کاروباری سەروو دایە .
٣ ـ پێویستە لەگەڵ عەتاتەکاندا تامیناتێکی پێشەکی لەگەڵدا بێت کە لە ٣٪ی نرخی مونافەسەکەیە ئەویش لەشێوەی کەفالەت‌نامەی بانقیدا وە یا بە چەکێکی باوەڕ پێکراو لەلایەن بانقێکی‌عیراقی‌یەوە بەو بارەیەی لە عەتاتەکاندا بەیان کراوە .
٤ ـ پێویستە بەڵێندەرەکە ئەندامی ئۆرفەی بازرگانی بێت‌و زەریبەی دەخلی دابێت‌و ئەو باوەڕنامەیەی هەبێت کە دەرەجەی بەڵێندەرەکان لەیەك‌جیا ئەکاتەوە وەئەبێ ئەو شەهادەو باوەڕنامانەی مۆری تازەکردنەوەی ساڵی ٧١-٧٢ی بێوە بێت لەکاتی کڕیندا .
٥ ـ لەسەر بەڵێندەر پێویستە لەگەڵ عەتاتەکاندا قائیمەیەك بەو ئیشانە پێشکەش بکات کەوەك ئەم ئیشەیەو لەمەوپێش کردوویەتی لەگەڵ ناوی ئەو جیهەتانەدا کە ئیشەکەی بۆ کردوون .
٦ ـ هەیئەتی ئاوەدان‌کردنەوەی سەروو وەرگرتنی کەم ترینی عەتاتەکان وەیاهەر عەتاتێك ناگرێتە ئەستۆی خۆی .
٧ ـ ماوەی تەواو کردنی ئیشەکە لە عەتاتەکاندا لەلایەن لیژنەوە بایەخی بێ‌ئەدرێت .
٨ ـ دوا ماوەی پێشکەش‌کردنی عەتاتەکان سەعات ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی‌ڕێکەوتی (٢٨-٨-١٩٧١)ە
٩ ـ هەموو ئەو عەتاتانەی‌دوای ئەو ماوەیەی کە لە فەقەرە ٨دا بەیان کراوە پێشکەش‌بکرێت پشت گوێ دەخرێت .
١٠ ـ عەتاعاتەکان لەزەرفێکی‌مۆرکراودا پێشکەش ئەکرێت ناوی مونافەسە نهێنیەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنووسرێت وەبە ناونیشانی « هیئةاعمارالشمال فی وزارە شوون الشمال » پێشکەش ئەکرێت .
١١ ـ وە بۆ بینینی وەسیقەکان‌و زیادی مەعلومات ئەتوانرێت لەمەکتەبی ئەندازیاری معماری کاك « عدنان زکی امین ـ عەمارەی‌مەرجان ـ لەمەیدانی ئەحریر بغداد » پرسیار بکرێت ،وەژمارەی تەلەفۆنیشی (٨٥٦٨٨)ە .

ئیمزا
محمد محمود عبدالرحمن
سەرۆکی هەیئەتی
ئاوەدان کردنەوەی سەروو
سەرەرای وەزیفەکەی خۆی

هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی‌سەروو .
لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت‌گوزاری‌یەکان ، لیژنەی ژمارە (١) .
مونافەسەی نهێنی ژمارە(٩) بۆ دروست کردنی ئوتێل گەشت گوزاری لە حاجی ئۆمەران .
هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی‌سەروو .. لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت گوزاری‌یەکان ـ لیژنەی ژمارە « ١ » بڵاوی ئەکاتەوە کەبینایەی ئوتێلێکی گەشت گوزاری لە حاجی ئۆمەران‌دروست ئەکات بەمونافەسەی نهێنی‌و بە گوێرەی ئەم مەرجانەی خوارەوە :
١ ـ بە گوێرەی مونافەسەکە ئەبێ ئەو ڕاستایی‌یە پاك بکرێتەوەو هەموو کاروبارێکی‌بنیاتنان‌و دروست کردن‌و کارەباو میکانیکی‌و ئەندروستی‌و شتی‌تر‌و هەموو جۆرەخزمەتێکی ماددی‌و عەمەلی‌تر جێ‌بەجێ بکرێت .
٢ ـ ئیستیمارەکانی مونافەسەکەو نەخشەکانی لە لیژنەی ناوبراو دەس‌ئەکەوێت کەبارەگاکەی لە وەزارەتی کاروباری سەروودایە ئەوەش بە « ١٥ » پانزە دینارە ئادرێتەوە .
٣ ـ پێویستە لەگەڵ عەتاکاندا تامیناتێکی سەرەتایی پێشکەش بکرێت کە بریتی‌یەلە ٥٪ نرخی مونافەسەکە بە کەفالەتێکی بانقی یان بەچەکێکی تەسدیق‌کراو لەلایەن بانقێکی باوەڕ پێ‌کراوەوە کەلەعیراق‌دا بە هەمان نرخ بێت .
٤ ـ لەسەر بەڵێندەر پێویستە شهادەی بەشداربوون لە ژووری بازرگانی‌و وەسیقەی‌تۆمارکردنی لەلای بەڕێوەبەرایەتی‌ی زەریبەی دەخڵ گشتی‌و شهادەی تەسنیفی لەلایەن لیژنەی تەسنیف‌کردنی بەڵێندەران لە وەزارەتی نەخشەکێشانەوە کرابێت‌بخاتەڕوو بە مەرجێك هەموو ئەم شهادانە بۆ ساڵی ٧١ ـ ١٩٧٢ دارایی تازە کرابێتەوە لە کاتی کڕینیان‌دا .
٥ ـ پێویستە بەڵێندەر لەگەڵ عەتاکانیا لیستەیەك پێشکەش بکات لەو کارانەی‌تیا بێت کە لەوەپێش کردوویەتی‌و لەم جۆرە کارەیە‌وە بۆ حسابی جی جیهەتێك کردوویەتی .
٦ ـ هەیئەتی ئاوەدان‌کردنەوەی سەروو بۆی هەیە ئزمترین عەتا یان هەرعەتایەکی تر بداتە دواوە .
٧ ـ لە کاتی ئیحالەکردنا‌ماوەی تەواو کردنی ئەو کارەی لە عەتاکەدا هەیە رەچاو ئەکرێت‌و ئەبێتە پێوانە .
٨ ـ عەتاکان تا سعات دووی‌پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢١-٨-١٩٧١وەرئەگیرێت .
٩ ـ هەر عەتایەك لەو کاتەی‌لە فەقەرە «٨»دا دانراوە دوا بکەوێت پشت‌گوێ ئەخرێت .
١٠ـ عەتاتاتەکان لەزەرفێکی‌خەتم‌کراو دا پێشکەش ئەکرێت‌و ناوی مونافەسە نهێنی‌یەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنووسرێت‌و بەناونیشانی هەیئەتی ئاوەدان‌کردنەوەی سەروو لە وەزارەتی کاروباری سەرووردا ئەنێررێت .
١١ ـ ئەتوانرێ وەسائیق‌وهەموو پرسێك لە نووسینگای دار العمارە لە جاددەی المغرب ـ بەغدا تەلەفۆن /٢٥٠٢١ وە ٢٥٠٢٢ · دەس‌بخرێت .

محەممەد مەحموود عەبدولرەحمان
سەرۆکی‌هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی
سەرووسەرەڕای وەزیفەکەی خۆی

هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی‌سەروو .
لیژنەی جێ‌بەجێ‌کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت‌گوزاری‌یەکان · لیژنەی ژمارە (١) .
مونافەسەی نهێنی ژمارە(٩) بۆ دروست کردنی ئوتێل گەشت گوزاری لە سنجار .
هەیئەتی ئاوەدان کردنەوەی‌سەروو .. لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت گوزاری‌یەکان ـ لیژنەی ژمارە « ١ » بڵاوی ئەکاتەوە کەبینایەی ئوتێلێکی گەشت گوزاری لە سنجار دروست ئەکات بەمونافەسەی نهێنی‌و بە گوێرەی ئەم مەرجانەی خوارەوە :
١ ـ بە گوێرەی مونافەسەکە ئەبێ ئەو ڕاستایی‌یە پاك بکرێتەوەو هەموو کاروبارێکی‌بنیاتنان‌و دروست کردن‌و کارەباو میکانیکی‌و ئەندروستی‌و شتی‌تر‌و هەموو جۆرەخزمەتێکی ماددی‌و عەمەلی‌تر جێ‌بەجێ بکرێت .
٢ ـ ئیستیمارەکانی مونافەسەکەو نەخشەکانی لە لیژنەی ناوبراو دەس‌ئەکەوێت کەبارەگاکەی لە وەزارەتی کاروباری سەروودایە ئەوەش بە « ١٥ » پانزە دینارە ئادرێتەوە .
٣ ـ پێویستە لەگەڵ عەتاکاندا تامیناتێکی سەرەتایی پێشکەش بکرێت کە بریتی‌یەلە ٥٪ نرخی مونافەسەکە بە کەفالەتێکی بانقی یان بەچەکێکی تەسدیق‌کراو لەلایەن بانقێکی باوەڕ پێ‌کراوەوە کەلەعیراق‌دا بە هەمان نرخ بێت .
٤ ـ لەسەر بەڵێندەر پێویستە شهادەی بەشداربوون لە ژووری بازرگانی‌و وەسیقەی‌تۆمارکردنی لەلای بەڕێوەبەرایەتی‌ی زەریبەی دەخڵ گشتی‌و شهادەی تەسنیفی لەلایەن لیژنەی تەسنیف‌کردنی بەڵێندەران لە وەزارەتی نەخشەکێشانەوە کرابێت‌بخاتەڕوو بە مەرجێك هەموو ئەم شهادانە بۆ ساڵی ٧١ ـ ١٩٧٢ دارایی تازە کرابێتەوە لە کاتی کڕینیان‌دا .
٥ ـ پێویستە بەڵێندەر لەگەڵ عەتاکانیا لیستەیەك پێشکەش بکات لەو کارانەی‌تیا بێت کە لەوەپێش کردوویەتی‌و لەم جۆرە کارەیە‌وە بۆ حسابی جی جیهەتێك کردوویەتی .
٦ ـ هەیئەتی ئاوەدان‌کردنەوەی سەروو بۆی هەیە ئزمترین عەتا یان هەرعەتایەکی تر بداتە دواوە .
٧ ـ لە کاتی ئیحالەکردنا‌ماوەی تەواو کردنی ئەو کارەی لە عەتاکەدا هەیە رەچاو ئەکرێت‌و ئەبێتە پێوانە .
٨ ـ عەتاکان تا سعات دووی‌پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ٢١-٨-١٩٧١وەرئەگیرێت .
٩ ـ هەر عەتایەك لەو کاتەی‌لە فەقەرە «٨»دا دانراوە دوا بکەوێت پشت‌گوێ ئەخرێت .
١٠ ـ عەتاکان لە زەرفێکی‌خەتم‌کراو دا پێشکەش ئەکرێت‌و ناوی مونافەسە نهێنی‌یەکەوژمارەکەی لەسەر ئەنووسرێت .
١١ ـ ئەتوانرێ وەسائیق‌وهەموو پرسێك لە لیژنەی جێ‌بەجێ کردنی پرۆژەکانی ئوتێلە گەشت گوزاری‌یەکان / لیژنەی ژمارە (١) بکرێت کەلەوەزارەتی کاروباری سەروودایە .

محەممەد مەحموود عەبدولرەحمان
سەرۆکی‌هەیئەتی کاروباری سەروو
جگە لە مووچەکەی خۆی

برای جوتیار :
نەخشەو ڕێکوپێکی لەژیانی ڕۆژانەماندا نیشانەی پێشکەوتنە ...
دەبەستێش لە سەر ژمێری گشتی کشتوکاڵیش دانانی نەخشەیەکی
ڕێکوپێکە بۆ بەرزکردنەوەی پلەو ڕادەی کشتوکاڵ لەعێراقدا .

هاوکاری

ژمارە : ٣٩
١٤ی ئابی ١٩٧١

هاوکاری و خوێنەران

ئومێد

برایان (صبحی غفور ساڵەیی لە کەرکوکەوە (نامەیە بۆ سودانیەک) ـ طاهر حسین هەمەوەند ـ هەولێر ـ سەردار عبدالکریم قادر ـ هەولێر ـ هوشیار عبدالکریم ـ هەولێر ـ ئیسماعیل روژبەیانی ـ کەرکوک ـ فاروق رضا داوودی ـ عبدالله عمر هەمەوەند ـ ئەمین زەنگەنە ـ هەولێر ـ حمید قەرەداغی ـ کەرکوک ـ رحیم بێناز ـ سلێمانی ـ محسن غەزایی سلێمانی جەودت حسن ساڵەیی ـ جەلیل زەنگنە) بیورن ، هیوادارین بەرهەمی داهاتووتان سەرکەوتووتر بێ ٠

● کاک محمد محمود امین قەرەداغی لە هەولێرەوە :
هاتنەوەتان منوریکی هەیە ، سەرەڕای ئەمەش زۆر جار شتی وا بڵاوئەکەینەوە کە سەرکەوتوو نیە ٠ بۆ ئەوەی ئەو نووسەرانە هان بدەین شتی چاکتر بنووسن ٠

● کاک جوامێر لە هەولێرەوە :
وەکو بیستومانە چەند (نسخە) ێکی ئەو شیعرەت کردۆتەوە بەبێ ویستمان ئەزانی دووبارە بڵاوی بکەینەوە ٠

● کاک ئەحمەد حوسەین لە سلێمانیەوە :
هەستی قوتابیەکی کورد ، سەرکەوتوو نەبوو ، هەروەها (بانگی رابەرین) کە لە رووی دارشتنەوە ، لە بەختسان ئەچوو ٠

● کاک دلشاد علی :
ئێمە هیچ بەرهەمێکی ئەو شاعیرە تازە پێگەیشتووەمان نەبینیوە ، شاعیری تازە پێگەیشتوو بە بەرهەمی خۆی، خۆی ئەرزێنێ ٠ ئەوسا ئێمە بەشوێن (بەهرەوەرە) کەمت ئەگەڕێین ٠

● کاک عثمان شارباژێری :
منیش هەمان (بەند)لە هەمان مامۆستای خۆشەویست بیستووە ، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەنیە ٠٠ ببورە ٠٠

● کاک دلشاد مەریوانی لە سلێمانی :
جارێ ئەو جۆرە ئەدەبە بڵاوناکەینەوە ، نازانم لەگەڵ رۆژنامە یا گۆڤارێکی کوردی هەبێ ئەو جۆرە شیعرە بڵاو کاتەوە ٠ ببورە قوربان ٠

● برایان عبدالله یوسف لە هەولێرەوەو کاک ئەحمەد رەنجور لە سلێمانیەوە :
باسەکانتان گەلێ سەرکەوتوون بەڵام لەبەر چەند هۆیێک وابەباشمان زانی دووای خەین ٠

● برایان دڵنیا لە سلێمانی و کاک شەپولی حارانانو کاک رووتە لە کەرکوکەوە ٠٠ تا ناوو ئەدرێستان نەنێرن بەرهەمەکانتان بڵاوناکرێتەوە٠

● کاک جەلال سەعید لە لە سلێمانی ٠٠
(جیتداوە لە ئاتیس) تێنەگەیشتین !! یعنی چی باسی (٠٠٠٠) !

● کاک محمد رشید محمد لە بەشی کوردی ـ ئاداب :
کاکی برا کورتە چیرۆکەکەت زۆر دوور و درێژ بوو!!ئەگەرچی وەرگێڕاوەکەت سەرکەوتوو بوو ٠

● کاک ئەمین سەربانی لە بنگرد :
با رچەی فولکلوری بنێری چاکترە ٠

چۆمی نیلی شینو سپی
لە پایتەختی سێگۆشەدا
یەک گرنەوە ٠٠
دواجار دۆستو هاورێکانتان
لە ئامێزی سێدارەدا
ببیننەوە ٠٠!
فریاکەون ٠٠

●

منالەکان لەسەر رێنە
جوتیارەکان ٠٠
لە ناو کێلگەی گەنمە شاما
چاوەڕێنە ٠٠
ئەیانەوێ فرمێسکی گەش
بۆ رۆڵەکانیان بنێرن
پەیمانی تۆڵەسەندنیان
بە گەروی ئێوە بسپێرن

●

چۆمی نیل شینو سپی
ئەوانەی لە هیندی ـ چینا
مەرگیان رواند
لە فەلەستینی عەرەبا
هەزاران خێزانیان
رەتاند ٠٠
بە تەقەیەک ٠٠

(هیروشیما)یان لە خوێنی
خۆیا مەیاند !
لە بۆلیفیا ٠٠
(گیفارا)ی ئاگرین سوتاند
زمانی هەشت ملیۆن کوردیان
لە وولاتی تورکیا قرتاند
جاجۆن هاورێکانی ئێوەو
کوڕی جوتیار ئاخنکێنی
قولەرەشی کێلگەی پەمو
بە پەتەوە رانازێنن !!

●

فریاکەون ٠٠
منالەکان لەسەر رێنە
جوتیارەکان بە پاچەوە
چاوەڕێنە ٠٠
لە ئاسمانی خاکی رەشا
خوێن بارێنە
دڵی ئازادی خوازەکان
بڕی قەوارەی برینە
فریاکەون ٠٠
لە (خەرتوما) یەک گرنەوە
دوا جار کوڕی جوتیارەکان
لە ئامێزی سێدارەدا
ببیننەوە ٠٠

پێشکەشە بە شەهیدەکانی سودان

باوەڕکردن و تەنگوچەڵەمەی باوەڕکردن

● ئەو ساتەی کە ئەڵێن باوەڕمان بەم مرۆڤە نیە واتە متمانەمان پێ نیە و بەراستی نازانین ٠٠٠ وە ئەو ساتەی کە ئەڵێن باوەڕمان بەم شتە هەیە واتە بەراستی ئەزانین وە لە هەمان کاتیشدا ئامادەین بروای خۆمانی پێ ببەخشین ٠٠

٠٠ وە یا خود بە ئاینێک و بەم پێیە ئەتوانین بڵێین « باوەڕکردن » : ئیمانێکی قوڵە بەکەسێک یاخود بە بیروباوەڕێک تیوریێک ٠ ئەم ئیمانە لە دڵو دەروونی مرۆڤێک یا کۆمەڵێک هەڵئەقوڵی ٠٠ چونکە تاقی کردنە وە سودەکەی بۆ ئەم کەسانە سەلمانەوەو رۆژ بەدوای رۆژ لەمێشکیان زیاتر جەسپاوە و لە خورەوشتی کۆمەڵایەتیان خۆی نواندوە ٠ لەبەر ئەمە بە شتێکی پیرۆز و بەرز ئەیزانن و هەوڵ و تەقەلا ئەدەن بۆ پەرەپێدان وبەرەسەندنی ئەم بیروڕایانە ٠٠ وە بۆ بەدی هێنانی ئەم ئاواتە گشت هێزو وتوانایان تەرخان ئەکەن

● بێ گومان ئەگەر یەکێک هەڵگری بیروڕایەک بێو خاوەنی عەقیدەیەک بێت ٠٠ ناتوانێ ئەم بیروڕایە لە خەڵق بشارێتە وەو لە چاوی خەڵکی بیهێڵێ ٠٠ چونکە ئاگری ئەم بیروڕایە لە مێشکی جوش ئەخوا و ئاوازی ئەدائێ هەتا هەڵگرەکەی عمری ئەبڕێ و ئاشکرای ئەکات و لەبەرئەوەی گوێ بداتە ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە رێگایا ئەوەستێ وەبێ ئەوەی رژێمی کۆمەڵ و چەوساندنەوەی کار بەدەستان و گلەیی خزم و کەسان بتوانێ تۆز قاڵێک کاری لێ بکاو لەم رێبازەی گرتویەتی لای بدات ٠

● هەر بیروباوەڕێکی نوێ کە بۆ یەکەم جار ئەخرێتە بەر دەم کۆمەڵ ٠٠ خەڵقەکە ئامێ لێ وەرناگرن ٠٠ وە وائەزانن ئەم بیروڕایە لەگەڵ سروشتی کۆمەڵەکەیان ناگونجێ و رژێمی کۆمەڵو خوورەوشتی خەڵقەکە دوچاری مە ترسی ئەکات ٠٠٠ لەبەر ئەمە بە پێویست دەزانن بێنە بەرەنگاری و قەلاچۆی بکەن ٠

ئەوەی شایانی باسە ، مەرج نیە هەموو شتێکی نوێ خزمەتی کۆمەڵ بکات ٠٠ بەڵام ئەو کەسانەی بە چرای زانست مێشکیان رۆشن کراوە ٠٠ چارە نوسی خۆیان بە چارە نوسی جینە رەنجدارەکانی میللەتەوە بەستوە ٠٠ [illegible] کۆمەڵ ئاواتانە ٠٠ ئەمانە خەباتێکی [illegible] ئەکەن بۆ تەفروتونا کردنی [illegible] ئەو مەفاهیمانەی رژێمی جینێکی ستەمکار وپارێزیت هەمور [illegible] و بیروڕای تایبەتی ئەدائەی بەسەر کۆمەڵەکەیانا گێشاوە [illegible] و خاشی ئەکەن : بیروباوەڕ چەکێکی [illegible] و کاریگەری ئەمانە ٠٠ لەبەر ئەمە تەقەلایەکی زۆر ئەدەن بۆ بڵاوکردنی مەفاهیمی تازە نواندنی هەڵوێستی نوێ ، بەجۆرێ لەگەڵ ئاوات و ئامانجی جینە چەوساوەکان دا بگونجێ ٠٠ واتە رازی نابن تەنها شت بروخێنن و هیچی تر ٠٠ بەڵکو لەپاتی ئەوشتە پیسەی ئەیڕوخێنن ، شتێکی باشتر ئەدەنە دەست ٠٠ چونکە روخاندن مەبەستو ئامانج نیە ٠٠ بەڵکو یەکەم هەنگاوە ٠٠ ئامانجی هەرە گەورە بنیات کردنە ٠٠ ئێمە کە خانویەک ئەروخێنین ، پێویستە خانویەکی باشتر و چاکتر لە شوێنی ئەودا دروست بکەین ٠٠ تا خەڵقەکە بێ خانو نەمێنن !٠٠

● هەندێ کەس هەن دروشمیان تەنها روخاندنە وبەس ٠٠ روخاندنی شتی کۆن بەبێ ئامانج ٠٠ روخاندنی هەموو شت بە باش و بەخراپ بە بێ ئەوەی شتێکی نوێ لە شوێنی ئەمشتانەی ئەیان رمێنن بدەنە دەست ٠٠ بە بێ ئەوەی رەچاوی ئەو خورەوشتە چاکو باشانەی بکەن کە پێویستە باوەڕ بێت ٠٠

ئەگەر ئێمە روخاندنی ئەو بەری ئاواتمان بێت ٠٠ کۆمەڵە کەمان ئەوساتە دوچاری [illegible] لێنێکی واوان دەبێت ٠٠ [illegible] عالەمەکە ئەشێوێ و تووش [illegible] تەنگوچەڵەمەی باوەڕکردن دەبێ ٠٠ واتە هیچ تەرزویەک نامێنێ کە بەهۆی بتوانێن باش وخراپ لەیەک جیا بکەینەوە ٠

واتە خەڵقەکە واقیان وور ئەمێنێ و نازانن بە چ رەوشتێک و بیرو باوەڕێک باوەڕبکەن ٠٠ چونکە کۆن بزر لەدەست چو٠٠ شتێکی نوێش نیە جێگری ئەم کەلێنە بگرێت جگە لە وون بوون لە دەریای ئەدەمیەت و ئەبەلیەتو بێ باکی و لە خوابێ بوون !٠

لەبەر ئەمە پێویستە کالی ووریا بێ و بەووردی رەچاوی هەربیروتنەوە یەک بکەین ولێ بکۆڵینەوە بەر لەوەی وەک حوت قوتمان بدات ٠٠

هەموو رۆشنبیرێکی دڵسۆزو شۆڕشگێر ئەبێ بەئازایانە بەرهەڵستی ئەو کەسانە بکەن کە هیچ رێو شوێنێکیان نیەو باوەڕیان بە هیچ بیروباوەڕێکی بەرز ولینانی نیە ٠٠٠ پێش ئەوەی کۆمەڵەکەمان دووچاری داوی وون بوون و کوێنی بێ باوەڕی بکەن ٠

هەدیاب

لەمانەوە ئەفەرموێ

سەرپەست

وەکو بیستوومانە هەرزەوەکیلێک لە شارێکی خامۆشی کوردستانا ، لەکۆبوونەوەیێکدا لەگەڵ دەستەیەک کە خۆیان بەروشنبیرو نووسەرو ئەدیب دەزانن ، فەرمویەتی ٠

(ئێوە نابێت هاوکاریی ئەو کەسانە بکەن کە لە (هاوکاری)دا ئەنووسن ، چونکە (هاوکاری) ئۆرگانی ،،،یە !!)

⊙ ⊙ ○

جا سەیر لەوەدا نیە کەئەم کاربەدەستە لەکاتی ئەم قسەیەیدا ئەوەی لەیادچووە کەوا خۆی موچەخورێکی هەمان حکومەتە لە هەمان شاردا ، ئەوەی لەبیرچووە کە خوێنەرانی کوردی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر (هاوکاری) ئەخوێننەوەو ئەزانن چی تیا بڵاوئەکرێتەوەو ئەو نووسینانە خزمەتی کێ ئەکەن ، ئەوەی لەبیرچووە کە (هاوکاری) بە باوەڕی زۆربەی زۆری روشنبیرانی کوردپەروەر لە تەواوی کوردستاندا تاکە رۆژنامەی پێشکەوتن‌خوازە کە دەربڕی راستەقینەی ئاوات و ئامانجی جەماهیری کڵۆڵو رەنجدەری کوردستانە ، ئەوەی لەبیرچووە کە ئێمە هەرگیز وەکو جەنابی هەرزەوەکیل(خطرجعه)مان نەبووە نیە ٠٠ وە ئێمە رێ‌دەوی کوردایەتی‌و پارتی پێشرەوی خەڵقی کوردستان بەرەهبەری پێشەوا بارزانی بەجێ ناهێڵین ٠

هەرزەوەکیل شاری خامۆشان ، وائەزانێ بەم ، نرخی (هاوکاری) کەم‌ئەکاتەوە لەچاو خوێنەرانی کوردا ٠

⊙ ⊙ ○

بەڵێ خوێنەری بەڕێز هەموو ئەمانە سەیر نیە ، بەڵام سەیر لەمەدایە ئەوچەند روشنبیرو نووسەرە کوردە کە خۆیان بە نیشتمانپەروەرو دیموکراتی‌و پێشکەوتن‌خواز ئەزانن !!هیچ قسەیەکیان نەکردووە، بەڵکو هەندێکیان هەمان قسەیان دووبات کردۆتەوە ، ئەویان لەبیرچووە کە خۆیان چەندین جار لەپێشکەو تەلەفزیۆنی هەمان هەرێمەوە قسەیان کردووە بەرادیۆ ، ئێستاش هەزار منجکەمنجکە بۆهەمان مەبەست ئەکەن ٠

بەراستی ئەمەیە (بانێکەو دوو هەوا) !!
ئێمە بەم جۆرە کەسانە ئەڵێین : هیچ لەو خەیاڵەدا نەبن کە ئێمە رۆژێ لەرۆژان لە بزوتنەوەی شەرفمەندی کوردایەتی دوورکەوینەوە ، وەیاخود رۆژێ لە رۆژان سەرکی سەرشانی خۆمان بەرامبەر نەتەوەی کوردی دیلوچەوساوەو وڵات دابەشکراوەکەمان بەجێ ئەهێڵین ٠

ئەمانەی ئەیانەوێ دیوارێکی رەشی ئەستور دروست بکەن بەرامبەر بڵاو کردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتن‌خوازی کوردایەتی ، لەراستیاخۆیان هەڵدەفریوێنن ٠٠٠ چونکە نەتەوەی کوردی دلێرمان ٠٠٠ رەشورووتو چەوساوەکانی کوردستان ، پێشمەرگە بەشەرەفو کۆڵنەدەرەکانی سەنگەرانی بەرگریو قوربانیدان ، بێوەچان ، ئەیزانە ، چەنگاوەرانەو بێ‌پەرواو لەبەر تیشکی پرۆزی بیروباوەڕی کوردایەتی پێشکەوتن‌خواز ، شان‌بەشانی گەلی عەرەبی براو سەرجەم گەلانی گێتی، هەنگاو بەشەوێن هەنگاوئەرەو پێشەوە ئەڕۆن رووەو ئازادی‌و رزگاری‌و راماڵینی یەکجارەکی ستەمی نەتەوایەتی‌و چەوساندنەوەی چینایەتی

⊙ ⊙ ○

ئێمە بەم جۆرە کەسانە ئەڵێین : کەوا (هاوکاری) زمانی حاڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزو نیشتمان‌پەروەرو پێشکەوتن خوازە، جێگای بەیەک گەیشتنی جۆرەها قەڵەممو پارەش نادات بەکەس تاتیا بنووسێت !!

تەنیا ئەوەند ئەڵێین ئایابۆ جەنابی هەرزەوکیل شاری خامۆشان وا باشتر نەبوو لە جیاتی ئەم قسەو قسەلۆکەی ، ئەختێک ناوڕلەو شارە کەساسە بداتەوە کە تووشی بووە بەتووشەبەوە !!

⊙ ⊙ ○

ئێمە لەکاتێکا ئەم حقیقەتانە ئەخەینە بەردەم خوێنەرانی کوردی بەرێزبەو بێ‌یەی کە حەقیقەت رێ‌نیشاندەری خەباتەو ئەبێ‌هەموو راستییێک بە جەماهیر بوترێ ، دڵنیاین کە خوێنەرانی بەرێز حوکمێکی عادڵانە ئەدەن بەرامبەر ئێمەو بەرامبەر ئەو جۆرە کەسانە ٠

هەروەها دڵنیاین کوردایەتی هەر رزگاری ئەبێ چونکە رەنجدەرانی کورد سووتەمەنی ئەدووانەهاتوی کلپەی پیرۆزی خەباتن ٠٠ چونکەشاخە بەرزەکانی کوردستان ٠٠ سەری سەرەوە ٠٠ماوەو٠٠ هەر ئەمێنێ ٠٠ چونکە خۆری راستی بەبێژنگی‌درۆو دەلەسە ناشارێتەوە٠

میللەتێکی چەوساوەو رەشو روتو برسی ، میللەتێکی هەڵخەڵەتاوی ئەفسانەو جادوگەری‌و دیلی قسەی پوچو باوئەماو ٠٠ میللەتێکی بلیشاوەی ژێر پێی دەرەبەگو چەوسێنەری دژەمۆو بێ وژدان !! میللەتێک هەزار داوو پیلان بۆ ئەهێنن، ناو سرینەوەی نراوەتەوە !!

● تا لەو دنیا تاریکو ئەو واقیعە تاڵە وەک زەهرەدا خۆم دۆزیەوە !! ئەم دۆزینەوەیە دووشتی گرنگی دایە دەستم یەک ئەو راستییەی کە دەمێک بوو وێڵ بووم بەدوایەداو بۆی ئەگەرام ٠ دووەم ئەو گێژو خولەی ئەم خواردو ئەو ونی‌یەی کە ئەم ئەزانی چێکەم لە کوێدایە !! هەمووی لە بەراستی گەرانێک بە دوای خۆمدا دۆزیەوە ٠٠

نوری حەیدەر

لەم گۆشەیەوە

لە دوای گەرانێکی زۆرو خول خواردن گێژ بوونێکی تەواو لە ئەنجامدا خۆمم دۆزیەوە ٠٠ منی ون !! خۆم لە بەردەم واقعی ئەمرۆی نەتەوە لێ ئەوماوەکەمدا دۆزیەوە ٠٠ نیشتمانێکی لەت لەت نەتەوەیەکی پرشو بڵاو نەخوێنەوارو بر نەخۆشیو داکەوتوو ٠٠ خۆم لە بەردەم ئەم واقیعە تاڵەدا دۆزیەوە !!

● خۆم لەبەردەم کەم تەرخەمی‌ی خۆمدا دۆزیەوە !! کەم تەرخەمی‌و گوێنەدانی لاوێکی کورد بەرامبەر نەتەوەیەکی تۆقاوی مەترسی لە ناو بردنو نەهێشتن

● هەتا ئێرەی بەردەم بوو! بەڵام دیوی ئەو دیوی‌و ناوەوەی

جا ئەمە چیە ٠٠٠ من حەیوان گیانم

سەرنجێک

کۆمەڵێ دۆستو خوێنەری بەرێزی « هاوکاری » بە پەرۆشەوە ئەو ژمارانەی « هاوکاری » یان بۆ ناردین کە لەکاتی خۆیدا داوامان کردبوو٠

لە کاتێکا سوپاسی بێ‌پایانی هەموو ئەو برادەرانە ئەکەین ، هەر وەکو بەڵێنمان دابوو ژمارەکانی «هاوکاری» پێشکەش بەو برادەرانە ئەکەین کە لە ئەنجامی « حق و بەخت » دا ناویان دەرچووە ، هیوادارین بە زووترین کات ئەدرێسەکانیان بۆمان بنێرن :

١ ـ بەشارەت جەمال‌موختار بەشداربوون بۆ ماوەی ساڵێک٠

٢ ـ سەلاح عەبدولقادر ، بەشداربوون بۆ ماوەی ساڵێک٠

٣ ـ توانا جەلال توفیق ، بەشداربوون بۆ ماوەی شەش مانگ ٠

٤ ـ شێخ حەسەن عەوالانی، بەشداربوون بۆ ماوەی شەش مانگ ٠

هەروەها کۆمەڵێک برادەری تریش بەشێک لەو ژمارانەیان ناردووە کە داوامان کردبوون ، زۆر سوپاسی ئەوانیش ئەکەین هیوادارین وێنەیان زۆربێت ٠

« هاوکاری »

چەند ووشەیەک

خوێنەری بەرێز :ـ یەکەم جاری کارکردنم لە رۆژنامەگەریدا ، وام ئەزانی کەس لە خۆم زیاتر نازانێت ٠٠٠ وهەرچیەکم ئەنوسی ناوێکی ئلی خۆمم پێوە ئەنا ٠٠ بە حیسابی تێ گەیشتنی ئەوسام ئەم ووت ٠٠ دوو بەشی خەڵکی لەبەر نووسینەکەی من رۆژنامە ئەکرن ٠٠٠ وەهیچ نەبێت ئێستا بەلای کەمەوە ٠ ناوەکەم لە بەر دەستی دەیان رۆشن بیرو زانا دایە ، وباسی لێ‌هاتوویم ئەکەن ٠٠٠٠ هەروەها سەردەمێکیش چوومەئێزگە ٠٠ لەوێش بەهەمان هەڵەو خەیاڵ پلاودا چووم ، بەڵام پاش ماوەیەک ئەجروبەو دەرسی رۆژانەی ژیان ، وکەمێک وورد بوونەوە وەسەر خۆیی ٠٠ گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هەرچیەکم بە خەیاڵدا هاتوە ، بەپێچەوانەی راستیەوە بوە ٠٠ بۆم دەرکەوت کە رۆژنامە نووس هیچی لە کریکارێک زیاتر نیە، وخەڵکیش بەهیچ جۆرێک ناوی رۆژنامە نووسیان بەفکر نایەت کە رۆژنامەیەک یا گۆڤارێک ئەخوێننەوە ، لەوە زیاتر کە بۆ بەسەر هاتو ژیانی رۆژانەی خۆیان ئەگەرێن ، وخۆیان ئەخوێننەوە ٠٠٠ وەهەر بەو جۆرەش بووم کە گوێ لە دەنگم گرتەوە ٠٠

« ئازاد »

بەولای هەونە

ئامادەکردنی
هێرە محمد سلطە

مەتەڵ شارە پیە لەی‌لاوی کوردان
زۆر بە ناوبانگە لە ناو بوژان
بیتی شەش‌و حەوت بخەیتە لای سێ
بۆ پاکژی ئاو پێویستت دەبێ
٩ ، ١٢ ، ٤ ، ٦ ، ٥ خەرە بیزانە
بێ‌قاچو دەستە سوکو ئاسانە
١٣ ، ١٠ ، ٤ ، ١٤ ، ١٥ بۆ جوتیارانە
گەر لەویان نەبێ مالیان وێرانە
١ ، ٥ ، ١٥ ، هەر بۆ سەیانە
بەکارهێنانی هەرگیز گرانە
بیتی نۆ و هەشت جاری لە مانە
پێچەوانەی ئەو برسی‌بە بیزانە
١٥ ، ٧ ، ١١ ، زۆر ئاسانە
بە بێ ئەو دیارە رۆیی گرانە

هەولاتامەی کتێب